دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت
سەرنووسەر : محمد امین محمد

٨ لاپەڕە

هاوكاری

٢٥ فلس

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

● دووشەممە ٨ی ئایار ١٩٧٨ ژمارە ٤٢٥ ●

● الاثنین ٨ مایس ١٩٧٨ العدد ٤٢٥ ●

شۆڕشەکەتان بە ئامۆژگاری بیروباوەڕو بڕگەکانی حزبە سەرکردەکەی . لە ڕەفتارکردندا لەگەڵ جەماوەرو گیروگرفت و مەسەلەکانیدا ، ڕێبازی دیموکراتیانەی گرتۆتەبەر ، هەروەها بەرنامەی پتەوکردنی ڕیشەی هاوبەشیانی نێوان هەردوو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی گرتۆتەبەر لەسەر بەرنامەیەکی هاوکاری و دوورە مەودا .
سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر

سەرکۆماری سودانی دیموکراتی سەر لە وڵات دەدا

فیدایی یە فەلەستینی یەکان بارەگای سەرەك وەزیری زایۆنی دوژمن بۆمباباران دەکەن

گفتوگۆی نێوان سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو سەرۆکی سودانی دیموکراتی جعفر محمد نمیری

یانا دوێنێ نیوەڕۆ لەکۆشکی کۆماری گفتوگۆی ڕەسمی لە نێوان سەرۆکی بەڕێز احمدحسن البکرو سەرۆك جعفر محمد نمیری سەرۆکی کۆماری دیموکراتی سۆدان دادەستی پێ کرد .
لە لایەنی عیراقەوە بەڕێز طه یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری نیشتەجێ و ئاوەدان کردنەوەو وەزیری دەرەوە بەوەکالەت لە گەڵ بەڕێزان حامد علوان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەو عبدالحسین الجمالي وەکیلی وەزارەتی دەرەوە لە گفتوگۆکردنەکەدا ئامادەبوون .

لە لایەنی سۆدانیشەوە بەڕێزان الرشید الطاهر جێگری سەرکۆمارو وەزیری دەرەوە لەگەڵ ابو بکر عثمان محمد صالح وەزیری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و محمد محجوب ڕاوێژکاری ڕۆژنامە نووسیی سەرکۆماری سۆدان و باڵوێزی سۆدان لە بەغدا لە گفتوگۆکردنەکە ئامادەبوون .
هەروەها بەڕێز محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەی دەوڵەتانی عەرەب بیشیان لەگەڵدا ئامادەبوو .
لە گفتوگۆکردنەکەدا بارو دۆخی ئێستای عەرەبی و پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵاتی براو چۆنێتی پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە بە چەشنێك کە خزمەتی مەسەلەکانی نەتەوەی عەرەب بکا ، خرانە روو .
هەروەها دوێنێ نیوەڕۆ سەرۆك احمد حسن البکر خوانێکی گەورەی نانخواردنی بۆ سەرۆك جعفر محمد نمیری سەر کۆماری دیموکراتی سۆدان و وەفدەکەی لەگەڵیدا بوو پێکهێناو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش عزة ابراهیم وەزیری ناوخۆو طه یاسین رمضان وەزیری نیشتەجێ و ئاوەدان کردنەوە وەزیری دەرەوە بە وەکالەت لە خوانەکەدا ئامادەبوون .
هەروەها بەڕێزان حامد علوان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەو عبدالحسین الجمالي وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو بەڕێز باڵوێزی سۆدان لە بەغدا لەخوانەکەدا ئامادەبوون .
ئەوەی شایانی باسە دوێنێ نیوەڕۆ سەرۆك جعفر محمد نمیری سەرکۆماری دیموکراتی سۆدان بە سەرۆکایەتی وەفدێك بە سەردانێکی کورت بۆ وڵات گەیشتە بەغداو لە فڕۆکەخانەی بەغدا پێشوازییەکی ڕەسمی بۆ کراو بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر لە پێشی پێشوازی کەرەکانەوە بوو وکاتێ سەرەك نمیری لە فڕۆکەکە دابەزی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر دەستی کردە ملی و بەگەرمەوە بەخێرهاتنی کردو لە دواییدا سەرۆکی بەڕێزو میوانەکەی سەرکەوتنە سەر تەختی سڵاوکردن و هەردوو سڵاوی نیشتمانی عیراق و سۆدان لێدران و (٢١) گوللە تۆپ بۆ بەخێرهاتنی سەرەك نمیری تەقێنران .
لە پاشانا هەردوو سەرۆك بکرو نمیری یاساولی شەرەفیان پشکنی و لە دواییدا دوو منال لە منالانی بەغدا چەپکە گوڵیان پێشکەش سەرۆکە میوانەکە کرد . دوای ئەمە سەرۆك نمیری سڵاوی لە گەورە پێشوازییکەرەکانی کرد کە بریتی بوون لە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و فەریق روکنی یەکەم سەرۆکی ئەرکانی گشت هێزە چەکدارەکان و وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو پارێزگاری بەغداو بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و سەرۆکانی نێرراوە دیپلۆماسییە عەرەبی و بێگانەکان لە بەغدا . لە پاشانا بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو سەرۆك جعفر محمد نمیری فڕۆکەخانەی بەغدایان جێهێشت .
هەروەها بەڕێز محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبیش بەهەمان فڕۆکە گەیشتە بەغدا
هەروەها دوێنێ عەسر سەرۆك جعفر محمد نمیری سەرکۆماری دیموکراتی سۆدان و وەفدەکەی لەگەڵیابوو بەغدایان جێهێشت و بەرەو قاهیرە کەوتنە ڕێ ، دوای ئەوەی کە سەردانە کورتەکەی کە دەوری پێنج سەعاتی خایاند بۆ وڵات ، کۆتایی هات و لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە ڕەسمی بەڕێ کران و بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر لە پێشی بەڕێکەرەکانەوە بوو .

قەڵای دیان بیان فۆ دەکرێتە سەیرانگا

قەڵای دیان بیان فۆی بەناوبانگ دەگۆڕدرێ بە شوێنەوارێکی سەیرانگایی و پەیکەرێکی نیشانەی سەرکەوتنی گەورەیی لێ دادەمەزرێت وەك یادگارێکی ئەو شەڕە گەورەیەی ٢٤ ساڵ لەمەوبەر بوە هەوی دەرپەڕاندنی فەرەنساییەکان .
ئەو شوێنەو گردەکانی دەوروبەری کە گەورەترین سەرکەوتنی مەزنی هێزەکانی ڤێتنامی تیا هاتەدی ، میوانخانە ئەو فڕۆکەخانەی گەشت و سەیران و مۆزەخانەیەکی عەسکەری دروست دەکرێت .

قودسی داگیرکراو : ئا.د.ع

پیرێ شەو فیدایی یە عەرەبەکان بە ساروخ بۆمبابارانی بارەگای ڕەسمی مەناحیم بیگنی سەرەك وەزیرانی زایۆنی دوژمنیان کرد کە کەوتۆتە (ریهافیا) لە یەکێ لە گەڕەکەکانی شاری قودسی داگیرکراودا .
یونایتدپرێس لە سەرچاوەکانی پۆلیسی زایۆنی یەوە ڕایگەیاند کە ساروخەکان خانوویەکی تەنشیت بارەگاکەیان ڕووخاندوە ، بەڵام هێشتا ئەوە روون نەبۆتەوە کە ئاخۆ لە ئەنجامی ئەو بۆمبابارانەدا چەند کەس پێکراون .
هەروەها دەستەپەجێ هێزەکانی زایۆنی داگیرکەر کەوتنە گەمارودان و پشکنینی ناوچەکە بەدوای فیدایی یەکاندا . ڕۆیتەر دەڵێ ، پۆلیسی دوژمن لەو بڕوایەدایە کە ئەو ساروخانە لە ژووروی قودسی داگیرکراوەوە هاوێژراون .
ئەوەی شایانی باسە ئێستا بیگن لە ئەمەریکایە بۆ کۆکردنەوەی پیتاك بۆ قەوارەی زایۆنی .

شۆڕشگێڕانی بەرەی مۆرۆ هێرش دەبەنە سەر دوو مەڵبەندی حکومەتی فلیپین

مانێللا : ئا.د.ع
پێرێ لە مانێللا بڵاوکرایەوە کە شۆڕشگێڕانی بەرەی ڕزگاری گەلی مۆرۆ بە نارنجۆك هەڵیان کوتاوەتە سەر دوو مەڵبەندی حکومەت لە دوو شاری دوورگەی باسیلاند لە خوارووی فلیپین و بەلانی کەمەوە سێ کەس لە هێرشەکەدا کوژراون .
ئەو هێرشەش لە کاتێکدایەی کە هێزەکانی فلیپین هەڵدەکوتنە سەر شۆڕشگێڕەکان لە ناوچە شاخاوی یەکانی دوورگەکەدا چونکە شۆڕشگێڕەکان سەدو پەنجا سەرباز و ئەفسەری فلیپینی یان لە ئەنجامی هێرش بردنێکدا گرتوە کە لە هەفتەی ڕابوردوودا کردویانەتە سەر پاپۆڕێکی جەنگی لە کەنداوی زامبۆنگادا .

● ●

دوامەوالی ئەلدۆ مۆرۆ لە نامەیەکدا بۆ خێزانەکەی

ڕۆما ـ ئا.د.ع :
ڕۆژنامەی « تمبو »ی ئیتالیایی دوێنێ نامەیەکی دۆعا خوازی ئەلدۆ مۆرۆی بڵاوکردۆتەوە کە بۆ ژنەکەیی ناردوە .
لەو نامەیەدا مۆرۆ بە ئەلیونۆرای خێزانی گەیاندوە کە ڕفێنەرەکانی بڕیاریان داوە بیکوژن و بەم زووانەش بڕیارەکەیان جێبەجێ ئەکەن .
پۆلیس و خێزانەکەی مۆرۆ ئەم هەواڵەیان بە درۆ نەخستۆتەوە ، بەڵام ڕۆژنامەی « لاریبا بلیکا »ی ئۆرگانی سۆشیالیستەکانی ئیتالیا وتویە دوای ئەم نامەیە خێزانەکەی مۆرۆ داوای لە حکومەتی ئیتالیا کردوە کە هەر هیچ نەبێ یەکێك لە گیراوەکانی کۆمەڵەی ئاڵای سوور بەربدا وەك زامنێك بۆ سەلامەتی مۆرۆ .

● ●

حکومەتی تورکیا نرخی دراوی خۆی کەم دەکاتەوە

دوێنێ حکومەتی تورکیا بڕیاریدا نرخی دراوی ڕەسمی خۆی بەرانبەر هەشت دراوی ئەوروپایی کەم بکاتەوە .. لە بەیاننامەکەدا کە دوێنێ بڵاوکرایەوە ڕاگەیەنرا کە نرخی لیرەی تورکی بەرانبەر دۆلارو جونەیهی ئەستەرلینی هیچ گۆڕانی بەسەردا نایەت . شایانی باسەکە کە مترین ڕێژە لە کەم کردنەوەدا ٨٩ر١٪و بەرزترین ڕێژەشی ٧١ر٤٪و ئەمەش شلنی نەمساوی و مارکی ئەڵمانی و فرەنکی بەلجیکی و فەرەنسی و سویسری و کرۆنی دانمارکی و سویدی و فلۆرینی هۆڵەندی دەگرێتەوە .. بەپێی ئەو بەیاننامە حکومیە نرخی لیرەی تورکی ٢٪ بەنیسبەت دۆلاری کەنەدی زیاد دەکرێت .

بەڕێز صدام حسین پێشوازی کاربەدەستێکی کوبا دەکا

پاش نیوەڕوی ڕۆژی یەكشەممەی ڕابوردوو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بارەگای تایبەتی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازیی بەڕێز ئارنستۆمیلنیکس سەرۆکی لیژنەی هاوکاری ئابووری وڵاتانی بێگانە لە کوباو وەفدەکەی تەکی کردووە .
بەڕێز میلنیکس سڵاوی دکتۆر فیدل کاسترۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی کوباو دکتۆر کارلۆس روفائیل رودریگز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕاگەیاندووە .
بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بەڕێز میلنیکس ڕاسپاردووە کە سڵاوی بە دکتۆر کاسترۆو دکتۆر رودریگز بگەیەنێت لەگەڵ خواستی بە پێشکەوتن و گەشە کردنی گەلی کوبا . پاش ئەوە باسی پەیوەندی هاوکاری و دۆستایەتی نێوان هەردوو وڵات کرا .. لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز منذر عریم وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو هەڵسوڕێنەری کاروباری کوبا لە بەغدا ئامادە بوون .

بەڕێز طه محی الدین : سڵاوی سەرۆکی فەرماندەو سەرکردایەتی سیاسی ب.ە سەرۆك و گەلی مۆریتانیا دەگەیێنێ

نواکشوت : ئا.د.ع
پێرێ ئێوارە لە مەڵبەندی ئەمانەتی هەمیشەیی حزبی گەلی مۆریتانیا دوا کۆبوونەوەی گفتوگۆکانی عیراق و مۆریتانیا بەسەرۆکایەتی بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرکۆمارو بەڕێز احمد بن محمد صالح ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی گەلی مۆریتانیاو وەزیری ئازووقەو گواستنەوە کرا . لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز بن محمد صالح خۆشهاتنی لە بەڕێز جێگری سەرکۆمارو ئەو وەفدە کرد کە لەگەڵیدایەو وتی ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی مێژوویی و دووپات کەرەوەی قووڵی پەیوەندی یەکانی نێوان گەلی عەرەبە لە عیراق و مۆریتانیادا . هەروەها ئارەزووی مۆریتانیای دووپات کردەوە لە پتەو کردن و دامەزراندنی پەیوەندی بەهێز لەنێوان هەر دوو حزب و وڵاتی برادا .
ئینجا پەنجەی بۆ جێگەی ستراتیژی مۆریتانیا درێژ کردو وتی : مۆریتانیا نیشتمانی عەرەب و ئەفەریقیا پێکەوە ئەلکێنێ و وڵاتەکەی سیاسەتی خۆش دراوسێیەتی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی تەنگوچەڵەمەکان پەیڕەو دەکات .. هەروەها دووبارە ئارەزووی وڵاتەکەی دووپات کردەوە لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عیراقدا لە هەموو بوارەکاندا و سوپاسی گەل و حکومەتی مۆریتانیای دەربڕی بۆ ئەو پشتگیرییەی کە عیراق لە بوارە ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی یەکاندا لە مۆریتانیای کردووە .
پاش ئەوە بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرکۆمار قسەی کردوو سوپاسی خۆی بۆ گەل و حکومەتی مۆریتانیاو سەرکۆماری مۆریتانیا دەربڕی بۆ ئەو پێشوازییەی کە لە وەفدەکە کرا.وە بەشێوەکانی میللی و ڕەسمی و حزبی کە نیشانەی قووڵی پەیوەندییە دۆستانەکان و پێشکەوتن و پەرەسەندنیانە . بەڕێز معروف سڵاوی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو گەلی عیراق و سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕشی بە سەرۆك مختار ولدداده ڕاگەیاندوو ئارەزووی ڕاستەقینەی عیراقی دووپات کردەوە لە بەردەوامی پەیوەندییە برایەتیەکان لەگەڵ وڵاتی مۆریتانیای برا لەهەموو بوارەکاندا .
ئینجا باسی ئەو دەسکەوتانەی کرد کە بۆ گەلی عیراق وەدی هاتوون بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و بەو پەیوەندیانەی دا هەڵدا کە لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و حزبی گەلی مۆریتانیا هەیەو لەم بارەیەوە ئامادەیی عیراقی دەربڕی بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی لە بواری ڕۆشنبیری و ئابووری و بازرگانی و ئاڵوگۆڕ کردنی زەمالەی خوێندندا .
بەڕێز معروف باسی ئەو مەبدەئە بنەڕەتیانەی کرد کە لە سیاسەتی دەرەوەماندا و لە بواری عەرەبی و نێو دەوڵەتاندا پەیڕەویان لێ دەکرێ و ئەوەی دووپات کردەوە کە لەو سیاسەتەدا مەسەلەی فەلەستین بە مەسەلەی بنەڕەتی ناوەندی دادەنرێ .. پاشان ئەم سەرو ئەوسەری ئەو نەخشە پیلانکاریانەی باس کرد کە دژی مەسەلەی فەلەستین لە مەیدانی عەرەبیدا دەکرێ و پەنجەی بۆ ئەو هەوڵ و تەقەلایەدا کێشا کە عیراق داویەتی لە پێناوی دامەزراندنی بەرەی خۆڕاگرتن و ڕزگارکردنداو ئەو پەیماننامەیەی کە وڵاتەکەمان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەشی کرد .
بەڕێز معروف پەنجەی بۆ ئەو یارمەتیانەش کێشا کە گەلی عیراق پێشکەشی گەلی لوبنان و فەلەستینی کردووە لە خوارووی لوبنان لە کاتی دەستدرێژییە زایۆنیەکانی ئەم دواییەداو وتی ئەم پیلانە ئەم سەرو ئەوسەرێکی بەرینی هەیەو ئەوە دەخاتە سەر گەلی عەرەب کە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی خۆی یەك بخات .. بەڕێز جێگری سەرکۆمار سەرجەمی هەڵوێستەکانی عیراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبەکانیشدا دەرخست .
سەبارەت ئەفەریقاش وتی ئەفەریقاییەکان بەلای عیراقەوە جێگایەکی تایبەتیان هەیە بۆیە عیراق هەوڵ دەداتو ئاواتەخوازی ئەوەیە هاریکاری و کار ڕێکخستنی زیاتر لە نێوان وڵاتە عەرەبی و ئەفەریقاییەکاندا هەبێ و بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەم دواییەی سەرۆکانی وڵاتە ئەفەریقاییەکان بکرێنە بنەڕەت بۆ بەرین کردنەوەو پێشخستنی ئەم پەیوەندییانە .
بەڕێز معروف دووپاتی کردەوە کەوا عراق پابەندە بە بنەڕەتی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانییەوە ، ئەوانەش بزوتنەوە ئەفەریقاییەکان و ، هەموو جۆرە یارمەتیی کیان پێشکەش دەکات . هەروەها هەڵوێستو پشتگیری عیراقی لە شۆڕشی ئەریتریا دووپات کردەوە .. لە کۆتاییدا بەڕێز محمد صالح ستایشی ئاکامەکانی سەردانەکەی کردوو دووپاتی کردەوە کە هەڵوێستی هەردوو وڵاتی برا وەك یەکوایە .
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ڕێکەوتنامەیەکی بازرگانی لە نێو هەردوو وڵاتدا مۆرکراو بریتیە لە ڕێکاخۆشکردن بۆ کەلو پەل گۆڕینەوەو سازکردنی پێشانگای گشتی و تایبەتی بازرگانی و کردنەوەی مەڵبەندە بازرگانی یەکان لە هەردوو وڵاتدا .. هەروەها ڕێکەوتنامەکە هەندێ ئیمتیازاتی داوە بە کەلو پەلی مۆریتانی و عیراقی کە ڕێژەی دەسکردی نیشتمانی لە ناویدا لە ٥٠٪ لە هەمان کاتدا لیژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو وڵاتدا پێك دەهێنرێت و بە نۆرە لە بەغداو نواکشوت کۆدەبێتەوە بۆ جێبەجێ هێنانی ڕێکەوتنامەکە بە شێوەیەکی پوختو درست .

سەرەك کۆماری گینیا سەر لە نایجیریا دەدا

کۆناکری : ئا.د.ع
ڕۆژی هەینی داهاتوو سەرەك گینیا احمد سیکوتوری بەسەردانێکی ڕەسمی کە چەند ڕۆژێك دەخایەنێ سەر لە نایجیریا دەداو لە سەردانەکەیدا سەبارەت بە پەیوەندی هاوکاری نێوان هەر دوو وڵات و ئەو مەسەلە ئەفەریقایی و دەوڵەتیانەی بە لای هەر دولایانەوە گرنگن ، لە گەڵ حکومەتی نایجیریادا دەدوێ .

Institut kurde de Paris

بۆگەنی و بەرتیل خۆری سەریان کردۆتە ناو سوپای دوژمنەوە

که ڕۆفائیل ئیتان لەجیاتی موردەخای گوور کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای زایۆنی دوژمن ، لەبەر ئەوەی گوور ماوەی خزمەتی تەواو ببوبوو، کۆمەڵە تاوانێك خرایە پاڵ ئەمەی دواییان لەبارەی ڕووخانی وورەی هێزەکانی دوژمن و نەمانی دیسپلین و دەربەستی بەفەرمانە سەربازیەکانەوە تێیدا کە بوون بە هۆی کوژراو و بریندارێکی زۆر و گرتنی کۆمەڵێك بە یەخسیر بەتایبەتی لە دەستدرێژیە زایۆنیەکەی سەر خواروی لوبناندا .

راپۆرتێکی هەواڵنێری ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەر لە فەلەستینی داگیرکراوەوە ، پەردەی لەسەر هەندێ « کرداری زۆرتر سناك » (کەوشەیەکە لەلایەن کاربەدەستێکی زایۆنیەوە بەکار هێنراوە) لە ناو دەزگا سەربازیە زایۆنیەکەدا هەڵمالیوە .

راپۆرتەکە ، کە یەکسەر دوا بەدوای هاتنە سەرکاری ئیتان نوسراوە ، دەڵێ : پێویستیە ئیتان ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات کە بەشێوەیەکی فراوان بەنزم بوونەوەی دیسپلین لەناو سەرتابە خواری سوپاداو بڵاوبوونەوەی دزی و بەرتیل خۆری و پاراستنی جەتەی مەدەنی و بەکارهێنانی بێهۆشکەر لەنێوان سەربازان و ئەفسەراندا و پەرەسەندنی جیاوازی چینایەتی و بێباوەڕی بەدوارۆژ ، لێك درایەوە .

دوو ڕۆژ پاش هێرش هێنانە زایۆنیەکە بۆ سەر خواروی لوبنان ، دەزگاکانی وەرگرتنی بەرگری فەلەستین ، فەرمانێکی ڕۆژانەیان لە سەرکردایەتی هێزەکانی پشت جەبهەی دوژمنەوە وەرگرت ، بۆ هەموو کەسانی سەربەو هێزانە کە تەقەبکەن لەهەر سەربازێك یان ئەفسەرێك کەهەوڵی ڕاکردن لەمەیدانی شەڕیدا ، ئەمە بەڵگەی یەکێکە لەو وەزعی بێ‌دیسپلینی ووره بەردانانەی کە ئێستا لەناو هێزە زایۆنیەکاندا باوە .

بەڵگەیەکی تر لە سەر بۆگەنیی ناوخۆی ئەم دەزگا شەر فرۆشانەیە ـ ئەگەر چی یەکەم بەڵگە نیە لەم بارەیەوە ـ ئەوەیە تەنانەت عیزرا وایزمانی وەزیر جەنگی زایۆنی خۆی نەیتوانی بیشارێتەوەو ناچارانە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی‌دا کە شەوی چواردەی مانگی ڕابردوو گرتی ، پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە هێزەکانی لە دیهاتەکانی خواروی لوبناندا تاڵان و دزیەتیەکی زۆریان کردوە .

پەردە لەسەر شتێکی تریش ڕامالرا کە ئێستا ڕۆژنامەکانی دوژمن کەوتوونەتەباس کردنی تا ساڵی ١٩٦٨ ، ڕۆژنامەی « جیروزالیم پۆست » بە شانازیەوە دەیگوت هیچ ڕاپۆرتێك لە ئارادا نیە کە باسی بە زۆر لاقەکردن بکات ، کە چی ئەمڕۆ ، پاش دەساڵ ، زۆر باوە تێیدا باسی بەزۆر لاقەکردن بخوێنیتەوە لەلایەن سەربازە زایۆنیەکانەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتە گەڕیدە بێگانەکاندا . هەندێ جار ئەم سەربازانە بەلاقەکردنەوە ناوەستن ، بەڵکو نێچرەکەیان ئەکوژن و هەرچیەکیشی هەیە تاڵانی ئەکەن .

کاتێك دەبینین و چاو بە مێژووی ئەم دەزگا سوپاییە زایۆنیەدا دەگێڕین و ئەو ڕاپۆرتانە دەخوێنینەوە کە لەبارەیەوە نووسراون ، دەبینین کەوا نیسبەتی خۆکوشتن و تاوانکردن ، پاش شەڕی تشرینی ٩٧٣ ، زیاتر بەرز بۆتەوە . ئەمە جگە لە بۆگەنی و هەڵوەشاوی و بێ سەروبەرەیی ناو کۆمەڵگای زایۆنی بە جۆرێکی گشتی ، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەناو سوپای دوژمندا ڕەنگی داوەتەوە .. شارەزا زایۆنیەکان ، شتێکی تریان کەوتۆتە بەرچاو ، ئەویش بێ نەزمی و بەرەڵایی و پەیوەندی خرابی نێوان سەربازان و ئەفسەرانە (ڕێژەی نێوان ئەفسەران و سەربازان لەسوپای زایۆنیدا ، گەورەترین ڕێژەیە لە جیهاندا) .

لە دەست درێژیەکەی حوزەیرانی «١٩٦٧»ەوە دوای ئەوە ، لە شکانی خەتی بەناوبانگی بارلێفەوە ساڵی ٩٧٣ ، هەستێك لە دڵی سەربازە زایۆنیەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە ئەسێنێ ، بەوەی کەوا لە جەنگەکانیاندا دۆڕاون لەبارەی سیاسیەوەو ئەوان نرخێکی زۆر گران دەدەن لە پێناوی پەل هاوێژی و تەماعکاریدا . بۆ نموونە ، پاش ڕووخانی خەتی بارلێف کە نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن دۆلاری تێچوو قونتەراتچیەکان بەدەست تێکەڵاوی لەگەڵ کاربەدەستە سەربازیەکاندا قازانجێکی زۆریان لێ‌کرد ، نوکتەیەك بڵاوبوەوە دەڵێ (خەتی بارلێف ڕۆیشت و تەنها قازانجی قونتەراتچیەکانی مایەوە) .

لەم بارەیەوە ، دووبارە دەچینەوە سەر ئەو فایلە ڕەسمیەی ئیسحاق ئینزاهل ئەندامی ئەو لیژنەیە ئامادەی کردوە کەلەم دواییەدا کنیستی زایۆنی پێکی‌هێنا بۆ کۆڵینەوە لەبارەی هەندێ ڕووداوی ـ نایاسایی ـ یەوەکە لە هەندێ ئەفسەرو سەرباز رووی داوەو لەژێر ناوی دەست بڵاوی و نەخشەکێشانی خراپدا بڵاوکراوەتەوە .

لەو ڕاپۆرتەدا ، ئینزاهل ڕەخنە لە هەردوو وەزارەتی جەنگ و دارایی دوژمن دەگرێ پاش ئەوەی شارەزایان بەووردی چاویان بە کۆگاکانی لەشکرو قەوماندا گێڕا بۆیان دەرکەوت کە ئەم کۆگایانە بەگوێرەی ئەو ڕێ‌وشوێنانەی دانراون ، رێك نەخراون .. جگە لەمە ، ڕاپۆرتەکە باسی هەندێ دزیەتی کردوە کە لە ملیۆنەها لیرە تێ‌پەڕیون و هەندێ دزیەتی‌کردوە کە لەملیۆنەها لیرە تی‌پەڕیون و هەندێ کرداری دەست بڵاوی کە هەمان ژمارە ئەگرنەوە .

لەبارەی وەزارەتی داراییشەوە ، ڕاپۆرتەکە دەڵێ بودجەی ساڵی ٩٧٥ بەخراپی نەخشەکێش‌کراوەو وەزارەتی دارایی بودجەیەکی ڕاستەقینەی پێشکەش نەکردوەو لەبارەی کەمکردنەوەی خەرج و مەسرەفی حکومەتەوە هیچی نەکردوە .

ئەم سەرۆکی ئەرکانە نوێ‌یە کێ‌یە ؟

ڕۆفائیل ئیلیاهو ئیتان ، کە برادەرانی ناو سوپای بە جەنەراڵ رفول بانگی ئەکەن ، لەساڵی ١٩٢٩دا لە (مستوطنه) یەکی نزیك شاری ناصرە لەدایك بوە .

لە حەڤدە ساڵی‌دا چوە پاڵ چەتەکانی بالماخ ـ کە دەستەیەکی سەر بەرێکخراوی تیروریستی‌ی هاغانا بوو ـ و لە چەند شەڕی دژبە شۆڕشگێڕە فەلەستینیەکاندا بەشداری کردو لە یەکێکیاندا بەسەختی بریندار بوو .

لە ساڵی (٩٥١)دا گەڕایەوە بۆ سوپاو لەپلە سوپاییەکاندا ڕۆیشت ، تاکو پاش جەنگی ساڵی ٩٧٣ کرابە فەرماندەی جەبهەی زووروو پاش ئەوە کرا بە سەرۆکی زووری (عملیات) لە سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی‌دا .

ناوی تێکەڵ بوو لەگەڵ دەست درێژیەکەی ساڵی ٩٦٨ی سەر فرۆکەخانەی بیروت و ئەو تاوانەی هێزە زایۆنیەکان کردیان و مەبەستی ژیانی شەهیدان کمال ناصرو کمال عدوان و محمد یوسف النجار بوو لە ساڵی ٩٧٣ .

لە شانزەی مانگی نیسانی ڕابردوودا ، ئیتان کرابە سەرۆکی ئەرکانی سوپای دوژمن ، بەپشتگیری عزرا وایزمانی وەزیری جەنگی دوژمن کە ئیتان بە برادەرێکی هەرە نزیکی دادەنرێ .

لە ڕۆژنامەی « الثورة »وە وەرگێڕراوە

ریپۆرتاژێکی خەبەری :

دەربارەی دۆخی تازەی ئەفغانستان

ڕۆژی پێنج شەممەرێکەوتی ٢٧ـ٤ـ١٩٧٨ ئاژانسەکانی دەنگوباس هەواڵی کودتا عەسکەری یەکەی ئەفغانستانیان بڵاوکردەوە ، بۆماوەی دووسێ ڕۆژ دنیای دەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەباری نێو خۆی ئەو وڵاتەو سروشتی کودتا نوێ‌یەکەی بێ‌خەبەر بوو . بەڵام ئەم وەزعەزۆری نەخایاند و بەرەبەرە نوێنەرانی ڕۆژنامەو ڕادیوو تەلەفزیۆنەکانی هەندەران دۆخی تازەی ئەفغانستانیان بۆ خەڵکی جیهان ڕوون‌کردەوە . لێرەدا دەمانەوێ ئەوەی تا ئامادەکردنی ئەم ریپۆرتاژە لەو بارەوە زانراوە بخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکانی « هاوکاری » .

قسەکەرێکی حیزبی دیموکراتی گەلی ئەفغانستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی « باتریوت » ی هیندستان گوتوویە دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی ڕابردوودا اکبر خیبر سەرۆکی نیقابەکان کوژرا ، سەدان هەزار کەس لەخەڵکی ئەفغانستان بۆ بێزاری دەربڕین لەو ڕووداوە لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکادا کۆبوونەوە .. بەڵام حکوومەت دەستی‌کرد بەگرتنی خەڵك و ژمارەیەکی زۆری ڕەوانەی بەندیخانەکردن کەیەکێك لەوان (نور محمد تراکی) بوو کە ئێستا بۆتە سەرکۆمار . ڕۆژی ٢٦ی نیسان خەڵك لەمەیدانی مەرکەزی‌ی کابولی پایتەختدا کۆبوونەوەو داوای بەرەڵاکردنی گیراوە سیاسیەکانیان کرد ، بەڵام سەرۆکی پێشوو محمد داود کۆبوونەوەیەکی کتوپڕی وەزارەتەکەی پێك‌هێناو داوای کرد کە هێزێکی سوپایی بنێردرێ بۆ گەمارۆدانی خۆپیشاندەران کە دەیانەویست بڕۆن بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی .

بەدوای ئەمەدا فەرمان درا کە تەقە لەخۆپیشاندەران بکرێ ، بەڵام لوولەی تفەنگەکان کرایە کۆشکی سەرکۆمارو پاشانیش لەنزیك کۆشك تانکەکان کەوتنە کار .

قسەکەرەکە گوتوویە سەرۆك داودو چوارکەسی تر لە کاربەدەستان کە ئامادە نەبوون خۆ بەدەستەوە بدەن کوژراون ، بەڵام ئەو خەبەرەی وە درۆخستەوە کە هەرسێ کوڕەکەی سەرۆك داود لە بەرچاوی خۆی کوژراون .

پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی یۆگوسلافیا گوتوویە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەسواری یەکەم فرۆکە کە لە پاکستانەوە هاتوە گەیشتوونە ئەفغانستان هیچ شوێنەوارێکی خەرابکاری و وێرانکردنیان لە فرۆکەخانەدا نەدیتوە .

ئەو پەیامنێرە گوتوویە نوێنەرانی حکوومەتی دیموکراتی‌ی ئەفغانستان بەتوندو تۆڵی کەوتوونە ڕوون‌کردنەوەی ئامانجەکانی حکوومەتی تازە بۆ کۆمەڵانی خەڵك . هەروەها گوتوویە لەبەرئەوەی لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی نیسانەوە ڕۆژنامەکان دەرنەچووبوون ئەو ڕوون‌کردنەوەیە شتێکی زۆر پێویست بوو . نوێنەرانی حکوومەتی تازە ڕایانگەیاندوە کە کوژرانی سەرۆکی حیزبی گەل و ئەو خۆپیشاندانەی لەسەری سازبوو هۆی خێرایی بەرپابوونی شۆڕش‌بوون .

ئاژانسی « تانیوگ » ی یۆگوسلافیا گوتوویە تەنیا یەك ڕۆژ دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو ژمارەیەکی زۆر لەگیراوە سیاسیەکان بەرەڵاکراون کە ئێستا ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی کۆماری کە ٦٤ ئەندامی هەیەو وەزارەتی تازە کە ٢٤ وەزیری تێدایە لەوان پێك‌هاتوون .

ئەو ئاژانسە هەروەها گوتوویە لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش هەندێ تانك لە شەقامەکاندا دەبینرێن و بەشەو هاتو چۆکردن قەدەغەیە ، بەڵام دۆخی ئاسایی گەڕاوەتەوە ئەفغانستان و دوکان و قوتابخانەکان کراونەوەو هاونیشتمانان چوونەوە سەرکارو کاسبی خۆیان .

بەدوای سەرکەوتنی بزووتنەوە عەسکەری‌یەکەو ڕووخانی حکومەتی سەرۆك محمد داوددا حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی (نور محمد تراکی) سکرتێری پێشووی حیزبی کومونیستی ئەفغانستان پێك‌هات . هەروەها ئەنجومەنێکی شۆڕشیش دامەزرا کە نور محمد تراکی سەرۆکایەتی دەکاو ئەنجومەنی وەزیرانیش هەر بە سەرۆکایەتی سەرکۆماری تازە دامەزراوە .

ڕادیۆی گشت هیندستان لەزمان ڕادیۆی ئەفغانستانەوە بڵاوی‌کردەوە کە بدراس جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیر کراوە بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش و حافظ الله جێگری دووەمی سەرۆك وەزیر کراوە بەوەزیری کارو باری دەرەوەو محمد اسلم جێگری سێیەمیش بووە بەوەزیری پەیوەستی (المواصلات)و داغروال عبدالقادر سەرکردەی کودتا عەسکەری‌یەکەش کراوە بەوەزیری بەرگری .

ڕادیۆکە گوتوویە ئەنجومەن بۆ کاربەدەستانی تازەی چوار پارێزگای قەندەهارو بەختیارو بەلخ و نان‌برهاش دامەزراوە .

لەلایەکی ترەوە ناوی ڕەسمی‌ی ئەفغانستان کراوە بە (کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان)و ڕۆژی یەکی ئایاریش کراوە بە ڕۆژی یادکردنەوەی ڕووداوی ڕۆژی ٢٧ی نیسان ، ئەو ڕۆژەی کە ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی تێدا دامەزراوە . ڕادیۆی کابول بەبۆنەی یەکی ئایارەوە سڵاو لەچینی کرێکاری ئەفغانستان و تێکڕای جیهان کردو گوتی شۆڕش دەستەبەری ئەوە دەبێ کە سەرچاوەکانی سامان و دارایی وڵات ببن بەملکی جەماوەر .

لەلایەکی ترەوە دۆخی تازەی ئەفغانستان سەرنجی حکوومەتانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو بەرەبەرە دەوڵەتەکان حکوومەتی تازەی ئەفغانستان بەرەسمی دەناسن ئەوەی شایانی باسە یەکێتی سۆڤیێتی یەکەمین دەوڵەت بوو کە کۆماری دیموکراتی ئەفغانستانی بەرەسمی ناسی‌و لەدوای ئەویش بولگاریاو کوباو هیندستان و کۆماری سۆشیالیستی‌ی ڤێتنام و یۆگوسلافیا حکوومەتی تازەیان بەرەسمی ناسی .

لەلایەکی ترەوە ، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ، ئەنجومەنی وەزیرانی ئەفغانستان کە پاش کودتایەکی ئەم دواییە دروست‌بوو ، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی کرد بەسەرۆکایەتی نور محمد تراکی سەرۆکی ئەنجومەنی

بڕوانە ل ـ ٧

سەربازانی ئەمریکایی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا

نووسراوی ژێرەوە ، واقیعەتێکە لە بارەی ژیانی سەربازانی ئەمریکایی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە لە گۆڤاری « فایناتشال تایمز »دا بڵاو کراوەتەوە .

« ئەوەش یەکێك لە گاڵتەکانی زەمانەیە کە پیاوە پیرەکانی ئێستای ئەڵمانیا بە منداڵی ئاداس و نوقلیان لەسەر بازە کۆك و پۆشتەکانی ئەڵمانی وەردەگرت . بەڵام ئەمڕۆ بۆ یارمەتی بە مندال و خێزانی بێ پارەی ئەمریکایی چێشت و خواردەمەنی دەنێرن . کەم‌بوونەوەی نرخی دۆلار لە ئەڵمانیا هێزەکانی ئەمریکایی لەم وڵاتە تووشی وەزعێکی شپرزە کردوەو ورەی سەربازانی ئەمریکایی ئەوەندە کزو بێ هێز بوە کە هاوپەیمانەکانی ناتۆی نیگەران کردوە .

ئەو سەردەمە ڕابرد کە دۆلارێکی ئەمریکایی بە چوار مارکی ئەڵمانی بگۆڕنەوەو عەریفێکی ئەمریکایی ژیانی لە مودیر بانکێکی ئەڵمانی باشتر بێ . ئێستا سەربازانی ئەمریکایی لە ئەڵمان زۆر کەم لە هۆردوگایەکانیان دێنە دەرو دەچنە نێو خەڵك . ئەگەر بچنە نێو خەڵکیش ، سواری سەیارەی کۆن دەبن و بە زەحمەت دەتوانن خۆ لە پۆلیسی ئەڵمانیا بشارنەوە . سەیارە درێژو جوانەکانی ئەمریکایی یادیان بەخێر .

هەرچەندە ئیتر ئەو ئەمریکایی یە دەست و دڵ ئاواڵە نەماوە ، بەڵام دیسان نرخی پێشووی دۆلار (دوو مارك و نیو) تا ڕادەیەك ژیانی سەربازی ئەمریکایی رێك‌و پێك دەکرد . بەڵام لەوەتا دۆلار بۆتە دوو مارک ، ئیتر بە زەحمەت دەتوانن بەتێرو تەسەلی بژین ، لە ڕاستی‌دا ئێستا ئەمریکایی فەقیر بوون .

ئەمریکایی خۆش بەخت ئەوکەسەیە کە لە ئەڵمانیا لە نێو سەربازخانەکانی ئەمریکایی‌دا خانوو جێگای هەبێ ، چونکە کرێ خانوو ناداو لە فرۆشگای دەوڵەتی شتوومەك بە هەرزان دەکڕێ . سەربازە سەڵت و ڕەبەنەکانیش هەر بە ئابووری دۆلار دەژین ، چونکە لە سەربازخانە دەخەون . لێ‌قەوماوەکانی لەشکری ئەمریکا ئەو کەسانەن کە سەبارەت بە ڕابردووی خزمەتیان بۆ ئەورووپا دەنێردرێن و موخاریجی گرانی ئازوخەو دوور لە وڵاتیش وەردەگرن . بەڵام ئەوانە دەبێ کرێی خانوو کارەباو گەرمایی و تەلەفوون بدەن . کە دۆلار دەگۆڕنەوە هیچیان بۆ نامێنێتەوە دەستەیەکی‌تر کە ئەفسەری پایە نزمن ، وەزعیان لەوانەش خەراپترە . زۆر کەس لەوانە کە ژن و مندالیان بۆ ئەورووپا دێنن ، بە نرخی ئێستای دۆلار ژیانیان بە جۆرێك شپرزە دەبێ ، بە تایبەتی ئەگەر ژنەکانیان کار نەکەن .

خەڵکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زۆریان ئاگا لە وەزعی ناڵەباری ئەوانە نیە . بەڵام ژمارەیەکی کەم لە چارەڕەشی ئەو ئەمریکاییانە ئاگادارن . ئەوانە نەك هەر هاودەردی‌یان لەگەڵ دەکەن ، بەڵکوو خواردەمەنی و دیاریشیان بۆ دەبەن ، یارمەتیان پێ دەکەن ، کرێ خانوویان بۆ کەم دەکەنەوە ، تەنانەت یارمەتیان بۆ کۆدەکەنەوە .

لە باڤاریا ، لە شاری نوکس بۆرگ قەشەیەکی عەسکەری بۆ کڕینی پاسێك پارەی کۆکردەوە تا خێزانی ئەمریکاییەکان لە گەڕەکی دوورەوە بگەیەنێتە فرۆشگای عەسکەری و بتوانن شت بە هەرزانتر بکڕن . چونکە زۆربەیان ناتوانن کرێی هاتوو چۆی پاس بدەن . کاتێکی خەڵکی نوکس بۆرگ خەبەریان زانی سندووقی یارمەتیان پڕکرد . کابرایەك مینی بۆسێکی فۆلکس واگۆنی کۆنی بە خۆڕایی دانێ . سەربازو ئەفسەری ئاساییش یارمەتیان پێ دەکرێ . لەشکرێکی دروشمی ئەوەیە « خۆی دەبێ خۆی بەختیو کا » ، سەرشۆڕ بوە . لەبەر ڕیسوایی قەشەکەیان لە لەشکر دەرکرد .

ژەنراڵ ئەلیکسەندر هێگ فەرماندەی بەرزی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئەورووپا لەم دواییانەدا گوتبووی !! تەنگ و چەڵەمەی ماڵی و زیان بۆ سەربازو ئەفسەرانی ئەمریکایی ، بۆ ورەی عەسکەری زیانی زۆرە . ناوبراو لە بارەی دانی دیاری و یارمەتی بە سەربازانی ئەمریکایی گوتی : « من شانازی بەو یارمەتیانە ناکەم » . هێندێ لە فەرماندەکان یاسای عەسکەری‌یان لە ژێر پێ ناوە . ڕێگایان داوە پاسە عەسکەریەکان ژن و منداڵی سەربازو ئەفسەران بۆ فرۆشگا بەرێ .

هەرچەندە لە هەوڵی مانگی

بڕوانە ل ـ ٧

ڕۆژنامەی (التحریر)

ڕژێمی سوریا یەکێك لەخەتەرترین ڕژێمەکانە

ڕۆژنامەی « التحریر » ئۆرگانی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سوریا نووسیویە ئاڵۆگۆڕی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەی عەرەبی ئەو زەلکاوەیان دەرخست کە حافظ اسد لە دۆراندنی مەسەلەی نەتەوایەتی و خاکی عەرەبداتێ‌ی کەوتوە .

ڕۆژنامەکە لە دوا ژمارەی خۆیدا کە لە سوریا بڵاوکراوەتەوە نووسیویە ڕژێمی حافظ اسد نەك هەر ئامادەیە سات‌وسەودا لەسەر جۆلان و مەسەلەی فەلەستین بکا ، بەڵکوو ئامادە نیە بەرهەڵستی چاوچنۆکی و نەخشەکانی دوژمن بکا تەنانەت ئەگەر بەشێکی تازەش لە خاکی عەرەب لە دەست بچێ .

ئەو ڕۆژنامەیە گوتوویە ئەمە لەکاتێکدا دەرکەوت کە هێزە زایۆنیەکان لە پێش چاوی ئەو هێزانەی ڕژێمی سوریا لە لوبنانی خزاندوون ، پەلاماری خواروی لوبنانیان داو بیروت و دەوروبەرەکەی بەفرۆکەی زایۆنی بۆمباران کرا ، بەڵام هێزەکانی سوریا بەفەرمانی حافظ اسد دەستیان لەسەر دەست داناو متەقیان نەکرد .

« التحریر » هەروەها نووسیویە حافظ اسد ئاماوەیەك توانی خۆی وەك حاکمێکی بەهێز نیشان بدا بەوەی کە هێزەکانی بنێرێتە دەرەوەی وڵاتەکەی و بەرەنگاری چارەسەرکردنی گیروگرفتێکی ئاڵۆزی وەك گیروگرفتی لوبنان بێتەوە . هەروەها دەزگاکانی پروپاگەندەی ئەو ڕژێمە لە ماوەی دوای پەلاماری لوبناندا وایان بڵاودەکردەوە کە حافظ اسد جیهانی خستۆتە بەرامبەری ئەمری واقیع ، بەڵام سەرەنجام حاکمی دمشق وەدەستو پێوەندەکانی ڕەنج بەخەسار دەرچوون وزایۆنیەکان کەوتنە جێ‌بەجێ کردنی نەخشەی مەزنی خوازانەی خۆیان بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو تەنگانەیەی کە هاوپەیمانەکەیان تێی دەکەوێ کە زیاتر لە زایۆنی‌یەکانی کوشتار لە بەرگری فەلەستین کردوە .

ڕۆژنامەکە نووسیویە ڕژێمی حافظ اسد یەکێك لە خەتەرترین ڕژێمەکانەو هەر هاتنە سەرکاری بەشێك بووە لەو پیلانە کە دژی مەسەلەی فەلەستین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب رێك خراوە .

بڕوانە ل ـ ٧

سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی ئەرتیریا :

شۆڕشی ئەرتیریا ئامادەیە بەرەنگاری نەخشە دوژمنانەکانی ئەثیۆپیا ببێتەوە

بەڕێز احمد ناصری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی بەرەی ڕزگارکردنی ئەرتیریا دوپاتی کردەوە کە شۆڕشی ئەرتیریا ئامادەیە بەرەنگاری نەخشەی ئەو هێرش هێنانە ببێتەوە کە ئێستا ئەثیوبیا بەتەمایە بیکاو دەست بەسەردا گرتنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی ئەرتیریاو پووچەڵی بکاتەوە .

لە قسەیەکدا کە بۆ هەواڵنێری ئا.د.ع لە خەرتووم کردی ، بەڕێز ناصر ووتی ، ڕژێمی مەنگیستۆ لە چەندین ناوچەدا هێزی سوپایی یەکجار گەورەی مۆڵداوە بۆ دەست‌کردن بەکرداری سوپایی و داگیرکردنەوەی ئەو شوێنانەی ئازادکراون .

هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕ داوای لە هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی نیشتیمانی عەرەب و جیهان‌کرد کەشان بەشانی شۆڕشی ئەرتیریا بوەستن و پاڵپشتی لێ بکەن تاگەلی ئەرتیریا سەربەخۆیی نیشتیمانی تەواوی خۆی وەدەست بێنێ .

Institut kurde de Paris

٧٧

ئێمە لـــە ژمارە (٤١٦)دا نووسینێکی کاك صباح غالبمان بلاو کردەوە کـــە بە پێی بۆچوونی خۆی‌و هێندەی لـە دەسەلاتیدا بووبوو ، لــــە هەندێ هەڵەی زمان دوابوو کە لە چەند نووسینێکدا بەرچاوی کەوتبوون ، یا لە ئێزگـــەو تەلەڤزیۆنەوە کەوتبوونە بــەر گوێی . ئێمەش بەو نیـــازە بلاومان کردەوە کــــە وتمان سوودێك هـــەر دەگەیەنێ . بەلام یەکسەر بە دوایدا چوار نووسینمان لــــە لایەن چوار نووسەری بەڕێزەوە پێگەیشت کە تیایاندا وەرامی کاك صباح دەدەنەوەو هەمووشیان یەخەی دەگرن‌و دەڵێن بە مەعنا گوایە (طبیب یداوی الناس وهـــو علیل) . بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمەش کە هەر بەو چاوە لە هەر چوار نووسینەکە ورد بووینەوە ، سەیرمان کرد ئـەو وتە نەستەقە عەرەبی‌یە یەخەی خۆشیان دەگرێتەوە .

خۆ ئەگەر بهاتایەو ئـــەو چـــوار وتارەمان بـــلاو بکردایەتەوە دیارە هەریەکەیان چوار وەرامی دەدرایەوەو ... هتد .

ئێنجا کە یەکێ لەو زاتانـــە رێی کەوتە لامان‌و لــــە وتارەکەی خـــۆی پرسی‌یەوە ، حەقیقەتەکەمان بۆ باس کردو هەروا بۆ گاڵتەو گەپ وتمان : ئەگەر بەوشێوەیەی ئێـــوە حەزی پێدەکـــەن بدەین بەدەمی‌یەوە ، کارەکـــەمان دەبێتە ـ حیکایەتی مێش ـ . لەبەر ئەوە هاوکاری لــــەم حاڵەتانەدا ناچارە هەرزوو بڵێ ـ خوام بە هەقە ـ .

ئێنجا لــە ژمارە (٤١٩)دا هەر بـــەو نیازەی پێشووەوە نووسینێکی کاك محمد فریق حسنمان دەربارەی کۆمەڵـــە چیرۆکەکەی کاك رۆوف بێگەرد بـــلاو کردەوە . بـــە دوای ئەویشدا هەر لــــە ماوەی هەفتەیەکدا ســێ نووسینمان پێگەیشت کــــە دووانیان بە توندو تیـــژی بەربەرچی دەدەنەوە کە ئەگەرچی بـــەو جۆرەی بۆی چوون کــە گوایە کاك محمد فریق لە وەرگرتنی دەقی رستەو عیبارەتەکاندا بە دەستووری (ولا تقـــربوا الصلاة ..)ە کە رەفتـــاری کردوە ، ناهەقیان نی‌یەو ئێمـــە لــــەم رووەوە تووشی غەفڵەت بووین کە لە راستیدا ئەگـــەر نیازی پاك لــە کایەدا بێ ئەم جۆرە گوناهانەمان نایەتـــــە ئەستۆ .

بە هەرحـــاڵ ئـــەو دوو وەرامەو سێ هەمیش لــــە گەلیاندا حیکایەتەکـــەیان وەك حیکایەتی چوارەکەی پێشووەو چ لە رووی زمانەوە بەگشتی‌و چ لە بەربەرچدانەوەی رایەکانی کاك محمد فریقدا ، لە هەمان حاڵەتدان . جا بۆ نموونـــە ئێمـــــە وا لێرەدا نووسینی سێ‌هەمیان وەك خـــۆی بە بێ هیچ دەســــــکاری‌یەك بلاو دەکەینەوە ، بۆ ئەوەی ئەدیبان‌و خوێنەرانی بەڕێزمان لــــە لای خۆیانەوە باســــەکە ورد بکەنەوەو لــــە مەبەستمان تێ بگەن کە بۆچی لــــە مەسەلەی وەرام‌و وەرامکاریدا سەبارەت بــە زمانەوانی ، نادەین بــــە دەمی‌یەوەو لــــە سنوورێکی تایبەتیدا مامەلەی لەگــــەڵ دەکەین .

هەر بەم بۆنەیەوە حــــەز دەکەین بــــە هەموو ئەدیب‌و ئەدەب دۆســـتە بەڕێزەکانمانی رابگەیەنین کـــــە لاپەرەی (ئەدەب‌و ژیان) لــــە کۆڕی رەخنەو رەخنەگـــریدا نایەوێ بەنزین بکا بە ئاگرداو بڕیاری وەهایە هێندەی بێ‌ی بکرێ‌و لە پیلکەی دەرنەچێ‌و غافـــل نەکرێ ، بواری تانەو تەشەرو پلارو سەرکوتانەوەو ئازاردانی شەخسی ئەدیب نەداو لە ناخی دڵیشەوەو لــــە دڵسۆزی‌یەتی قووڵەوە تکا لە هەموو برادەرە ئەدیبەکانمان دەکەین کە لــەم مەسەلەدا پشتگیریمان بکەن‌و پێشەکیش ســـوپاس بـــۆ هەموان .

(ئەدەب‌و ژیان)

به دوای نووسینەکەی محمد فریق‌دا

دوابەدوای دەرچوونی یەکەم کۆمەلە چیرۆکی چیرۆك نووس (رەئوف بێ گـــەرد) لەژێر ناوونیشانی (بوار) کە لــــە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردە .

لــە هاوکاری ئازیزدا ژمارە ـ ٤١٩ ـ بەرواری ٢٧ ئاداری ١٩٧٨ لـــەلاپەرەی (ئەدەب‌و ژیان)دا کورتە باســــێکی زمانەدانی برادەر (محـــەمەد نەریق حەسەن)م دەربـــارەی ئەم (بوار)ە کەوتە بەرچاو کە سەرنجی راکێشام ... چونکە بەر لەوەی ئـــەم نووسینەم بکەوێتە بەرچاو لـــە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کۆمەلـــــە چیرۆکەیە کە بریتین لە (١٦) کورتە چیرۆکی کوردی هەندێ وورده سەرنجی زمانەوانیم لەلا پەیدا بوو ، ئەوی راستی بێت نیازی خستنە ڕوویـــانم نەبوو بەڵام مەسەلەی بۆچوونەکـــەی برادەر (محەمەد) لـــە لایەك‌و مەسەلەی تەشەنەکردنی ئـــەم جۆرە هەڵە باوانەی کە دێنە سەر باس کردنیان لەلایەکی تر هانی ئەوەیان دام کە ئەم وورده سەرنجانەم بخـــەمە بەرچاوی خوێنەری ئازیز .

مەسەلەی هەڵەی زمانەوانی زۆر لایـــــەنی نووسینەوەی کوردیمانی گرتۆتەوە هەروەکو برادەر (صـــباح غالب)یش هەستی بەمە کردووە لـــــە هاوکاری ژمارە (٤١٦) هێمای بۆ ئەم لایەنە کردووەو بــــە (هەڵەی باو)ی داوەتە قەڵەم‌و دەڵێ : (ئەگـــــەر پەچاوێکی ووردبینی‌و زمانزانینـــــەوە سەرنجی رۆژنامەو گۆڤـــارو کتێبــــە کوردییەکان بدەین گەلێـــــك (هەڵەی باو)ی زمانەوانی دەبینین) . هەروەها رەخنە لـــە کارکەرانی دەزگای ئێستگەو تەلەڤزیۆنیش دەگرێ گوایە لەم جۆرە هەڵە کردنانەدا بێ‌بەش‌نینە بۆیە لـــــە جێگای خۆیەتی کە دەڵێ : (بێ‌گومان تەنها بوونی وشـــەی کوردی شەقلی خـــۆماڵی‌و کوردانە دوان‌و قسەکردن بەدەســـتەوە نادەن بەڵکو دەبێ دەستووری زمانی کوردی بـــە شێوەیەکی راســـــتو رەوان بەئەزمر وەربگیرێ ، ئەوجا دەبێتـــــە کوردانە دوان یاکوردانــــــە نووسین ....) ئێنجا بــــە ئومێدی بەرایی‌گرتن لـــــە تەشەنەکردنی هەڵـــەی باوی زمانەوانی بە پێویســـــتم زانی وەکو درێژە پێدانی هەمـــان نووسینی برادەران **(محەمەد‌و (صـــباح)** منیش بەگوێرەی توانا بتوانم هەندێ تیشـــکی تر بخەمە سەر ئەو هەڵـــــە باوانەی کە هەستم پێ کردوون لەم کۆمەڵە چیرۆکـەی برادەر **(رەئوف)** بەو نیازەی کـــــە سوودی سەرەکی خۆیـــــان بگەیەنن کە پاراستن‌و خزمەت کردنی زمانە ، بـــە شێوەیەکی روونتر پاراســـــتن‌و خزمەت‌ـ کردنی میللەتە .

هەروەکو لە نووسینەکـــەدا دەردەکەوێ برادەر **(محەمەد)** زۆر پەلەپەلی کردووە لە خستنە رووی ئـــەو سەرنجـــــە زمانەوانیانەی کـــــە ئەو بە ناتەواوی‌و هەڵـــەی زمانەوانی زانیـــــون زۆر زوو پەندێك‌و پەیتە شیعرێکی (حاجی قادر) مان دێنێتەوە یاد وەکو بڵێ‌ی ئێمە زمانەکەمان بە کەمتـــر دەزانین لـــــە زمانەکانی تری جیهـــــان بۆیە هەڵەی تیـــا دەکەین ..

مەسەلەی هەڵەکـــــردن (لەهەر بوارێکی تری ژیاندا بێت) زۆرجاران خـــۆی لەژێر رکیفی ویستی مرۆڤ وەدەر دەنێ ، بۆیە رەوانیە مەسەلەی هەڵەکردن بکـــرێت بە تاوان‌و بە ناوچەوانی هەڵەکەرەکـــەدا بدرێتەوە مەرج نیە مرۆڤ هەڵە نەکات بەڵکـــو مەرج‌و گرنگی لەوەدایە کە ئایا چەند کەسمان ئامادەینە دان بە هەڵەکانماندا بنێین‌و هەوڵی راســـــت‌ـ کردنەوەیان بدەین‌و لــــە داهاتوودا رەچاویـــــان بکەین نەبادا دووبارە بکەوینەوە نـــاو قۆرتی هەڵەکردن .

ئەدیبـــــی فەرەنســـــی بەناوبانگ **(اندریە بیـــرابو)** دەڵێ : (زۆر جاران خوێنەر لە حوکمدانیا بەسەر بڕگـــەیەکی باش‌دا هەڵـــــە دەکات‌و بە بڕگەیەکی نەباشی (خەراپ) دەدانە قەڵەم) .

بۆیە دەتوانم بڵێـــم برادەر (محەمەد)یش لەم نووسینەیدا لە هەندێ شوێن رستەیەك ... یا وێنەیەك لەم کۆمەڵــــــە چیرۆکەیە بە هەڵە دەزانێ ... رەنگە بەلای ئەو هەڵە بێت‌و بەس ... ! بەوێنە دەربارەی ئەو (حەشو) زیادە گۆییـــەی گوایە برادەر (رەئوف) لــەم کۆمەڵە چیرۆکەیدا دووچـــاری بووە دەڵێ : (هێلی کورت تیا دەنەخشا ـ ل ٢٨) کـــەچی هەمان رستە لە هەمان لاپەڕە بەم شێوەیە هاتووە : (هێلی کورت کورتی تیـــــایا دەنەخشا ـ ل ٢٨) ..

نازانم لێرەدا چ حەشویەکی زمانەوانی بەدی دەکرێت ..!؟

هەروەها دەڵێ : (ئەم زیادە گۆییە ئەنانەت ناوونیشـــــانی چیرۆکیشـــــی گرتۆتەوە) هەروەکو دەڵێ : (هێشـــتا چاوەڕوانە) زیاترە لەســـەر ناوی چیرۆکی چوارده هەم کە (هێشتا هەر چاوەڕوانە) گوایە ئەم (هەر)ەیە زیادەیە بەبێ ئەوەی بیســـــەلمێنێ‌و بۆمانی روون بکاتەوە کە ئەم (هەر)ەیە بۆچی زیادەیە ....!!

من بەش بەحاڵی خۆم ئـــەم (هەر)ەیە لێرەدا بەزیاد نازانم بەڵکو بـــــە پێچەوانەوە بـــە بەهێزکەری رستەکـــــەی دەزانم :

یەك لەو حاڵەتانەی کـــــە (هەر) لــــە رێزمانی کوردیدا تیایا بەکاردێت ئەوەیە کــــە (بۆسووربوون لەســـــەر مەبەست)ە ئەم (هەر)ەیەی کـــــە لەم چیرۆکەشدا بەکار هاتووە بەر ئـــــەم حاڵەتە دەکەوێت هەروەکـــو ناوەڕۆکی چیرۆکەکەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە ، چـــــۆن دەبینین چاوەڕوانیەکەی (پورەمەنیج) رۆژێـــــك‌و دوان ... نەبوە تابکاتە ئامانج‌و کار لێـــرەدا کۆتایی بێت بەڵکو (هەمـــــوو رۆژێك ... لەگەڵ سپێدەی بەیانیەکی زوودا پشـــــتی بەدارتوە پیرەکەوە دەدایەوە .. ئاشەماڵی ئێـــــوارە تاریکایی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا .)

هەروەکو ئاشکراشە بەری رەنجی چاوەڕوانی کردنەکـــەی (پورە مەنیج) (لە باوەش‌ـ گرتنی بۆ شـــایی‌بووە !!) . ئەمەش وەکو حەلقەیەکی بەتاڵ هـــــەر بە دەوری خـــۆیدا سوڕاوەتەوە دەســـــوڕێتەوە بێ‌کۆتایی ... مەســــــەلە مەسەلەی چاوەڕوان کردنێکی بەردەوامی‌و نەبڕاوەیــــە ... سەرەڕای ئەوەش کە لە چاندنی چاوەڕوانیەکە هیـــــچ بەرێك نادورێتــــــەوە ... بـــــەلام (پورەمەنیج) هەر ســــــوورە لەســـەر چاوەڕوان‌کردنەکەی‌و گەیشتن بەو مەبەستەی بۆتــە ماخۆلانی مێشکی بۆیـــــە ... (هێشتا هەر چاوەڕوانە) .

لـــــە شوێنێکی تردا دەڵێ : (دەبوایە بیوتایە (سەرنج) چـــــونکە (سرنج) دەرزی دختۆران دەگرێتەوە ...) .

کەچی هەر لـــــە هەمان لاپەڕەدا واتـــە لاپەرەی (٢٨) دێری حەوتەم برادەر (رەئوف) ووشـــــەی (ســــــەرنج)ی بەکارهێناوە بۆیە جوانتر وابوو کە برادەر (محەمەد) پرسیاری بکردایە کـــــە بۆچی لە فلادێر (سەرنج) بەکارهاتووە کەچی هەر لەهەمان لاپەڕە .. لەفلانە دێر هەمان ووشە بە (سرنج) بەکارهاتووە ئەگەرچی بۆیــەك

بەهار

لە بواری زمانەوانیدا

کەریم ئەحمەد حوسێن

مەبەستیشن .

لـــــــە بەشی سێ‌یەمی نووسینەکەیدا دەڵێ : (هەندێ جار لـــە دارشتنی رستەکاندا (سترەکچەر) هەڵەی کردووە تەنانەت جــــاری واهەیە ، جیاوازی نێوان (تاك)و (کۆ)ی نەکردووە) .

لێرەدا بەتەواوی لەگـــــەڵ ئەم رایەدام .. چونکە نەك هەر برادەر (رەئوف) بگـــــــرە زۆربـــــــەی زۆری نووسەرو شاعیرو چیرۆك نووسەکانمان کەم یا زۆر لەم هەڵە کردنانەدا دەرباز نەبوینە .. هەروەکو برادەر (محەمەد) خۆشـــــی گیرۆدەی ئەم جۆرە هەڵانـــــە بووە .. لەوێنە لە کۆمەڵــــــە چیرۆکەکەیدا کە بە نـــــاوی (سێبەری ئەسپەشێ) بلاوی کردۆتەوە سەیری ئەم چـــــەند رستەیە بکە :

« چاوەکانی لەوە دابـــــوو دەرپەڕن ـ ل ١٠ » .

« تابلۆکان دەبنە کانییەك ووشەو لــــــە پلووسکی پێنووسەکەیەوە دەڕژێنە سەر خوانی لاپەڕە سپیەکان ـ ل ٤٠ » .

« هەموو ئاوایی عەزرەتــی زەردە خەنەیەکت بـــوو ـ ل ٥٢ » .

ئەمە ئەوەم دێنێتەوە خەیاڵ کە هەموو جارێ لە دڵی خۆمدا دووبارەو دەبارەی دەکەمـــەوە کە : « ئێمە هەمووەمـــــــان مامۆســـــــتاو ڕێ‌نیشاندەری یەکترین بەڵام جارێکیان نەهات کە خۆمان بە قوتابی خۆمـــــان بزانین » .

ئێســــــتاش دوای دەربڕینی ئەم وورده تێبینی‌یانـــــــە دەربارەی رایەکانی بـــــرادەر (محەمەد) دەمەوێ بـــــاری سەرنجی خۆم دەربارەی هەندێ لایەنی تری زمانەوانی لـــــەم کۆمەڵە چیرۆکەیەدا بخـــــە ڕوو .

چیرۆك نووس زمـــــــانی نووسینی خەراپ نی‌یە ... تاڕادەیەك سەرکەوتووە لـــــە دەربڕین‌و بەئەنجام گەیاندنی وێنـــــە زاتیـــــــەکان‌و تێ‌هەڵکێش‌کردنیان لەگـــــەڵ واقعدا بــــــۆ هەڵێنجانی بەرهەمێکی مەوزوعی رەسەن . بەڵام ئەمە رێگای ئەوەمان لێ ناگرێت کە بڵێین ئەم کۆمەڵە کورتە چیروکەیە (کەم یازۆر) هەڵەی زمانەوانی تێ‌کەوتــــوە بۆیە بە پێویستی‌یەکی ســـــەر شانی خۆمی دەزانم کە بەپێی توانا بیانخەمە ڕوو هــــەوڵی راست‌کردنەوەیان بدەم .

لە لاپـــەرە (٣٩)دا دەڵێ : « چی زۆر حەز لێ دەکەیت » . بە وەڵام دانەوە ڕاســـتی‌و چەوتی رستەکەمان بۆ ســــاغ دەبێتەوە .

« چـــی زۆر حـــەزلی دەکەیت ....؟ » مۆسیقا زۆر حەز لێ دەکەم ....!

لێرەدا ووشەی (مۆسیقا) جێگای (چی) ئامرازی پرسیار دەگرێتەوە ..

ئەگەر رستەکە لەگـــــەڵ رەوتی رەوانی رێزمـــــانی کوردیدا بەلاو ورد بکـــــەین ئەوا دەردەکەوێ لەنگەو کورد بەم شێوەیە نادوێ ، بۆیــــە راستتروابوو بڵێ :

« زۆر حەز لە چـــی دەکەیت ....؟ » وەڵامەکەی : « زۆر ... لە مۆسیقا دەکەم » رستەکە زیاتر دەخزایە ژێـــر رکیفی رێزمان‌و رەوانتـــــر دەبوو .

« ئوکی کلاشەکەی شەتی خۆلی بـــــەرەو دوادەکرد ـ ل ٤٧ »

دەیەوێ بڵێ : کە کلاشەکەی خـــــۆلی دوای هەنگاوەکانی لەدواوەیدا بە بادەکرد بـــەلام جوان بۆیی دانەبەزیوە ... پاشتر وابوو بڵێ :

« ئوکی (ســـــــــەری)ـ کلاشەکەی شەنە خۆلی بـــــە (لە) دوایا دەکرد » .

« دەرکەکان تابین گــــەورە دەبن‌و گولەکانیش هیچیـــــان دیارنین ـ ل ٥١ » .

لێرەدا ئەم رستەیە لە پلەی بەراووردی‌دایە بۆیە نووسەر دەبوایە رەچاوی نیشـــــانەی بەراووردی بکردایە کە لێرەدا (تر)ە و بخرایـــــــــە دوای ئاوەڵناوەکە کە ووشــــــــەی (گەورە)یە هەروەها بۆمـــــان دەلوێ‌و جایەزە لە جێـــــگای « تابین » ووشەی « تادێن ، تادێ .. » بەکار بهێنین بەم جۆرە رستە کە مان ئاوای لێ دێت :

« تـــــادێن ـ تــــــادێ ـ درکەکان گەورەتر دەبـــن‌و گولەکانیش هیچیان دیارنین » .

« تاکێ پێڵاوەکەی تێ‌گرت‌و بە دیوارەکەیەوە نووساند ـ ل ٢٢ » .

لێرەدا دەتوانین ئەم رستەیە بۆ دوو شێوە بگۆڕین بـــــــۆ زیتر روون‌کردنەوەو گەیاندنی مەبەست .

أ ـ تـــاکێ .... بەدیوارەکەی وەنووساند .

ئەگەر بـــــەم شێوەیە بێت ئـــەوا ئەم (ە) یەی دوای ووشـــــەی (دیوارەکەی) زیادەیە .

ب ـ تاکێ .... بە دیوارەکەیەوەی نووساند .

ئەگەر بەم شێوەیەش بێت ئەوا پێویســـــــتیان بە (ی) کەسی سێ‌یەمی تاك هەیە لە دوای ووشەی (دیوارەکەیەوە) بۆ گەیاندنی مەبەست .

« دەرگای هەردوو ڕیـــزە دوکانە بەرانبەرەکە ـ ل ٢٩ » .

راستتروایە بڵێ :

(دەرگاکانی هەردوو ریزە دوکانـــــەکەی (دوکانەکانی) بەرانبەری)

« هەنگاوەکانیان بێ ویستی خۆیان ئادەهات سستتر دەبو ـ ل ٣٠ » .

راســـــــــتی‌یەکەی :

هەنگاوەکانیان .... ســـتتر دەبوون » چـــونکە ووشەی (هەنگاوەکانیـــان) ووشەیەکێ (کۆ)یە .

« کە ئاتەشۆرێکی تـــازە لەبەر دەرگاکەیاندا هەڵسپیراوە ـ ل ٥٣ » .

لێرەدا راوەستانەکەم لەسەر ووشەی (هەڵسپیراوە)یە . کورد دەڵێ :

(تفەنگەکەم بەدیــــــواری هەڵپەسارد) .

(قالدرمەکە بـــــە دیواری هەڵپەسارداوە ...)

نەووتراوە : (هەڵسەپارد ... هەڵسەپادرراوە) بەڵکو (هەڵپەســـــــارد ... هەڵپەسارداوە بۆیە ڕاســـتتر وابوو بڵێ :

(کە ئاتەشۆرێکی ...... هەڵپەسارداوە) .

برادەر (محەمەد) لــــــە کۆتایی نووسینەکەیدا دەڵێ :

« ئەو باسی زریان دەکا ، ئیتر بەزەیی چی ... ؟! یاخود « رەشەبا » چـــۆن خەســـت دەکرێتەوە ؟! » .

دەمەوێ برادەر (محەمەد) ئاگادار بکەمـــــــەوە کـــــە جارێکی‌تریش بــــــە ووردی سەرنجی ئەم رستەیە بـــدات ئەوجا ووشەو رستەکە شـــیٚ بکاتەوەو حوکمی لەسەر بدات چونکە « خەست » نی‌یە بەڵکو « سەخت »ە ئەگـــــــەرچی خەستیش بۆ ئەم رســــــتەیە بگونجێ .

لە کۆتایی‌دا دەمەوێ ئـــەوە رابگەیەنم کە من لەگـــــەڵ پوختەی پێشنیازەکانی برادەر (صباح غالب)دام کە لـــــە هاوکاری ژمارە (٤١٦)دا بلاوی کردبۆوە بۆ دابین‌کـــــردنی رێبازێکی یەکگرتووی زمـــانی ئەدەب‌و نووسین .. بە نیازی پاراستنی ووشەی پیــــرۆزی کوردی ..

پەراوێزەکان :

١ ـ هاوکاری ژمارە ٤١٩ ٢٧ ئاداری ١٩٧٨

٢ ـ بوار کورتە چیـــرۆك ـ رەئوف بێ‌گەرد

٣ ـ سێبەری ئەسپەشێ کورتە چیروك ـ محەمەد فەریق حەسەن

٤ ـ هاوکاری ژمارە ٤١٦ ـ ٦ ئاداری ٩٧٨

٥ ـ رێزمـــــانی ئاخاوتنی کوردی ....

بەفرۆکە

بەفر .. بەفر .. بەفرۆکە
بباره ، لە عیشقی تۆ زمانی روبار دەتەزێ .. ئاوێك لـــە گۆرانی دەکەوێ
چۆلەکەکان بە سەر سامیەکی قووڵەوە سەیری بارینی تۆ دەکەن
چلەکانی ئەم دارستانەش وەك دڵم باوەشیان بۆت کردۆتەوە
خۆشەویستیم لە ناو سەرمای تۆدا هێلانە دەکا
ئاخر دڵم چۆن دەتوانێ پەنجەرەی ترس بشکێنێ
وەك منداڵێ لە ناو ئەم بەفرەدا یاری بکا
گەرم لەم شەوەدا ئاگردانی عیشقی بەفر شك نەبەم
ئیمشەو ئاگادار بووم تاکوو ئەو چیایانە مەست بوون هەر باریت
چراکان گشت کوژانەوەو تۆ هەرباریت
کەچی دڵم لە بینینی تۆ نەتەزی
کیژەکە .. تەنیای شـــــەوانم بە خۆشەویســـــتیت نافرۆشم
ئێستا گزەبایەکی هێمن نیم بە سەر کێلگەی چاوەکانتـــا هەڵبکەم
وەکو جاران گوانی هەستمت بۆ نادۆشم
ئای .. ی .. رۆژێ دێ‌ی دوو فرمێسك بە ناخی زامەکانما هەڵدەڕێژی
خەمی ساڵانێکی دوور .. دوور لە پێـــدەشتی بێدەنگیما هەڵدەڕێژی
تازە دڵم لە کۆلیتی جوتیارێکا بە یادی .. نەورۆزو بەفرەوە دادەگیرسێ .

ـ گوشـــاد ـ

کمال نوری مەعروف
موزەخانەی سلیمانی

ئەری بلند مال
ئەری یانە بەرز بینای بلند مال
ئەری مایە نور صبح زەرین باڵ
ئەری ئاگاهدار هەم حالزان حال
ئەری لا اله الا هو الحق
ئەری لا مکان سەرداری موطلەق
ئەری ساعەت ساز بەستەی ماهو ساڵ
واقف الاسرار علی کل حال
ئەری ذات پاك فەرد تەمانی
ئەری ئاگاهدار سری پەنهانی
ئەری عەطا بەخش معطی کل شیء
ئەری لا یموت حیات بەخش حی
ئەری نور بە روی خاصان عەیانەك
عاشقان مەجنون شەیدا ی جهانەك
ئەری نور مایەی روشنی دڵان
ئەری زینەت بەخش شکوفەی گوڵان
ئەری بی عللەت بی فیکـــر و خیال
کاتب قودرەت مەنشەی نوقطەی خاڵ
ئەری کار ساز کار بە دەست ئاسان
روشنی دەرون نیك‌و بەد ئاسان
ئافەریدەت کرد فریشتەی شەریف
وینەی ملاك سەرتاپا ظەریف
بەدەن چون مینای بلوری بیگەرد
صافتر جە صافی موج ماء الورد
بنازون وەتو تاك تەنهای فەرد
ئاورو ئالتونت بەخەلق اظهار کەرد
بەذات بەبچون بی شوبهو مثال



بلام وات جەواب ذات ذالجلال
عالم اقدس حی توانا
بلا بی جواب قیوم دانا
چون خاطر وەذات شاه اقدم بیم
دڵ بیزار جە لفظە لا ونعم بیم
غەز سبب بەخش بەختم زەبون بی
رەفیقم شەیطان ملعون دون بی
ئاوز وەرەها بیم جە بطن مادر
آمام وە صەفەر دنیای پر خەطەر
چیش باو بەختم غەمانم کوبی
سودم فراوان جەمام بی سودبی
مەحروم جە جمال جەمین جامان بیم
غەمناك غەمین خەیاط خامان بیم
بیبری جە باغ نوعامان بیم
داغدار پردەرد هەم بی سامان بیم
خەطا نەکردم برك بیت الله
بت پەرست نەویم والله وبالله
چون یەزید وەقەتل کەس صەلا نەویم
بام جەنگ حسین کەربەلا نەویم
هەر تاکە زندم موجود مطلق
قیوم قایم قدیم بەر حق
زوانم جە ذکرویت مەکەر خاموش
نامت با جەلام نەبو فەراموش
جهان ئافەرین بەخشندە اکبر
خانا بیچارن فریاد رەسیش کەر
وەرنە بەذاتت جەلای ذات تو
مەکەردن روی حەشر من شکاتی تو

Institut Kurde de Paris

بەڕێز حسن علی پێشوازی دکتۆر جیکۆشی کردووە

دوێنێ بەیانی بەڕێز حسن‌علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌وسەرۆکی لیژنەی بەرزی نرخ لێنان پێشوازیی دکتۆر جیکۆش سەرۆکی لیژنەی نرخ لێنان لە کۆماریی هەنگاریی‌میللی کردووە .

لە کۆبوونەوەکەدا باسی‌ڕێگای پتەو کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات کراوە بەتایبەتی لە مەیدانی پەیوەندی بازرگانی‌و ئابووری‌و ئاڵوگۆڕ کردنی شارەزایی لە مەیدانی نرخ لێناندا .

لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز وەزیری بازرگانی گرنگی‌هاوکاری کردنی نێوان هەردوو وڵاتی دووپات کردۆتەوە بەتایبەتی لە مەیدانی بازرگانی‌و ئابووریدا .

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێزمحمد خلف سەرۆکی دەزگای مەرکەزیی نرخ لێنان‌و باڵوێزی‌هەنگاریا لە بەغدا لەوێ بوون .

بەڕێز محمد عایش پێشوازی وەزیری پیشەسازی مۆریتانیای کردووە

دوێنێ بەڕێز محمد عایش ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری پیشەسازی‌و کانزاکان پێشوازی ولد اسماعیل عبدالله وەزیری پیشەسازیی‌و ڕاوی دەریایی مۆریتانیایی کردووە .

بەڕێز محمد عایش لە چاوپێکەوتنەکەدا باسی لایەنی هاوکاری‌و تەکنیکی‌و ئابووری نێوان هەردوو وڵاتی دۆستی کردووە لەگەڵ ڕێگای قووڵ کردنەوەو پتەو کردنی ئەو پەیوەندیانە

بڕیار دراوە کە وەفدێکی تەکنیکی عێراقی بنێردرێت بۆ نواکشۆت بۆ ئەوەی تەماشای ئەو کەرەسە خاوانە بکات کە بۆ بەکارهێنان دەست دەدەن .

لە کۆبونەوەکەدا بەڕێز قاسم احمد تقی جێگری وەزارەتەکە بۆ کاروباریی دەزگاکان‌و بەڕێز هەڵسوڕێنەری ئیش‌و کاری مۆریتانیا لە بەغدا ئامادە بوون .

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

لە پ . هاوکاری‌یەوە لە هەولێر

ڕۆژی ٦ی ئەم مانگە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوو کۆبوونەوەی کردو یەکەمیان سەرلەبەیانی‌و کۆبوونەوەی دووەم پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ .

هەردوو کۆبوونەوەکە بەسەرۆکایەتی بەڕێز محمد علی امین سەرۆکی ئەنجومەن‌بوو هەموو ئەمیندارەکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن تیایدابەشداربوون ، بە وردی لەو کاروو بارانە کۆڵرایەوە کە پەیوەندیان بە پێشخستن‌و پەرەپێدانی ناوچەکەوە هەیە .

لە دانیشتنی یەکەمدا لەوراپۆرتە کۆڵرایەوە کە ئەمانەتی گشتی کشتوکاڵ‌و زەوی سازی‌لە ناوچەکەدا پێشکەشی کردبوو . دەربارەی چەند پرسیارێك کە لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجومەنی‌یاسادانانی کردبوو .

هەروەها ئەمینداری گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوان وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە دەربارەی گەیاندنی بەرنامەی تەلەفزیون بە ناوچەی (کەلار) پێشکەش‌کرابوو ، هەروەها کردنەوەی قەناتی کوردی لە تەلەفزیونی نەینەوادا .

بڕوانە ل ـ ٧

کۆبونەوەی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو بەسەرۆکایەتی بەڕێز احمد عبدالقادرو ئامادەبوونی بەڕێز ئەمیندارە گشتی‌یەکان ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان کۆبوونەوەیەکی کردووە ... ئەنجومەن لە کۆبوونەوەکەیدا لە کۆمەڵێك لەو پێشنیارانەی کۆڵیوەتەوە کە ئەندامەکانی ئەنجومەن سەبارەت پشتگیری کردنی ئەمیندارێتیکانیان پێشکەشیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئیشوکاریان ڕاپەڕێنن .

لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ئەو ئامۆژگاری‌یە بەنرخانەی بەڕێز سەرۆك موهیب احمد حسن البکری پێ گەیاندن کە لە ناوەندی مانگی نیسانی ڕابوردوودا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا پێشکەشی کردبوو .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن داوای لە بەڕێزان ئەمیندارە گشتی‌یەکان کرد کە هەوڵی ئەوە بدەن وزەی دەزگاکانی دەوڵەت بەهێزتر بکەن‌و بەدەنگ داخوازیی‌و داواکاریی هاووڵاتیانەوە بچن ، هەروەها دەست بە خەرجی‌یەوە بگرن‌و دەست بڵاوی نەکەن .. هەروەك بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنەکە داوای لە ئەمیندارە گشتی‌یەکان کردووە کە بە گوێرەی ئامۆژگاریکانی سەرۆکی فەرماندە هەڵسوکەوت بکەن لە هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەدا کە لە ئیش‌وکارەکانیاندا دڵسۆزی دەنوێنن .. لە کۆتایی قسەکانیدا داوای لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کردووە کە هەموو پێویستی‌یەك ئامادەبکەن بۆ بوژانەوەی هاوینە هەوارەکان‌و هاندانی خەڵکی بۆ ئەوەی لە هاویندا خەڵکی ڕوو بکەنە ئەو هاوینە هەوارانەو هەموو پێویستی‌یەکی حەوانەوەو پشودان بۆ ئەوکەسانە ئامادە بکەن کە ڕوو دەکەنە ئەو هاوینە هەوارانە ..

لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان کۆمەڵێ بڕیاری دەرکردووە سەبارەت کاروباری ناوچەکە .

هەواڵەکانی کوردستان

● **لە پەیامنێرەکانی « هاوکاری »یەوە :**

● **هەولێر**

دوێنێ مەکتەبی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە بۆنەی دامەزراندنی نیقابەی کارگێرانی تەندروستی‌یەوە ئاهەنگێکیان گێڕاوە .

مەکتەبی ناوبراو بەو بۆنەیەوە لە هۆڵی مەڵبەندی تەندروستی هەولێر ئاهەنگێکی گێڕاوە .. لەو ئاهەنگەدا بەڕێزان ئەمیندارە گشتی‌یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و هاوڕێیان ئەندامانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی هەولێر بەشدار بوون .

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا دکتۆر محمد زیور شریف ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کارو باری کۆمەڵایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وتارێکی خوێندەوە لە وتارەکەیدا ستایشی ئەو دەورەی کردووە کە سیستەرەکان دەینوێنن ..

لەگەڵ ئەو بایەخەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش پێیان دەدات لە ڕێگای ئەو هەموو دەستکەوتە گەورانەوە کە بۆی وەدی هێناون .

دوای ئەوە بەڕێزان ئەمیندارە گشتی‌یەکان‌و هاوڕێیان ئەندامانی لقی هەولێر خەڵاتیان بە سەر سیستەرو برین پێچ‌و کرێکارە ئازاکاندا دابەش کردووە .

سلێمانی :

دوێنێ ئێوارە بە سەرۆکایەتی هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لقی سلێمانی لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کۆبونەوەیەکی کردووە ، ئەویش بۆ لێکۆڵینەوەی باری گشتی‌ی دۆخی ئێستای عەرەب‌و مەسەلەی فەلەستین‌و خوارووی لبنان .. لە کۆبونەوەکەدا کە لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی هەموو بەشداربوون لە مەسەلەی بەشداری‌و هاوکاری کۆمەڵیان کۆڵیوەتەوە لە جێبەجێ‌کردنی ئەنخشەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی‌و بایەخ‌و ڕێزێکی گەورەیان داوە بەو هەڵوێستانەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش لە مەیدانی پشتگیری‌کردنی بزووتنەوەی نیشتمانی‌و کاری فیداکاری فەلەستین نیشانی دەدات .

● بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیرکردن‌و ڕابەری جوتیاران لە پارێزگای سلێمانی بە هاوکاری سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگاو یەکێتیی ئافرەتان لە سلێمانی لە ڕۆژی ٦ی ئەم مانگەوە ، ئاماوەی هەفتەیەکی تەواو لە ناوچەی (کەلار)دا بۆ وریاکردنەوەی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە هەرەوەزێکی ڕۆشنبیری‌و تەندروستی فراوان دەکەن بۆ وریاکردنەوەی جوتیاران‌و ڕوونکردنەوەی باری گرنگی پاشەکەوت کردن لە ڕووی ئابووری وڵاتەوە ، هەروەها سوودی کاری میللی‌و خوێندنی ئیلزامی‌و چۆنیەتی بەرهەم گواستنەوە بۆ بازاڕەکان ، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی کەڵکی ئەو پارەیەی کە کۆمەڵەی جوتیاران بۆ کاری هەرەوەز پێشەکی دەیدات بەجوتیاران‌و گەڕانەوەی پارە کە لەکاتی خۆیدا . ئەو لیژنانە لە ڕێگای چەند کۆبونەوەیەکەوە ڕێنمایی جوتیاران دەدەن لە مەیدانی تەندروسیتدا .

● سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانی (٢٠) تیپی تەندروستی پێک هێناوە بۆ زیاد کردنی شارەزایی تەندروستی ... ئەو تیپانە بریتین لە (٢٠) پزیشك‌و (٤٠) یارمەتیدەری پزیشك . ئەم تیپانە دەست دەکەن بە بەشی کردنەوەی بەیاننامەکەی وەزارەتی تەندروستی کە سەبارەت ڕاگرتنی پاکو خاوێنی دەری کردبوو ، لە هەمان کاتدا لەو بارەیەوە بەیاننامەی پاکو خاوێنی‌و تەندروستی گشتی‌ی بە ناو خەڵکەکەدا بڵاو دەکەنەوە .

دهۆك :

دوێنێ سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگای دهۆك موناقەسەی دروست‌کردنی عەماراوێکی کۆنکرێتی‌ی خستۆتەڕوو کە بۆ خەستەخانەی جەمهوریی دهۆك دروست بکرێت .. ئەو عەماراوە (٣٤) هەزار دیناری تێدەچێت‌و (٣٠) هەزار لیتر ئاو دەگرێت‌و دەبێت لەماوەی سێ مانگدا تەواوبکرێت ... هەر وەك موناقەسەی دروست کردنی خانوویەك بۆ پزیشکە موقیمەکان‌و سێ‌بەشی بۆ منداڵ بوون‌و ئافرەتان‌و (باطنیە) خراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی لە خەستەخانەی ناوبراودا دروست بکرێت .. لەگەڵ دروست کردنی چەند قاوشێك لە خەستەخانەی جەمهوریی زاخۆدا . ئەم پرۆژەیەش (٧٠) هەزار دیناری تێدەچێت .

● دوێنێ لە پارێزگای دهۆك ٣٠ جوتیار خراونەتە دەورەیەکی مەشق کردن‌و لەسەر کاروباری بەکار هێنانی سەمادو بەربەست کردنی ئافاتی کشتوکاڵ . ئەم دەورەیە بەڕێوەبەرایەتی هوشیار کردنەوەو ڕێنمایی جوتیاران پێکی‌هێناوە . بەشدارانی دەورەکە بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو لەبارەی ئەو ئیش‌وکارانەوە دەرسیان دادەدرێت .

وەزارەتی لاوان داوای کردووە کە لە نمایشی یاری‌کردنی منداڵان لە شەقامەکاندا بکۆڵرێتەوە

وەزارەتی لاوان داوای لە کاربەدەستان کردووە ، بۆ دەست پێشکەری‌کردن لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك بۆ نمایشی یاری‌کردنی منداڵان لە سەرجادەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانیان بخاتە مەترسی‌یەوە .

وەزارەتی ناوبراو داوای لە کاربەدەستان کردووە کە لەم بارەیەوە باری سەرنج‌و پێشنیاری خۆیان پێشکەش‌بکەن بە مەبەستی پێک‌هێنانی کۆبونەوەیەکی هاوبەش بۆ لێدوان‌و گفتوگۆکردن لەو مەسەلەیەو دانانی ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم نمایشە بە شێوەیەکی زانستیانە . ئەوەی شایانی باسە وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی لاوانی لەم مەسەلەیە ئاگادارکردووە بۆ ئەوەی بە زووترین کات هەوڵی چارەسەرکردنی بدات .

بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەزگا ئیسلاحیکان بەسەردەکاتەوە

بەڕێز بکر محمود رسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی گرنگی مەشق پێکردن‌و پیشە فێرکردنی نموانەی دوپات کردۆتەوە کە لە دەزگا ئیسلاحیکانی وڵاتدان . .

دوێنێ لە بەسەرکردنەوەی ئەو دەزگای ئیسلاحیانەدا کە سەر بە وەزارەتەکەن ، بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێویستە پشت بە ڕێگایەکی زانستیانە ببەسترێت لە ڕێنمایی‌و فێرکردن‌و مەشق پێکردندا بە گوێرەی ڕوانگەیەکی زانستیانەی نوێ ، ئەویش لە پێناوی ئەو کاری بەرەپێدانەدا کە ئەمڕۆ وڵات بە خۆیەوە دەبینێت .

بەڕێز بکر محمود رسول کارگێرانی ئەو دەزگایەی هانداوە کە هەوڵ‌و کۆششێکی زیاتر بیەن‌و بایەخ بەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی بدەن بۆ ئەوەی چاکترین خزمەت گوزاریی بە کۆمەڵ پێشکەش بکەن .

دوای ئەوە بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی گوێی لەو گیروگرفتانە گرت کە دەبنە هۆی کۆسپ‌و تەگەرەی ڕێگای پێشکەوتن‌و بەڵێنی داوە بە زووترین کات چارەسەر بکرێن .

چەند کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بۆ وریاکردنەوەی خەڵکی دەربارەی مەسەلەی خوێندنی ئیجباری

سەرانسەری پارێزگاکانی‌وڵات لە جمو جۆڵێکی گەرمدان‌و چالاکی‌یەکی بەوزەنیشان دەدەن بۆ جێبەجێ کردنی یاسای خوێندنی‌ئیجباری کە لە سەرەتای مانگی ئەیلولی داهاتووەوە دەست‌پێدەکات .

لە زوربەی پارێزگاکانی‌وڵاتدا لیژنەکانی ڕاگەیاندن چەند کۆبوونەوەیەکیان‌سازکردووە، بۆ وریاکردنەوەی خەڵکی‌و ڕوونکردنەوەی گرنگی خوێندنی ئیجباری لە ژیانی کۆمەڵدا .. لە هەمانکاتدا زۆر لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەم بارەیەوە کۆبوونەوەیان‌کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجە شۆڕشگێڕیەکانی جێبەجێ کردنی یاساکە .

وەك بەشێك لەو هەرەوەزە گەورەیەی بۆ جێبەجێ‌کردنی خوێندنی ئیجباری دەکرێت ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لەناو دیهاتەکانی پارێزگای سلێمانیدا دەست‌کراوە بە دروست‌کردنی ٢٧٠ قوتابخانە وەك پێش دەستی‌یەك بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەو یاسایە کە لە سەرەتای خوێندنی ساڵی تازەوە جێبەجێ دەکرێت .

ئەم قوتابخانانەی «٢٠٧» هەزار دینار بۆ دروست‌کردنیان تەرخان‌کراوە لەسەر شێوە بنیاتنانی ڕاستەوخۆو هەرەوەزی کاری میللی بنیات دەنرێن . لەم کارەدا ئەندامانی کۆمەڵەی جوتیاران بەشداری دەکەن . ئەوەی شایانی باسە لیژنەی مەرکەزیی خوێندنی ئیجباری لە پارێزگای سلێمانیدا چەند لیژنەیەکی پێك هێناوە بۆ چاودێری کردن‌و بەڕێوەبردنی ئیش‌و کاری جێبەجێ‌کردنی بنیاتنانی ئەو قوتابخانانەو تەخت‌کردنی ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی ڕێگای ئیش‌کردن دەگرن .

لە لایەکی ترەوە ڕێکخراوە جەماوەرێکان لە دیهاتەکانی پارێزگاکەدا خەریکی پێك‌هێنانی کۆڕو کۆبوونەوەن بۆ ئەوەی ئامانجە شۆڕشگێڕیکانی یاسای خوێندنی ئیجباری بۆ جوتیارەکان ڕوون‌بکەنەوە . لەم بارەیەوە یەکێتی‌ی ناوخۆی کۆمەڵەی جوتیاران لە قەزای شارباژێر زەنجیرەیەك کۆبوونەوەیان لە گوندەکانی مامەخەلان‌و ولیاوە چنارەو چوارتادا کردووە ئەویش بۆ وریاکردنەوەی جوتیاران لە بارەی جێبەجێ‌کردنی یاسای خوێندنی ئیجباری‌یەوە .

پارێزگاری سلێمانی ئیش‌وکاری بنیاتنانی گوندە هاوچەرخەکان بەسەر دەکاتەوە

لە چوارچێوەی ئەو گەشتەدا کە بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی بەناو قەزای پێنجوێن‌و چوارتاو شارەزوور ڕانیەو دوکاندا کردوویەتی، بەڕێوە چوونی ئیش‌وکاری بنیاتنانی ئەو گوندە هاوچەرخانەی بەسەرکردۆتەوە کە بۆ خێزانی جوتیاران دەکرێن .

لە سەردانەکەی بەڕێز پارێزگاری سلێمانیدا کە هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەمینداری نهێنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی سلێمانی لەتەکدابووە ئەو گیروگرفتانەی بەسەرکردۆتەوە کە ڕێگای گورج‌و گوڵی جێبەجێ‌کردنی ئەم گوندانە دەگرێت .. ژمارەی ئەو خانوانەی کە لەو قەزایانەدا بنیات دەنرێن دەگاتە هەشت هەزارو ٧٥٠ خانوو کە بەسەر نۆ کۆمەڵدا دابەش دەکرێن لە ئالباریزو ئەلجوالانو کەنارو سورەقەڵات، کارێزەوقەڵادزێ‌و زاراوەو سەنگەسەرو بنکرد ، ئەم پرۆژەیە «١٣» ملیۆن‌و «١٢٥» هەزار دیناری تێدەچێت .. وا چاوەڕوان دەکرێت کە پێش کۆتایی ئەم هاوینە ئەو گوندانە تەواو بکرێن .

« هاوکاری » وکۆمەڵانی خەڵك

زیاد لە جارێك ئەومان بەخوێنەرانی بەڕێز گەیاندووە کە ئەو نامەیەی بۆمانی دەنێرن ، ئەگەر ناوو ناونیشانی تەواوی خاوەن نامەکەی لەسەر نەبێت ناتوانین بڵاوی بکەینەوە لەخوێنەران‌و هاووڵاتیانی بەڕێزەوە گەلێك نامەی وامان پێگەیشتووە ، کە پێشنیارو داخوازیکانیان بەجێ‌یەو شایەنی ئەوەیە کە پێش چاو بخرێت ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو نامانە ناوو ناونیشانی تەواوی خاوەنەکانیان لەسەر نەنووسراوە . بۆیە ناچارین چاوەڕوانی ئەوە بکەین تا ئەو هاووڵاتیانە لە نامەیەکی کەیاندا بەتەواوی خۆیانمان پێ بناسێنن بۆ ئەوەی نامەکانیان بڵاو بکەینەوە .

« هاوکاری »

● **نامەیەک بۆ پێش چاوی شارەوانی سلێمانی .**

ئێمە یەکێکین لەو خێزانە هەزارانەی لەشاری سلێمانیدا ئەژین ، (١٠) خێزانین لە خانوویەکی بچوکدا کە بەکولەمەرگی جێگامان تێایدا بۆتەوە .. لە گەڕەکی ڕزگاری پارچەزەویەکمان هەبوو بەر جادەکەوت .. شارەوانی بەڵێنی ئەوەی پێداین کە لەجیاتی ئەو زەوی‌یە پارچە زەویەکی ترمان بداتێ ..

بەڵام تا ئێستا هیچ دیار نی‌یەو ئەمڕۆ بە سبەینێ مان‌پێدەکەن تکا لە شارەوانی سلێمانی ئەکەین کە ئاوڕێك لە مەسەلەکەمان بداتەوەو بەلایەکیدا بخات ، لەگەڵ ڕێزو سوپا سماندا .

محسن اسماعیل امین

خاوەنی زەوی ژمارە ٦٤/٨٢ گەڕەکی ڕزگاری

● **نامەیەک لەگوندی (سماقولی)یەوە ..**

گوندی سماقولی سەرچاوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای قەزای کۆیەوە ژمارەی خانووەکانی نزیکەی سەدخانوو دەبێت . لە ساڵی (١٩٥٦)ەوە قوتابخانەیەکی سەرەتایی شەش پۆلی تێادایەو تەنیا دوو مامۆستا دەیبەن بەڕێوە ، تا وەکو ئێستا قوتابخانەکە لە خانوویەکی گوندەکەدایە . جالەبەر نەبوونی مامۆستاو تەنگی جێگاکەیان ، ناچارن هەر بەدوو پۆل لەژوورێکدا بخوێنن ، لە گوندەکەدا نزیکەی ٣٠ قوتابی کچی تێادایە کە لەبەرنەبوونی مامۆستای ئافرەت ئەوانیش یەکەیەکە واز لە خوێندن دەهێنن . لە ساڵی (١٩٧٠)وە خەستەخانەیەکی لێکراوەتەوە کە تەنها برین پێچێك بەڕێوەی دەبات . بەڵام ماوەیەکە خەستەخانەکەیان لابردووە لەگەڵ ئەوەدا دەوروبەری حەوت گوندی ئەو ناوچەیە ئەرکیان بەسەر ئەو خەستەخانەیەوە بووە .

هیوادارین کاربەدەستان ئاوڕێك لە پێویستی ئەم گوندە بدەنەوەو چارەسەرێکی بۆ بکەن .. سوپاس

ـ ئازاد صدیق ـ

● **داخوازیکانی گوندی « کانیسارد » .**

برایەك لە گوندی کانیساردی سەر بەقەزای دەربەندیخانەوە نامەیەکی بۆ ناردووین لە نامەکەیدا دەڵێت .. گوندەکەمان نزیك ترین گوندە لە قەزای دەربەندیخانەوە ، بەڵام تا وەکو ئێستا لە هەموو ڕوویەکی پێشکەوتنەوە بێبەشەو پێویستی بەدەستی ئاوەدانی‌و پێشخستن هەیە .. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیەمان زیاد لەجارێك خستۆتە بەرچاوی کاربەدەستان بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە ، وا جارێکی تر لەڕێگای ئێوەوە ئەم داخوازیانە دەخەینەوە پێش چاو بەهیوای ئەوەی پەسەند بکرێت‌و ئاوڕێکی لێ‌بدرێتەوە .

١ ـ قیرتاو کردنی ئەو ڕێگابچووکەی نێوان کانیسار ـ دوو دەربەندیخان کە لە زستاندا دەبێتە قوڕو چلپاوێك ئەك ئۆتۆمبیل بگرە پیاویشی لێدەرناچێ‌و لە هاوینانیشدا ئەبێتە خۆڵو ئەپوتۆزێکی ناڕەحەت .

٢ ـ قوتابخانەکەمان لە پێشاندا شەش پۆلی هەبوو بەڵام ئێستا کراوە بە پێنج پۆل ، قوتابیانی پۆلی شەش ناچار دەبن بەو قوڕو سەرماو بارانە بچن بۆ دەربەندیخان .

٣ ـ تا ئێستاش ئەو گوندەی ئێمە وەك زۆربەی گوندەکانی دەربەندیخان لە کارەبا بێ‌بەشەو لەتاریکیدا دەژی .

٤ ـ زەوی‌و زارەکانمان دێمی‌یەو بەراومان زۆرکەمەو پێویستمان بەوە هەیە کەمیری بیرێکی ئیرتیوازیمان بۆ هەڵکەنێت .

هیوادارین کە ئەم داواکاریانەمان جێگای خۆی بگرێت‌و کار بەدەستان ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لێبدەنەوە .

هاووڵاتی‌یەك لە کانی ساردەوە

Institut Kurde de Paris

پاکی و ڕێکی و چاودێری باش لە دایەنگای کۆرپەی شۆڕش

کارکردنی ئافرەتی ئەمڕۆو دەرچوونی لەماڵ لەهەندێ خێزاندا دەردەسەری‌یەکی زۆر ئەنێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەم خێزانانە منداڵیان هەیەو نازانن ئەو ماوەیەی لە ماڵەوە نابن چۆن بەخێویان بکەن . بۆیە یەکێتی ئافرەتانی هەولێر ئەم گیروگرفتەی بەبایەخ وەرگرت‌و بەشداربوو لە چارە سەرکردنیدا ئەویش بە کردنەوەی « دایەنگای کورپەی شۆڕش » .

« دایەنگای کۆرپەی شۆڕش » لە ڕۆژی (١١) ئاداردا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی‌ی ئافرەتەوە لە لایەن بەڕێز پارێزگاری هەولێرەوە کرایەوە .

هەر وەکوو خوشکە « باسمە یوسف » لێ‌پرسراوی دایەنگاکە بۆی ڕوون کردینەوە : کە لەم دایەنگایەدا منداڵ لە تەمەنی (٤٠) ڕۆژی‌یەوە هەتا تەمەنی (٤) ساڵی واتە هەتا تەمەنی ئەگاتە تەمەنی ئەوەی بچێتە باخچەی منداڵان هەر لە سەعات هەشتی بەیانی‌یەوە هەتا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ مانگی بە هەشت دینار ڕای‌ئەگرین‌و بە ئۆتۆمۆبێلی دایەنگا ئەیانهێنین بەڵام ئەگەر خۆیان بیهێنن بە ٧ دیناروو ئەگەر دایکی منداڵەکە ئەندامی یەکێتی ئافرەتان بێت بە ٦ دینار ڕای‌ئەگرین .

دایەنگا کە سیانزە بەخێوکەری هەیە ئەم بەخێوکەرانە بۆ ماوەی مانگێك دەورەیەکی تایبەتی‌یان بۆ ئەم مەبەستە بینی‌و جۆرەها محازەریان لەپەروەردەی منداڵ‌و نەخۆشی‌یەکانیا بە گوێرەی تەمەنیان پێ‌ووتراوە .

هەر چەند ئێمە مەرجی وەرگرتنی منداڵ جگە لەوەی کە ئەبێت تەمەنی لە نێوان چل ڕۆژو چوار ساڵدا بێت ئەبێت لەپاڵ ئەوەشدا هیچ نەخۆشیەکی نەبێت چونکە هەر وەکوو ئەزانین منداڵ زوو نەخۆشی ئەیگرێتەوە ، دیسان لەگەڵ ئەوەش ئێمە بەم زووانە دوکتۆرێك‌و برین پێچێك‌و سیستەرێك لێرە دائەمەزرێنین .

خوشکە « باسمە » بەردەوام بوو ووتی : ئێمە کە منداڵ وەرئەگرین جگە لەوەی کە ئەبێ هەندێ پێویستی لە شیرو مەمکۆڵە بۆ منداڵی شیرە خۆرە ، قەدەغەیە هیچی تر لەگەڵیان بهێنن چونکە لێرە ژەمی بەیانیان لە سەعات (٩) لە کاستەرو محلەبی‌و شۆربا ئەیاندرێتی لەگەڵ ژەمی نیوەڕۆ کە خواردنێکی تەواو لەگەڵ میوە ئەیاندرێتێ لەبەر ئەوە پێویست ناکات منداڵەکە هیچ لەگەڵ خۆی بهێنێت .

جگە لە خواردەمەنی دایەنگا هەموو جۆرە یاری‌یەکی منداڵانە بۆ منداڵانی ئامادە ئەکات . لەسەر جێگایەکی پاك‌و خاوێن ئەم لایەنە پێویستە باس بکرێت چونکە بایەخێکی تایبەتی ئەدرێتی چ لەباری پاك‌و خاوێنی منداڵەکان خۆیان چ لە باری جێگاکان‌و خواردەمەنیان ، تەنانەت هەفتەی دوو جار هەموو سەر جێگاکانیان ئەگۆڕدرێت‌و منداڵی ساواش بەردەوام پاك ئەکرێتەوە .

ماوەتە سەر ئەوەی بڵێین نەبوونی خانوو بەرە دایەنگاشی گرتۆتەوە چونکە بڕیار وایە لەم دایەنگایەدا جێگای هەشتا منداڵ بێتەوە بەڵام جێگای ئەوەندە نابێتەوە لەبەر ئەوە یەکێتی بەردەوامە لە هەوڵدانی بۆ گۆڕینی جێگاکە بە جێگایەکی باشترو بەڕێوەبەریشی بۆ دابمەزرێنێت .

پ. هاوکاری
لە هەولێر

بەروبوومی کشتوکاڵ لەناوچەی کوردستاندا

تەقەلالای لێهاتوانەی زانستی‌یانە بۆ زیادکردن و چاککردنی بەرهەم

« بەشی لێکۆڵینەوە »

مەسەلەی پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، بایەخێکی فراوانی پێ ئەدرێت . سەردان لە دام‌و دەزگا کشتوکاڵی‌یەکانی ناوچەکە هەر لە ئەمانەتی گشتی کشتوکاڵ‌و زەوی‌سازیەوە تا هەموو سەرۆکایەتی‌یەکانی ناوچە کشتوکاڵی‌یەکان‌و مەڵبەندەکانی چاندن‌و لقەکانی دێـلگە. هەوەزیەکانی جوتیاران ئەم ڕاستیە بە ئاشکرا دووپات دەکەنەوە .

به پێی نەخشەیەك کە ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ لە مەرکەز دایناوە ، لە ساڵانی داهاتوودا لە تێکڕای وڵاتدا بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێت تا ئەو ڕادەیە فراوان بکرێ کە هەموو پێویستی‌یە گرنگەکانی خواردن‌و ژیانە مەنی لە بەرهەمی کشتوکاڵ بگاتە ئەو ڕادەیەی سەرکردایەتی سیاسی وڵاتەکمان نەخشەی بۆ کێشاوە .

سەرچاوەیەکی ئەم ئەنجومەنە ماوەیەك لەمەوبەر ڕای‌گەیاند کە ئەنجومەن ئامانج‌و نەخشەکێشانی لە سەر بنەڕەتی پاشە ڕۆژو پێویستی‌یەکانی ڕۆڵەکانی گەلە ، پێویستی گەل بە خواردەمەنی لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠وە بۆ ١٩٨٥ تا دێ زۆرتر ئەبێ ، جا لەبەر ئەوە کشتوکاڵ بنکەی بنەڕەتیە بۆ زامن کردنی ئەم پێویستی‌یە شۆڕش بایەخێکی فراوانی پێداوە .

زەوی چاك ...
بەرهەمی چاك ...

بۆ ئەوەی چالاکی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لە برەودابێ پێویستە بایەخ بدرێ بە چاککردنی زەوی‌و زاری کشتوکاڵی‌و بکرێتە بنەڕەتی یەکەم هەنگاو بەرەو زامن کردنی خواردن‌و پێداویستەکانی ژیان لە بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ ئەم مەبەستە لایەنە لێپرسراوەکان نەخشەی چاککردن‌و بە پیت کردنی زەوی‌و زارە کشتوکاڵی‌یەکانیان بە جۆرێ داناوە کە ئەتوانرێ لە ڕێ‌یەوە ڕادەی بەرزی مەبەست بهێنرێنە دی .

لەم ڕووەوە ، دەزگای گشتی چاککردنی خاك‌و خۆڵی کشتوکاڵی دەستی کردوە بە کاروباری چالاکانە بۆ چاککردنی هەزاران ملیۆن دۆنم زەوی‌و زار کە ئەو چاککردن‌و دەست پیا هێنانە زانستی‌یانەی ئەم دەزگایە نەخشەی بۆ داناوە ، دەورێکی گەورە ئەبینێ لە پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵیداو سوود وەرگرتنی لەفراوانترین پانایی زەوی‌و زار بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی ئابوریانەو بۆ سوودی ئابوری وڵاتەکەمان .

قەد پاڵی شاخە سەختەکان‌و گۆڕینی بە خاکی بەرهەمداری کشتوکاڵ

لە گەیشتنماندا بۆ ناوچەی دهۆك بە قۆناغێك لە سەرووی گەلی دهۆکەوە ، لە قەد پاڵی چیا سەختەکانەوە چەند لاوێکی ئەندازیاری کشتوکاڵمان دی کە بە قەد پاڵی چیاکاندا بڵاو بوبونەوەو لەگەڵ جوتیارەکاندا خەریکی کارکردن‌و ڕێ نیشاندان بوون بۆ دیاری کردنی ئەو پانایە زەویانەی لەو قەد پاڵانەدا ئەتوانرێ سوودی چاندن‌و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیان لێ وەربگیرێ ئەم چالاکی‌یە بەشێکە لەو نەخشە فراوانەی لە زۆر لای تری ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەستی پێ‌کردوە بۆ چاککردنی زەوی‌و زاری کشتوکاڵ .

پاشە ڕۆژێکی چاکتر

ئەو کێڵگە کشتوکاڵیانەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەزگاکانی سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی‌یەکان سەرپەرشتی ئیشو کاریان ئەکەن ، بە شێوەیەکی هاوچەرخ‌و زانستی‌یانەی وا ڕێکخراون ، چاوەڕێی پاشە ڕۆژێکی ڕووناك‌و چاکتر بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکەیان لێ ئەکرێ .

بۆ نموونە : چالاکی‌یەکانی دەزگای پێشڕەوی کشتوکاڵ لە بەرهەمی زستانەیدا (٢١٥٠) دۆنم زەوی‌و زاری هەر لە کۆیە بۆ بەرهەمی ئەمساڵ بە هەموو پێداویستەکانیەوە ئامادە کردوە ، لە ڕەواندزیش پانایی (١٧٠٠) دۆنمی لە دەشتی دیانا بەتەنیا ئامادە کردوە .

لە دەشتی هەریریشدا (٧٦٩٧) دۆنمی بۆ دانەوێڵەو (٥٠٠) دۆنم بۆ چاندنی نۆك ئامادە کردوە .

ئەم شێوە کۆنە لە چاندنی زەوی‌وزاردا گۆڕرا بە شێوەی نوێ

تەنیا بۆ بیرخستنەوە

ئەگەر چاوێ بگێڕین بە دام‌و دەزگا کشتوکاڵی‌یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە سەرۆکایەتی‌یەکانی ناوچە کشتوکاڵی‌یەکاندا ، هەروا چاو گێڕانێکی خێراش بێ ،

بڕوانە ل ـ ٧

مەڵبەندە کشتوکاڵی‌یەکان لە چیاکاندا

چی لە ناوچەکەدا ڕوویداو

کتێبی هاوکاری

لە قۆناغی ئێستادا چی پێویستە؟

بەڵام مەسەلەکەی‌تر ، مەسەلەی نەرمونیانی ، ئایا ڕاستە هەڵوێستی عیراق پێویستی بە نەرمونیانی هەیەو بەبێ بەرنامەیەکی کار تەنیا لەسنووری هەڵوێستی مەبدەئیانەدا وەستاوە ؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە پێویستە لەڕاستیەکی بنچینەیی‌یەوە هەنگاو بنێین ، ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئەوەی حەقیقەتی هەڵوێستەکانی هەر ڕژێمێك لەبارەی مەسەلە گشتیەکانەوە بزانین ئەبێ چۆنێتی ڕەفتاری لەبارەی مەسەلە تایبەتیەکانەوە لێك بدەینەوە ، شتێکی زانراوەکە ڕژێمی شۆڕشگێڕ لە قوتری عیراقدا کە حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی ئەکات ، لە تێکڕای هەڵوێستەکانی ناو خۆیی‌و لەپەیوەندییە عەرەبی‌و نێو دەوڵەتیەکاندا ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی ڕیشەیی‌و سەرتاپاگیری گرتوتەبەر ، بەڵام لەهەمان کاتداو لە هەر کاتێکدا کە پێویست بوبێت نەرمونیانی بەکار هێناوە ، وە ئەمە یەکێکە لە هۆیەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی‌و جێگربوونی سەرەڕای هەمو ئەو سەختی‌و مەترسی‌و پیلانانە کە لەماوەی دەساڵەی دواییدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە .

بەڵام نەرمونیانیش وەکو کردارێکی سیاسیانەی ئاڵۆز مەرجی خۆی هەیە ، هاوڕێ صدام حسین لەکاتی بەیەکگەیشتنی‌دا لەگەڵ هەندێك لەسەرکردەکانی دەستەکانی بەرگری فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان‌و عەرەب ئەم مەرجانەی ڕونکردەوە ، هەر وەکو لەکاتی بەیەکگەیشتنیدا لەگەڵ قوتابیان قوتابخانەی کادیری حزبی بەوردی ڕونی‌کردەوەو پوختەی ئەوەی هاوڕێ صدام حسین ووتی ئەوەیە کەنەرمونیانی لەکارکردنی شۆڕشگێڕانەدا پێویستە بەڵام ئەبێ لەکاتی بەکارهێنانیدا لەبوونی دووهۆی بنچینەیی دڵنیابین کە ئەمانە : یەکێتی ئەو سەرکردایەتیەی کە ئەو نەرمونیانیە بەکاردێنێ ، وەشۆڕشگێڕێتی ئەو سەرکردایەتیەی کە ئەو نەرمونیانیەو بەرنامە ستراتیجیەکەی بەکاردێنێ ، چونکە نەبونی ئەم دوو مەرجە نەرمو نیانی ئەکاتە پێشەکی‌و پاکانەکردن بۆ هەڵگەڕانەوە .

لەدوخی ئێستای عەرەبدا یەك سەرکردایەتی نیە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە دژی زایۆنیزم‌و لە پشتیشیەوە ئیمپریالیزم ، هەروەها سەرکردایەتیەکانی ئەم لایەنانەی ڕاستەو خۆ ئەم کێشەیە بەڕێوەئەبەن ، کەمیسرو سوریاو ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینین ، سەرکردایەتی‌یەکی شۆڕشگێڕانین ، بەڵکو ئەوانە ئەگەر چی بە ڕادەی جیاواز بێ لە هەڵوێستی ڕاستڕەوانەو هاوپەیانیتی‌و تێکەڵ بوون لەگەڵ ڕاستڕەوانەو هاوپەیمانیتی‌و تێکەڵ بوون لەگەڵ بەکردەوە ئەوەیە کە ئەو نەرمو نیانیەی ئەو لایەنانە بەکاری دێنن ئەنجامەکەی هەر هەڵگەڕانەوە ئەبێ ، نەك کۆ کردنەوەی هێزەکان لەپێناوی پێشکەوتندا ، وە ئەمەش بەکردەوە لەو ماوەی نێوان شەڕوەستاندنی دوای جەنگی تشرین‌و سەردانەکەی ساداتدا هاتەدی ، لەبەرئەوە ڕێگادان بەنەرمونیانی دیاری نەکراو لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە هەڵەیەکی گەورەیە .

بەر لەوەی ئەم قسەو گفتوگۆیانە بەشێوەیەکی فراوان دەست‌پێ بکات ، سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش لەدوای کۆنفرانسی (طرابلس) چەندین کۆبونەوەی فراوانی تری پێك‌هێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەوەزعی عەرەب دوای کۆنفرانسەکە ، وە ئەم خاڵە کە موناقەشەی لەسەرکرا واتا (نەرمونیانی) گرنگترین خاڵەکان بو لە بەرنامەی کارەکانیدا .

ـ ماوێتی ـ

وەرزش لە دهۆکێ

بزافا وەرزشی هەمی جهان‌یاگرتی . خەلکێ بگەرمی بەرێ خو یێ دایێ تاکو ڕادەیەکی گەلەك جارا دلداریت وەرزشی ژ دەولەتەکێ دچنە ئێکادی بودیتنا یارێ . هەلبەت عێراق ژی یابێ باهر نینە ژ ڤێ بزاڤێ . پێلەکا وەرزشی یامەزن یاپەیدابی لناڤ میللەتی‌ڕوژنامەگەریا وەرزشی نوکە جهێ خو یاگرتی دەورەکێ مەزن‌دبینیت بو پێشڤەچوونا وەرزشی . بەلێ دسەرهندێ‌ڕا لدهوکێ یاڵاوازە لدویف جهێت دی یێت عیراقێ‌سەر گیروگرفتێت وەرزشی لدهوکێ برادەر (ادیب محمدصالح) بەرپرسیارێ خودانکرنا وەرزشی ئێگەتیاڵاوان لدهوکێ گوت :

هێشتا پەیسکا وەرزشی لپارێزگەهامە یانزمە چمکی گەلەك گیروگرفت‌و ئاستەنگ یێت دڕێکا پێشکەفتنا وێدا وەناکەن پێنگاڤا خۆ بهاڤێژیت ژ جهێ خۆ ب ڕێبکەڤیت بەرەو چاکتر یێ‌و باشیێ بچیت . وەکی نەبونا یاریگەها وەرزشی دیسان چو یاریگە هێت میللی بو هەمی یاریا نینە بێ‌گومان یاسەیر ئەوە تبنێ لدهوکێ یاریگەهەما میللی نەبیت . هەلبەت هەمی خویندنگەهـ لەمەلبەندا پارێزگەهێ‌و قەزاو گوندا ژی ئەڤ گیروگرفتە یاهەیی .

هەروەسا نەبوونا کادرێت وەرزش یێت شەهرەزا ژ ئاستەنگێت دەرەکینە دڕێکاوێ‌دا . تیپێت وەرزش یێت میللی بنکەهێ بنیاتینە بۆهەمی یارییێت وەرزشی بەلێ مخابن‌بێ سەروبەرن پێدڤی هاریکاریێ‌و دەست‌گرتنێ‌کە . ئەڤە هەیامەکێ کێمە ئێکەنیا گشتی یاڵاوان سەروبەرکرنا وان پێك‌هینانا هەڤرکیت ڤێهر سێ بووان یێ بستوێ خوڤە گرتی . ئەم یێ ل هیڤیێ لسەر بنیاتەکێ زانستی سەرو بەرکەین .

دیسانە برادەر شاکر محمد مصطفی ماموستایێ وەرزشی ل ئامادەیا کاوە گوت : وەرزش لدهوکێ یابەرەو پێش‌کەفتنێ دچیت وەکی هەمی دەفەرێت دی یێت عیراقێ . بەلی یافەرە ئەم بزانین کو جوداهیەکا هەی لناڤ بەینا دهوکێ‌و جهێت دی ژلایێ یاریگەهاو ساحێت میللی . بەلێ لسەر کێماتیا یاریگەها هەڤرکییت‌و وەرزش تێنەکرن لنابەنیا ئەو تیپێت هەنی لدهوکێ دگەل تیپێت پارێزگەهێت دی .

بەلی تڤێت بزانین ئەنجامێ یارێ باش یاسەرکەفتی نینە بێ‌گومان ئەگەرا ڤی‌ژێ لبەر کێمبونا مەشقایەو ژبەر خۆ ئامادەکرن نیە بەری هەڤرکیێ ئەو گیروگرفتێت بنیاتی دڕێکا وەرزشیدا لدهوکێ ئەڤێت خارنە :

آ ـ یاریگەهـ ساحەنینن

ب ـ کادرێت وەرزش نینن

ج ـ هندەل ڕێقەبەرێت خویندنگەها زێرەپار ل قوناغا سەرەتایێدا وەرزش پالنادەن بو پێشڤە .

تیپێت میللی یێت وەرزش کاکلکێت پێش‌کەفتنا وەرزشینە تڤێت باش چاڤێ خوبدەنێ پیتە بێ‌بکەن تاکو قازانجێ ژێ‌بکەن بو ئاڤاکرنا چڤاکی . بەلێ ڤانە تیپا ژێ گیروگرفت یێت هەنی هەکە نەهێنە چارەکرن وەرزش دێ دجهێ خودامینیت داخازێت وان ئەڤە

آ ـ ساحە نین بو مەشق کرنێ

ب ـ تیپێت میللی کامیرەو جلك نینن یافەرە بدەنێ

ج ـ دگەل تیپێت ڕارێزگەهێت دی تێکەل نابن‌و هەڤرکیا دگەل ناکەن بڕێکا ژێ‌گرتیا نەبیت .

برادەر محمد وائیل : نڤیسەڤانە سەروکاتیا چاندنێ دەورەکێ مەزن یێ‌هەین ل پێك هینانا تیپێت میللی گوت :

وەرزش لدهوکێ یاپاشکەفتی بوو ژ نوی یادلقلقیت بەرێ نهو وەکی بەرێ بێ شڤانبو هندەك کەسێت کێم تێنەبن کەسێ دی بەرێ خوئەداینێ چاڤێ خولێ ئەدکر تاکو بەرپرسیارا ژێ‌بپشت گوهێ خوڤە هاڤێتبوو . ڤێجار هەکەسەرو بەر یێ‌هوسابیت پێنە ڤێت ئەم بێژین کاوەرزش لدهوکێ یادچ کراس‌دا : کومەکا گیروگرفتا ڕێکالێ گرتی وەناکەت جابلڤیت .

ئەو گیروگرفتێت برادەر محمد دەست‌نیشان‌کرین وەکی یێت برادەرێت دینە لەوامە ئەنڤیسین .

پ. هاوکاری

بۆدانانی ڕێنووسیکی یەکگرتوو بۆنووسینی کوردی

بەرەو کۆنگرەیەکی دەزگا کولتووری‌یەکان‌و ڕۆشنبیرانی مەیدانی نووسینی کوردی

محمدی مەلا کریم

پاش سالەهای سال کەفارسی زمانی نامە نووسینمان بوو ، لە شیعر بەولاوە هیچ بەرهەمێکی‌ترمان بە زمانەکەی خۆمان نەدەنووسی‌یەوە ، لەئەنجامی پەیدابوون‌و لێشاوکردنی هەستی‌نەتەوەیی‌یەوە ، نووسین بە کوردی دەستی پێ کردو وردەوردە پەرەی سەندو وای لێ هات ئەدیب‌و نووسەرەکانمان‌کردیشیان بە زمانی کولتوورو سەرەنجامی کار گەیشتەرادەیەك لە هەندێ شوێنی کوردستانی عێراقدا کتێبی‌قوتابخانەکانیش کران بە کوردی •

نووسین بە کوردی لە سەرەتادا لەسەر بنەمای نووسین بە فارسی‌یەوە دەستی پێ کرد کە ئەویش لەسەر بنەمای نووسین بە عەرەبی پەیدا بووە • نووسینی عەرەبی کە داهاتووە ، بەهۆی پلەی شارستانەتیی ئەو ڕۆژەوە ، بە کۆمەلێك ناتەواوی‌یەوە داهاتووە • گرنگترینی ئەو ناتەواوی‌یانە کەمیی شێوەیە بۆ دەربڕینی دەنگ • وەك دەبینین سێ دەنگی لە یەك جیاوازی وەك دەنگی (ب)و (ت)و (ث) هەمووی بە یەك شێوە دەردەبڕێ • هەروەها دەنگی (ج)و (ح)و (خ)یش بە یەك جۆر دەردەبڕێ • بەم‌جەشنە تا نزیکەی دوایی پیتەکانی (ئەلفوبێ) کە هەر دوو پیت یا سێ پیت یەك شێوەیان هەیەو ، تەنها لە (ف)و (ق)و لە (ك)و (ل)دا تۆزێ جیاوازی دەست پێ دەکاو لە (م)و (ن)و (و)و (هـ)و (ی)دا بەتەواوی لە یەك جیا دەبنەوە • ڕۆشنبیرانی عەرەب پاشان هەر خۆیان هەستیان کرد کە ناکرێ هەر سێ پیت‌و دوو پیت یەك شێوەیان هەبێ‌و ئەمە دەبێ بەهۆی ئالۆزی‌و سەر لێ شێوان‌و ناچار بی چارکردنی ئەم مەسەلەیە (•) یان داهێناو پیتە لە یەك چووەکانیان پێ لە یەك جوێ کردەوە •

گیروگرفتێکی‌تری نووسینی عەرەبی ئەوەتە تەك تەنها لە سەرەتاو ناوەڕاوەی وشەدا جوولە (حرکة) هەیە ، بەلکو لەدواییشیدا هەیە • نەبوونی شتێکی‌وا کە نیشانەی بوونی ئەم جوولەیەو جۆری ئەم جوولەیە بێ بەپیتێکەوە ، بووە بەهۆی ئەوە کەسێك لە خۆی‌دا باری ڕاستی پیتێك نەزانێ ، لەوانەبێ بە چەند جۆر بیخوێنێتەوە • عەرەب بۆ چاری ئەمەش هاتن (سەر)و (ژێر)و (بۆر)و (دوو سەر)و (دوو ژێر)و (دوو بۆر)و (زەنە)و (شەددە)و (مەددە)و (هەلکشاوە)و (داکشاوە)یان داهێنا • بەلام نووسینی ئەم نیشانانە بە زۆر دەکەوتە سەر بنووس ، بۆیە ناچار وازیان لێ هێناو لە شوێنی‌زۆر پێویستدا نەبوایە نەدەگەڕانەوە سەری •

گیروگرفتێکی‌تری نووسینی عەرەبی بوونی شێوەی جیاوازە بۆ پیت بەگوێرەی شوێنی لە وشەدا • ئەوەتە دەبینین هەر پیتێکی عەرەبی چوار شێوەی بۆ سەرەتاو ناوەڕاست‌و دوایی‌و بازی سەربەخۆیی هەیە ، یا هەر هیچ نەبێ دوو شێوەی هەیە • بۆنموونە (ب) بەم چوار شێوەیە دەنووسرێ (ب ، بـ ، ـبـ ، ـب)• ئەمەش ، وەك ئاشکرایە ، ئەرکێکی گەورەی خستووەتە ئەستۆی ئەوانەوە کە بۆ یەکەمجار دێن فێری خوێندن‌و نووسین دەبن •

فارسەکانیش کە پاش صەد دووصەد سالێك لە هاتنی ئیسلامەتی بۆ ولاتەکەیان کەوتنە ژیاندنەوەی خۆیان‌و دەربڕینی خاسیەتە نەتەوەیی‌یەکانیان ، بەهۆی ئەوەوە کە دەسەلاتی ئایینی‌و دنیایی بەدەست ئایینی ئیسلامەوە بوو ، ئایینی ئیسلامیش بە عەرەبی هاتبوو ، نەیانتوانی زمانی خۆیان بە نووسینی کۆنی خۆیان بژێیننەوە • دووریش نی‌یە شێوەی جارانی نووسینی خۆیان بەشی پێویستی‌یەکانی شارستانەتیی نوێی ئیسلامی نەکردبێ • ناچار بوون پەنایان بردە بەر پیتی عەرەبی‌و شێوەی نووسینی عەرەبی • بەلام بەداخەوە بیرێکی تەواویان لەوە نەکردەوە کە پیتی عەرەبی‌و جۆری نووسینی عەرەبی سەرەڕای ئەوە کە بۆ زمانی عەرەبی خۆیشی بەش ناکا ، تەواوی دەنگەکانی فارسییش ناگرێتەوەو پێویستی بە دەسکاری کردنێ لەوە زیاترە کە بۆ (پ) سێ (•)و بۆ (چ)و (ژ) هەروەهاو بۆ (گ) لەجیاتی یەك (سەر) دوو (سەر) دابنێن‌و ، بەم‌جۆرە گەلێ دەنگیان بێ‌نیشانە مایەوەو هیچ چارێکی مەسەلەی سەرو بۆریشیان نەکرد •

بەم‌جۆرە فارسەکانیش بوون بە میراتگری زوربەی ناتەواوی‌یەکانی نووسینی عەرەبی چ لەبارەی ڕێنووس‌و چ لەبارەی ئامرازەکانی دەربڕینی دەنگ‌و باری دەنگەوە •

کوردەکەی خۆیشمان لە سەرچاوەی عەرەبی‌و فارسی‌یەوە دەستیان دایە دیاری کردنی پیت بۆ نووسینی کوردی • ئەوەبوو ئێمەش لە سەرەتادا وەك فارسەکانمان دەنووسی ، چونکە ئەو دەنگە سەرەکی‌یانەی هەردوولا هەمانن هەر یەکن • ئێمە هەرچەند لەبەر موسولمانەتی‌و لەبەر پەیوەندی دێرین‌و لەمێژمان لەگەل کولتووری عەرەب‌و فارس نەمانتوانی بیر لەوە بکەینەوە کە شێوەیەکی تایبەتی بۆ دەربڕینی دەنگی کوردی داڕێژین‌و بە پیتی عەرەبی‌و فارسی نەنووسین‌و شتی‌وا لە جیهانێکدا کە کولتووری ئایینی ڕەنگی ڕوالەتی بو دەرپشت ، ڕێی تێ نەدەچوو ، ئەشهاتین هەر لە قاوغی شێوە نووسینی عەرەبی‌و فارسیدا بمێنینەوە • ئێمەش وەك گەلە موسولمانەکانی‌تر کە ویستیان دەسکاری‌یەکی ئەوتۆی شێوە نووسینی عەرەبی‌و فارسی بکەن بەدەنگ پێویستی‌یەکانی زمانەکەیانەوە بێت ، زۆر زوو بیرمان لە پێویستیی ئەم دەسکاری‌یە کردووەو تێگەیشتین کەوا ئەبێ لە چوارچێوەی شێوەی نووسینی عەرەبی‌و فارسیدا کارێکی‌وا بکەین دەنگی کوردی بە باشترین شێوە دەربڕین •

ئەوەبوو لە قۆناغی یەکەمدا هاتین لەجیاتی (سەر) ، (ە)و لەجیاتی (ژێر) ، (ی)و لەجیاتی (بۆر) ، (و)مان دانا • ئەنجا هاتین لەجیاتی (شەددە) ، پیتی گیراوەمان کردەوەو کردمان بە دوان‌و ، لەژێر (ر)ی توندو لەسەر (ل)ی قەلەوو (و)و (ی)ی بۆش نیشانەی (٧)مان دانا • هەنگاوێکی‌تریشمان نا ، ئەوەبوو (و)ی درێژمان کرد بە دوو (و) • ئەمانە تا ئێستا بوون بە بەشێك لە نووسینی ستانداردی کوردی‌و زوربەی خەلك پێڕەوی‌یان لێ دەکەن‌و ڕەزامەندیی هەموانیان وەرگرتووە •

هەندێ دەسکاریی‌تریش لە قەوارەی نووسینی کوردیدا بە شێوەی عەرەبی‌و فارسی کراوە لە هێشتنا لەبارەی بەکارهێنانەوە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ماوەتەوە ، وەك چارکردنی مەسەلەی نووسینی (ی)ی درێژو ، کۆبوونەوەی دوو (و) یا دوو (ی) بەیەکەوەو ، لێك جوێ کردنەوەی پێکەوە نووسینی پارچەکانی وشەیەك کە لە دوو سێ پارچە پێکهاتبێ یا وشەیەك کە خۆی دوو وشە بێ بەلام بە هەردوکیانەوە یەك واتا بگەیەنن‌و ، گەلێ شتی‌تر •

بۆیە ئەمڕۆ ناتوانین دوو نووسەری کورد بدۆزینەوە لە هەموو شتێکدا یەك ڕێنووسیان هەبێ‌و ، نووسەرانی کورد ، کەم‌و زۆر ، هەریەکی بە جۆرێکی جیاواز لەوی‌تریان دەنووسن • ئەو هەولە نیمچە ڕەسمی‌یانەش کە دراوە بۆ دانانی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی لە چوارچێوەی ـ ئەوبەرەکەی ـ ئەو لایانە دەرنەچوە کە خۆیان داویانە •

بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردی کە ئەتوانێ دەورێکی گەورە لەم مەیدانەدا ببینێ ، چونکە ئەوە کتێبی قوتابخانە بۆ مندالی کورد دەردەکاو وەچەی نوێمان لەسەر دەستی ئەودا فێری نووسینی کوردی دەبێ ، خۆی ڕێنووسێکی هەیە هەموو کتێبەکانی بەپێی ئەو ڕێنووسە لەچاپ دەدا • بەلام ـ بە ڕای من ـ لەبەرئەوەی کە لە زۆر شتدا لەگەل سەلیقەی نووسین ناگونجێ‌و کاری هاریکاریی نێوان پەنجەو زمان ئاسان ناکاو ، لەبەرئەوەش کە مامۆستاکانی قوتابخانە ناچار نین پەیرەوی لەو ڕێنووسە بکەن‌و مندالی پێ فێر بکەن‌و بەوجۆرە بۆی بنووسن‌و نووسینی لێ وەربگرن ، ئەم ڕێنووسە نەیتوانیوە کارێکی‌وا بکا ببێ بە ڕێنووسی ستانداردی ناو مندالانی قوتابخانەکانی کوردستان •

ڕێنووسی کۆڕی زانیاری کوردیش کە بەداخەوە ئەنجامی لێکۆلینەوەیەکی وردو درێژخایەن نەبوو ، هەرچەند زوربەی بڕبڕەکانی هەر ئەوانە بوون کە خەلك خۆیان وا دەنووسن ، بەلام هەندێ هەنگاوی ئەوتۆیشی تیابوو کە پێویست نەبوو ، وەك ئەوە کە (٧)ی ژێر تیپی (ر) بخەیتە سەرەوە کە سالەهایە خەلك وا فێری بوون لە ژێرەوە دایبنێن‌و هیچ پێویستی‌یەکی بەو جێگۆڕکێیە نەبوو ، یا وەك جوێ کردنەوەی (و)ی عەطف لە پێشەکەی لە هیچ جیاوازی‌یەکی لە (ی)ی ئیزافە یا (م) یا (ت)ی زەمیر نی‌یە • خۆ مەسەلەی کەشیدەکەی سەر (و)و (ی)ی درێژ ، ئەوە دەتوانم بە متمانەوە بلێم کەس بۆی قووت نەچوە • ئەمە گشتی سەرەڕای ئەوە کە ئەم نیشانانە لە چاپخانەی کۆڕ خۆیدا نەبێ لە هیچ چاپخانەیەکی‌تردا نین‌و تا ئێستا هیچ خاوەن چاپخانەیەك بیری لەوە نەکردووەتەوە دروستیان بکات بۆ چاپخانەکەی • بۆیە ئەم ڕێنووسەش نەیتوانی ببێ بە ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی‌و ، لە چوارچێوەی چاپەمەنی‌یەکانی کۆڕ نەچوە دەرەوە ، ئەویش بە شێوەیەکی نیوەو ناتەواو ، بەجۆرێ کە ئێستا هەر هەلەیەك لە ڕێنووسی یەکێ لە بەرهەمەکانی کۆڕدا هەبێ ، زۆرکەس وادەزانن ئەوە ڕێنووسی کۆڕەو هەندێ کەسیش بە هەموو توانایان ئەم شتە ناڕاستە بلاو دەکەنەوە •

من لەم وتارەدا نامەوێ لە جیاوازیی ڕێنووسەکانی ئەم‌و ئەو بدوێم‌و ڕاست‌و چەوت بە ڕای خۆم دەست‌نیشان بکەم • ئەمە ئەرکی سەرشانی سیمینارێکی تایبەتی‌یە کە بۆ دانانی ڕێنووسی یەکگرتووی کورد بگیرێ • من ئەم پێشەکی‌یە درێژەم بۆ ڕێخۆش کردنێکی بەرچاو ڕوونانە بوو بۆئەوە کە بلێم ئێستە پێویستمان بە ڕێنووسێکی یەکگرتووە کە هەموومان لەسەری بڕۆین ، تەنانەت ئەگەر پڕیش بێ لە هەلە • دیارە ئەمە نابێ وابگەیەنێ کە من لایەنی هەلە دەگرم‌و بە هەلە قایلم • بەلام بێگومان ڕێنووسێکی یەکگرتووی پڕ لە هەلە کە خەلك فێری ببن‌و پێڕەویی لێ بکەن ـ وەك ڕێنووسی ئێستای عەرەبی بۆ خۆیان ـ زۆر باشترە لەم پاشاگەردانی‌یەی ئێستای نووسینی کوردی کە زۆر شتی ڕاستەو چەند قۆناغ لە ڕێنووسی عەرەبی‌و فارسی لەپێشترە •

من بزانم گەلێ لە زمانە زیندووەکانی جیهان زۆر شتیان بە هەلە دەنووسن • بەلام مادەم هەرکەس بەو زمانە بنووسێ وا دەنووسێ ، ئەو هەلەیە ئەوەندە لەبەرچاودا نانوێنێ •

من ئەمەوێ ڕووی دەمم بکەمە هەموو ڕۆشنبیرانی کوردو پێیان بلێم ئیتر بەڕاستی وەختی ئەوە هاتووە چارێکی ئەم مەسەلەیە بکەین • چارەکەش ، بە ڕای من ، بەوە دەبێ لە هاوینی ئەمسالدا کۆنگرەیەك بە سەرپەرشتیی دەزگای کولتووری کورد (دار الثقافة الکردیة) ئامادە بکرێ نوێنەرانی کارامەو شارەزای ئەم دەزگایەو بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردی‌و کۆڕی زانیاری کوردو بەشی کوردۆلۆژیی هەردوو زانکۆکەی بەغداو سلێمانی‌و هەروەها ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەشی بۆ بانگ بکرێت کەوا لە مەیدانی چارکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی

بڕوانە ل ـ ٧

لە دوو «خەلیل منەوەر» دۆستەوە بانگەوازێك!

نەریمان

لە ژمارە (٤١٢)ی ڕێکەوتی ٦ـ٢ـ١٩٧٨ی ئەم ڕۆژنامە بەرێزەدا مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی شتێکی دەربارەی (میرزا خەلیل منەوەر) نووسیبوو کە بریتی‌بوو لە سەرەتایەك‌و پارچە شیعرێکی شاعیر کە لە کاك (هەردەوێل کاکەیی) یەوە بۆ ئێستگەی کوردی هاتبوو ، مامۆستا هەورامانی لە نووسینەکەیدا ئەوەشی خستبووە یاد کە نووسەری ئەم چەند دێڕە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٦)ی سالی ١٩٧٤دا شتێکی دەربارەی (میرزا خەلیل منەوەر) بلاوکردبووەوە ، وادیارە مامۆستای بەرێز لەم دوو نووسینەدا سەرسام‌بووەو خۆی لە چەقی دوو ڕێیانێکدا دیبوو چونکە لای ساغ نەبوو بوەوە ئاخۆ دوو خەلیل منەوەر هەیە وەیان هەردوو-کیان هەریەکن ؟ جا لەبەر ئەوەی کەسیتر توشی ئەم دوودلی‌یە نەبێت بە پێویستم زانی ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی دەربارە بنووسم :

خەلیل خدر (منەوەر) لە هۆزی (کاکە)یی‌یە لە دەوروبەری سالی ١٨٦٥ لە دایکبووەو لە سالی ١٩٢٤دا کۆچی دوایی‌کردووە ، نیوەی ژیانی لە کفری‌و ئەو دوایی لە کەرکوك‌و ناو کاکەیی‌و خانەقی‌و تاوخ‌و دووز بردوەتە سەر ، داخەکەم ئەو قوتابی‌یانەی ئەو لە کفری دەرسی پێ ووتون لەم سێ سالەی دوایی‌یەدا یەك‌لە دوای یەك کۆچی دوایی‌یان کرد بەلام لەهەر یەکەیانشتێکم کۆ ئاندبوەوەو ئەوانەشیان ماون هەر چەندە تەواو پیربوون بەلام هێشتا بەشی ئەوەیان تیاماوە کەلکیان لێ‌وەربگیرێت ، لەم دوایی‌یەدا دوو دەفتەر (بەیاز)م دەست‌کەوت کە بەخەتی شاعیر خۆی نوسراون‌و گەلێك پارچەشیعری خۆی تێدایە کە بە کوردی‌و تورکمانی لە کفری‌هەلی بەستوون جگە لە چەندەها نموونەی سکالاو کاغەزنووسین بە تورکی • جگە لەم سەرچاوانە لە گۆڤاری (الاخاء) (قرداشلقی ـ تورکمانی‌و عەرەبی)ژمارەی مانگی ئەیلول‌و تشرینی سالی ١٩٧١دا چەند‌پارچە شیعرێکی تورکمانی لە لایەن مامۆستا (موسا زەکی مستەفا)وە بلاو کراوەتەوە هەروەها لە کتێبی(عراقدە تورکمن ادبیات کورتەکلری) واتە (چەند نموونەیەك لە ئەدەبیاتی تورکمانی عیراق) کە لە سالی ١٩٧٧دا چاپکراوە یەك پارچە شیعری تورکمانی‌و چەند دێرێك لە ژیانی (منەوەر)ی تێدایە ، هەردووسەرچاوەکە باسی ئەوەیان نەکردووە کە ئەم شاعیرەشیعری کوردی هەبێت •

ڕۆژی (٢٨) مانگی پێشوولە بارەگای (کۆمەلەی ڕۆشنبیری کورد) لە بەغدادو‌دوارۆژی هەمان مانگیش لە بارەگای (یەکێتیی نووسەرانی‌کورد ـ لقی سلێمانی) سەرو باسێکم دەربارەی شاعیرمان‌خوێندەوەو لە لایەن جەماوەری ئەدەب چێژەوە گفتوگۆی لە سەرکراو مایەی پەسەندکردن‌بوون •

لە گەل خوالێ‌خۆشبووخەلیل منەووەردا لەیەك سەرچاوە ئاومان خواردوەتەوەو لە شارێك چاومان هەل هێناوە ، هەر لە مندالی‌یەوە گوێم لەو ناوە بوەو شیعرەکانی هەستی‌بزواندوم کاری تێ کردووم ، هەرچەندە بەدیدەنی ئەوشادنەبووم بەلام زۆربەی زۆری قوتابیانی ، خانۆکەی‌ئەو چاخانەی ڕۆستەمی تیا دە خوێند هەمووی دەبنە چەندهۆیەك بۆ ڕوونالکردنەوەی ئەم ڕێگەیەی گرتومەتە بەر بۆئەوەی هەلوێستە بیاوانەکانی ، قسە خۆشەکانی ، شیعرە جەماوەری‌یەکانی کۆ بکەمەوە ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەم‌ڕۆژانەدا چاوم بە کاك (هەردەوێل کاکەیی) کەوت‌بینیم ئەو لە من بە پەرۆشترە، دەیەها پارچە شیعری میرزا خەلیلی، ـ وەك خۆی ئەلێت ـ لە سینگی پیرەپیاوو پیرەژنانی‌هۆزی کاکەیی‌یەوە دەرهێناوەو تۆماری کردوون‌و ئێستاش‌لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوامەو بە هەردو دەشتی‌کاکەیی‌دا وێل بووە تا وەکوو شتێکی نوێ‌تری دەست بکەوێت •

خەلیل منەوەر شاعیری‌چەوساوەکان‌بووە ، ئازاو نەبەردو چاوتێر بووە ، ئێش‌وئازاری کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و ڕامیاری سەردەمی خۆی لەپارچە شیعری (ئاخرزەمانە)ن دا هۆنیوەتەوەو تیادا دەری‌بڕیوە کە چۆن شیرازەی ئاسایش لە سەراسەری‌دەولەتی عوسمانی‌دا پساوەو پەردەشی لەسەر ستەمکارهەلداوە ، سێ‌و دووی لێ نەکردووە دەولەت بێ یاهۆز گەورەبێ یابچووك تیری خۆی تێ گرتووە •

لە پارچە شیعری(کوشتنی شێخ سەعید)یشدا دەچێتە ‌نێو بناوانی‌کاروساتەوەو سەرەنجامەکانی دەرئەبڕێ لە داستان(ملحمە)یەکی ١٩٥ دێڕەشیعردا •

لە پارچە شیعری (پارەپەتیارە)شدا فرە بوونی پارەی جۆراو جۆر (تضخم)بێ ڕەواجی ئەو پارانە ، بازاڕ کەساسی ، بێ کاری ،هەموو دەر ئەبڕێت •

شاعیری ئەو سەردەمە ئەگەر لەپەنا ناهێکەوە دوودێری کوردیان ووبێ ،ماستاویکیان بۆ سولتانی عوسمانی وەیا بۆ شای عەجەم‌هەر ساردکردوەتەوە • کەچی خەلیل منەوەر نە بەسەردەولەتدا هەلیداوەو نەستایشی کەسیشی کردووە •

تەنها بۆ ئەوەی تاقی‌لۆتی (چاوش) ـ هونەرمەند ـ لە زولمێك‌رزگاربکات دەچێتە لای کوێخایەك کە داواکەی‌ئەهێنیتە جێ‌و لە چاوشەکان ئەبورێت ئەوسا لە سێ چواردێردا ەوای تەمەن درێژی ئەکات چونکە لەو پێچارانەووردوە •

لە گەل شێخ ڕەزای‌تالەبانی‌دا پەیوەندی‌یان هەبووەو شەڕە شیعری‌ئەوتۆیان لە نێواندا هەیە ئەتوانم بلێم لە شیعرەکان(جەریر)و (فەرەزدەق) کەمترنین ، وەك ئەمەی شێخ‌ڕەزا ئەلێت :

کاك خەلیل گوێ دەر وی گفتارانە
بواچی پەرێت شوون‌و نشانە

وەیان :

ئامنیان بردە دیوان (سید خلیل)
ئەرتۆ نەبوایەی زۆر ئەبوم زەلیل ؟

لە دوایشدا ئەلێ :

مەواچە ڕەزا خەیالەش خاوەن
شیعرو گوفتارەش قسەش بێ تامەن

ئەمەش دوو تاکە شیعری‌میرزا خەلیلە ئاراستەی شێخ ڕەزای ئەکات :

زەرە زەڕ ڕەزا پەی زەڕو پارەن
ڕەزا پەرێ زەڕ نەیاد بێزارەن

وەیان :

ڕەزا عارت بو ١ی حورفە وسەن
حرفی نادروست پەرێ کەس وشەن

وەك چۆن نجم الدین مەلانزیکەی نیو سەدە دەرسی بە قوتابیان وتوەو مامۆستای‌نەمر (مەلا کاکە حەمە)ش لە دێهاتەکانی گەرمیان ٢٥ سال‌قوتابی پێ گەیاندووە ، هەروەهاش خەلیل منەوەر بەم‌دوو تاکە داوای لە سید ڕوستەم کاکەیی کردووە لە گوندەکەیدا قوتابخانەیەك بکاتەوە :

گەر وەتەمانی دەوران برانی
پەرێم بناکەر یەك گەورە خانی
کەرێش وە (مەکتەب) پەرێ (ئەطفالان) :
دەرۆم تەعلیم شان فرێ وەڕەوان

هەر کە سید ڕوستەم‌ئاواتە کەی بەجێ نەهێنا ڕووی کردەکفری‌و لەوێ خۆی حوجرەیەکی لە خانۆکەی‌خۆیدا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان‌کرد •

میرزا خەلیل بەتورکمانیش شیعری زۆر ووتوە چونکە لەو هەرێمەدا هەر لە زووەوە قسەکەری ئەم زمانە هەن بۆ ئەوەی ئەوانیش‌لە زولم‌و زۆری چەوسێنەر ڕزگار بکات بێ بەشی‌نەکردوون ، بە فارسیش چوارینی زۆرە ، بە عەرەبی‌پارچە شیعری جیاوازیم دەست نەکەوتووە بەلام تێ‌هەلکێش بە زمانی جەماوەری عەرەبی ئەو شوێنانە شیعری‌ووتوە •

شاعیرمان گەیشتوەتە پلەی ئیجازەی عیلمی بەلام مەلایەتی نەکردوەتە پیشەو ئەی ویستووە لە سەر خەلق بژی ، وەك ڕۆشنبیر (منەوەر)ێك باوەڕی بەوە بووە کە پێویستە هەموو کەس فێری خوێندن‌و نووسین بین بۆ ئەم مەبەستەش حوجرەی بۆ فێرکردنی مندالان کردوەتەوە ، چەخماخ سازی کردوەتە پیشە ، سکالاو داوای خەلقی بە تورکی‌یەکی بوخت بۆ نووسیون نموونەی چەندەهایم لە لایە ، شەوانیش لە چاخانەکەی (ئەکبەر) ڕۆستەم‌و زۆراوی خوێندوەتەوە •

بۆ ئەوە بتوانین هەموو شیعرەکانی ئەم شاعیرە جەماوەری‌یە لە دیوانێکدا کۆ بکەینەوە لەگەل برای بەڕێز (هەردەوێل کاکەیی)دا قسەمان‌کرد بەیەك وا بە هەردووکمان ڕووی دەم لە هەموو لایەك ئەکەین هەر کەسێك چی دەربارەی ئەم شاعیرە دەزانێت چ پارچە شیعرێکی لە لایەو بە چ زمانێکە ئەوا بۆ یەکێك لەم دوو ناونیشانەی خوارەوە بنێرێت ، ئەوەش بزانێت ئەبێتە شەریکە پرۆژەمان‌و ناوی لەبیر ناچێتەوە :

١ ـ کرکوك ـ مکتبة التأمیم ـ بواسطة صاحبها ـ الی السید هردوێل طالب کاکەیی•

٢ ـ بغداد ـ اعظمیة ـ دائرة الاشراف التربوي ـ مصطفی نریمان •

Institut Kurde de Paris

بۆ دانانی رێنووسی « پاشماوە »

كوردیدا دەنگ‌و رەنگێكیان هەیە ، بۆئەوەی بە گیانێكی پڕ لە هەست بە لێ‌پرسینەوە كردن‌و رێزلێ‌گرتنی زانست‌و خۆشەویستیی زمانی كوردی‌و خوێندنەوەی كوردی‌و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانەوە لەم مەسەلەیە بكۆڵنەوە ، هیچ نەبێ لەبارەی لقە گرنگەكانی پاشاگەردانیی نووسینی كوردییەوە بگەنە ئەنجامی پێویست · ئەنجا ئەو دەزگایانەش هەموو لە كاری خۆیاندا بەپێی بڕیارو ئەنجامەكانی ئەو كۆنگرەیە بجووڵێنەوە · من لەوباوەڕەدام لە حاڵی‌وادا بەشی زۆری نووسەران خۆیشیان هەر لە خۆیانەوە ئەو بڕیارانە جێ‌بەجێ دەكەن‌و مامۆستایانیش منداڵانی كورد بەوجۆرە فێری خوێندەواری دەكەن ، چونكە هەركام لەمانە بەش‌بەحاڵی خۆی بەتەنگ ئەوەوەیە كە كوردییش وەك زمانە گەشەكانی جیهان رێنووسی یەكگرتووی خۆی هەبێ‌و ، هەستی نەتەوەیی‌و نیشتمان پەروەرییان تەگەرەكانی ئەم رێگایەیان بۆ تەخت دەكات ·

من ڕووی دەمم دەكەمە دەزگای كولتووری كورد كەوا ئەم ئەركە پیرۆزە لە ئەستۆی خۆی بگرێ ، چونكە هیچ‌كام لە دەزگا كوردییەكان لەو لێ‌هاتووتر نییە بۆ ئەم كارەو ، پێشنیاری بۆ دەكەم كە هەر لە ئێستاوە ڕەزامەندیی كاربەدەستانی سەرەوە لەمڕووەوە وەربگرێ‌و پەیوەندیش لەگەڵ ئەو لایەنانە دەست پێ بكا كە ناوم هێنان بۆئەوەی لە هاوینی داهاتوودا جارێكی‌تر ڕۆشنبیرانی كورد لە شەقڵاوە یا شوێنێكی‌وا خڕببنەوەو بەڵكو ئەمجارە بتوانن ئەم گیروگرفتە زلەی ڕێگای یەك شێوەیی نووسینی كوردی چار بكەن ·

سەربازانی « پاشماوە »

ئازارەوە هێندێ پارمەتی پتریان بۆ خانوو پێ دەكرێ ، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە شازدە هەزار ماڵی ئەفسەرو عەسكەری ئەمریكایی لە ئەڵمانیای رۆژئاوا كە یەكێك لە گران خەرجترین وڵاتانی ئەورووپایە لە وەزعێكی شپرزەدا دەژین ·

زۆر لەوانە مانگی ٥٠٠ دۆلار وەردەگرن كە دەبێتە هەزار مارك ، ئەوە بەشی ژیانی خوێندكارێك ناكات خانووی هەرە هەرزان لە ئەڵمانیای رۆژئاوا كرێی مانگی ٤٠٠ ماركە · ئەوپارەی بۆ كرێ خانوو دەدرێ بەوان ، بەشی نیوەشی ناكات ·

تەنگ‌و چەڵەمەی ژیان لە نێو لەشكری ئەمریكادا گەیوەتە رادەیەك كە فەرماندەكانی لەشكر خەریكن گەڵاڵەیەك پەسند بكەن ، بەگوێرەی ئەو ، ڕێگا بدرێ بە ژن‌و منداڵی ئەفسەرانی پایە نزم كە لە چێشتخانەكانی لەشكر نان بخۆن ·

لە نێو عەسكەرییەكانی ئەمریكاییدا جیابوونەوەی ژن‌و مێرد لە یەكتر بە چەشنێكی سامناك زیادی كردوە · خۆیان دەڵێن هۆی ئەساسی تەنگ‌و چەڵەمەی ژیانە ·

یەكێك لە ئەفسەرەكان دەیگوت : « دژدارییەكە زۆرە · كاتێكی مرۆڤ نەتوانێ ماڵ‌و منداڵی بەخێوكات ، ناچار دەبێ دەستیان لێ هەڵگرێ » · زۆریان ژن‌و منداڵیان بۆ ئەمریكا دەنێرنەوە ، لەوێ لایەنی كەم دەتوانن كۆپیێنی خواردەمەنی وەربگرن » ·

هەرچەندە تەنگ‌و چەڵەمەی بنەڕەتی‌ی خێزانە عەسكەرییەكانی ئەمریكایی پارەیە ، بەڵام غەریبی‌و لێك هەڵبڕانیش ئەو تەنگ‌و چەڵەمەی دژوارتر كردوە · ئەو ماڵانەی لە دەرەوەی پێگە عەسكەرییەكان دەژین ، لەڕاستیدا « لەوێ ڕێ نەدراوو لێرە دەركراون » چونكە زمان نازانن لەگەڵ دراوسێ ئەڵمانییەكان پێوەندیان نیەو هەر لەو كاتەشدا لەگەڵ ماڵەكانی پێگە هاتووچۆیان نیە · یەكێك لەوان دەیگوت :

« دەزانی چەندە ناخۆشە ، كاتێكی مرۆڤ لەسەر سنوور بیر لەوە بكاتەوە كە ژنەكەی بەشی خواردنی منداڵان پارەی نیە ؟ بێ گومان گیانی لەبەردا نامێنێ » ·

عەریفێكی ئەمریكایی گوتوویە : « پێتان وانەبێ كە سەربازی ئەمریكایی شەڕ ناكات ، ڕاستە پارەو مەعاشی كەمە ، بەڵام ئەو نەگۆڕاوە » · بەڵام زۆریش لەوانە گوتوویانە : « ئەگەر مەئمورییەتیان تەواوبێ لە عەسكەری ئیستقالە دەكەن » · زۆر سەنەدو بەڵگەی حاشا لێ‌نەكراو هەن كە ئەو ئەفسەرانەی لە لەشكری ئەمریكا ئیستقالە دەكەن ، ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادییە · ئەوانەش ئەو كەسانەن كە لەشكری ئەمریكا پێویستیی پێیان هەیە · دیارە پارە بۆ ئەوان تەنیا هۆیەكە ورەیان تێك دەشكێنێ‌و لەشكری حیرفەیی ئەمریكاش تووشی هاتوە · شكانی ئەمریكاش لە ڤێتنام هۆیەكی دیكەی تێكشكانی ورەی سەربازی ئەمریكاییە · هۆیەكی دیكەش كەم‌كردنەوەی زێدەیی‌و مەعاشی سەربازانە كە كۆنگرەی ئەمریكا پەسندی كردوە · ئەوبڕیارەی كۆنگرەی ئەمریكا ڕێگای بۆ ئەوە نەهێشتۆتەوە كە خەڵك بە دڵخوازی خۆی بێتە عەسكەری ئەمریكا · بۆ زۆر خێزانی ئەمریكایی خزمەت لە ئەورووپا زۆر تاڵ‌و دژوارە · ژنی ئەفسەرێكی ئەمریكایی دەیگوت :

« بۆ دەبێ سەربازی ئەمریكایی بۆ پارێزگاری ئەورووپاییەكان بچێتە ئەورووپاو ژن‌و منداڵی تووشی برسیەتی بێ ؟ بە ئێمە چی كە وەزعی ئەورووپا چۆن دەبێ ؟ » ڕەنگە ئەو لێكدانەوەیە ڕاست نەبێ ، بەڵام هەستی ئەو ژنە دەری دەخا كە زۆر ژن‌و منداڵی دەست‌تەنگی ئەمریكایی لە ئەورووپا هەرئاوا بیر دەكەنەوە ·

ڕژێمی سوریا « پاشماوە »

پاشان ڕۆژنامەكە گوتوویە حافظ اسد لە كودتای دژی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و تەسلیم كردنی جۆلان لە ساڵی ١٩٧٦دا بەشدار بووەو لە شەڕی تشرینی ١٩٧٣شدا ئەمەی چەسپاندوە ·

هێزەكانیشی ناردۆتە لوبنان تاكوو دەوری پیلانگێرانەی خۆی تەواو بكاو پشتی هێزە دەستە ڕاستییەكان بگرێ دژی هێزە نیشتمانییەكانی لوبنان‌و هێزەكانی بەرگری فەلەستین · ئەوە بوو كە لە خوارووی لوبناندا گەمارۆدان‌و ڕێگای نەدا هیچ جۆرە یارمەتییەكی یان پێ بگاو بەزێك كەوتن لە گەڵ زایۆنییەكان لە نیزیك (خەتی سوور) ڕاوەستا بۆ ئەوەی دوافەسڵی لەناو بردنی ئەو هێزانە یان هیچ نەبێ لەكار خستنیان لەم قۆناغەدا بۆ زایۆنییەكان بە جێ بێڵێ ·

تەقەللای « پاشماوە »

دەردەكەوێت تا چ ڕادەیەك بایەخێكی فراوانی ڕێكوپێك بە پەرەپێدانی كشتوكاڵ لە ناوچەكەدا دەدرێت ·

★ **پارێزگای هەولێر**
- دیوانی سەرۆكایەتی ناوچەی كشتوكاڵ
- دەزگای كشتوكاڵ‌و چاندنی پێشڕەو « زائد »
- كێڵگەكانی لێكۆڵینەوەو بەرهەم ·
- هەرەوەزكاری « ئاری » لە عینكاوە ·
- بەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزكاری‌و خزمەت گوزاری كشتوكاڵ
- ڕۆشنبیری جەماوەر
- حەجران : پرۆژەی پەرەپێدانی دارستانەكان
- باخچەكانی میوە لە هەریر
- كشتوكاڵی پێشڕەو لە هەریر

★ **پارێزگای سلێمانی :**
- دیوانی سەرۆكایەتی ناوچەی كشتوكاڵ
- بەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزو خزمەت گوزاری
- لقی سەرچنار
- ئێستگەی لێكۆڵینەوەی بەرهەمی كشتوكاڵ لە بەكرەجۆ
- هەرەوەزكارییەكانی جوتیاران ، شارەزوور ، سەرئاو ، شانەدەری ، خورماڵ ، سورداش ، دوكان ، ڕانیە ، قەڵادزێ
- لە چوارتاو ئەزمەر (باخچەو بێستانەكانی میوە)

★ **پارێزگای دهۆك**
- سەرۆكایەتی ناوچەی كشتوكاڵ
- بەشی ئەخشەو بەدواداچون ·
- پەروەردەی ئاژەڵ لە باڵتە
- شوێنی شەتڵ كردن لە سەرسەنگ ، دارستان صندور ، كورە هەنگەكانی صندور ·
- لقی دەزگای چاككردنی زەوی ·
- دەشتی سلیڤان ـ پرۆژەكانی پەروەردەی ئاژەڵ ·

دەربارەی دۆخی « پاشماوە »

شۆڕش‌و سەرۆك وەزیر ·

ڕادیۆی كابول ڕایگەیاند كەوا ئەنجومەنی وەزیران لەم كۆبوونەوەیەیدا گوێی گرت لەهەندێ ڕاپۆرت لەبارەی وەزعی وڵات‌و چالاكی وەزارەتەكانەوە ·

لە لایەكی‌ترەوە ، ئەڵەمانیای دیموكرات بڕیاریدا كۆماری دیموكراتی ئەفغانستان بەرەسمی بناسێ ، ئەم هەواڵە لەلایەن سەرچاوەیەكی ڕەسمییەوە لەبەرلین ئاشكراكرا بەڵام باسی ئەوە نەكرا ئەم بەرەسمی ناسینە چۆن بەرژێمی تازەی ئەفغانستان ڕاگەیەنراوە ·

هەر لەم لایەوە ، وەزارەتی دەرەوەی توركیا ، ڕایگەیاند كەوا پەیوەندییەكانی جارانی توركیاو ئەفغانستان هەر وەكو خۆی ئەمێنێتەوە ، وبەیاننامەیەكی ڕەسمی نیشانیدا كەوا حكومەتی توركیا ڕووداوەكانی ئەفغانستان بە مەسەلەیەكی ناوخۆ دادەنێ بەگوێرەی‌و سیاسەتی دەرەوەی توركیا ، بەرەسمی ناسین لەگەڵ دەولەتاندا دەكرێ نەك لەگەڵ حكومەتاندا ، لەبەر ئەمە مەسەلەی بەرەسمی ناسینی ڕژێمی تازەی ئەفغانستان پێویست باس كردن ناكات ·

ئەوەی شایانی باسە ، كۆماری دیموكراتی یەمەن‌و چیكۆسلۆڤاكیاو پۆلەنداش حكومەتی تازەی ئەفغانستانیان بەرەسمی ناسیوە ·

بۆزانین

بەیاننامەی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٨

لە دەزگای گشتی خواردەمەنی‌دروست كردن دەرچووە

بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی‌ڕێكخستنی بازرگانی ژمارە ٣٢١ لە ١٩ـ٣ـ١٩٧٨ كەوابەڕێز سەرۆكی كۆمار مۆری كردووە بە پێی بەڵگەنامەی‌سەرۆكایەتی دیوانی سەرۆكایەتی كۆمار ژمارە٤١٣٨ لە ٢٩ـ٣ـ١٩٧٨ كە بە پێی ئەوە پلەو نرخی كڕینی‌توتن وتۆ باكۆی بەرهەمی وەرزی ساڵی ١٩٧٨ كشتوكاڵی‌دیاری كردووە ·

یەكەم : ڕای ئەگەیەنین‌كەوا پلەو دوا نرخی كڕینی توتن‌و تۆ باكۆی بەرهەمی وەرزی ١٩٧٨ كشتوكاڵی لەوجوتیارانەی ئیجازەیان دراوەتی بەم پلەو نرخانەی خوارەوەدەكرڕێن :

توتنی چاكی پلە ممتاز	١١٠٠	هەزارو سەد فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
توتنی چاكی پلەیەكەم	٩٠٠	نۆسەد فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
توتنی چاكی‌پلەدووەم	٧٢٥	حەوت سەدو بیستو پێنج فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
توتنی چاكی پلەسێیەم	٤٠٠	چوار سەد فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
توتنی چاكی پلەچوارەم	٢٠٠	دوو سەد فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
تۆباكۆی پلە یەكەم	٥٠٠	پێنج سەد فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
تۆباكۆی پلە دووەم	٣٩٠	سێ سەدو نەوەد فلس بۆ هەر كیلوغرامێك
تۆباكۆی پلە سێیەم	٢٨٠	دوو سەدو هەشتا فلس بۆ هەر كیلوغرامێك

دووەم : كرێی گواستنەوە بۆ ئەو ڕێگایانەی لە پێنج كیلومەتر زیاتر ئەبن لە نێو كێڵگەو شوێنی وەرگرتن‌و بۆ هەر سەد كیلوغرامێك بەم‌جۆرەی خوارەوە دەبێت ·

چەشن	درێژی ڕێگا بەكیلومەتر	هۆی گواستنەوە ئاژەڵی	هۆی گواستنەوە ئۆتۆمۆبیل
توتن	١	١٥ فلس	١٠ فلس
تۆباكۆ	١	١٠ فلس	١٠ فلس

دووەم : ٥٠٠ فلس ئەدرێتەجوتیار لە جیاتی نرخی ئەو شتانەی كە باڵە توتنەكانی پێ‌شەتەك ئەدەن هەروەها ٣٠٠ فلس ئەدرێتە جوتیار لە جیاتی‌ئەو شتانەی كە باڵە تۆباكۆكانی پێ شەتەك ئەدرێن، ئەم پارەیەش نادرێتە جوتیار ئەگەر هاتوو شتومەكەكانی‌شەتەك دان كۆن‌و بەكار هێنراو بوو ·

موفق سلمان علاوی
و· سەرۆكی دەزگای گشتی خواردەمەنی دروستكردن

بۆزانین

لە پرۆژەكانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی ڕەنێو هێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی كاروخانە سازی ناوچەی كوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٧٨/٩ی دروست‌كردنی (مەڵبەندی پەروەردەكردنی دایكان‌و ساوایان لە عمادیە / دهۆك ·

لەبەر بەرزبوونی ئەو نرخانەی كە لەلایەن قۆنتەراتچیەكانەوە بۆ قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٧٨/٣ پێشكەش‌كراوە بڕیارماندا بۆ زانینەكە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دووبارە بكەینەوە ·

١ ـ ئەتوانرێت كۆمەڵە نیسكارەی مەرجەكانی قۆنتەراتەكە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی كاری پارێزگای دهۆك بە (١٥) پانزە دینار وەربگرێت كە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و مواسەفاتە هونەرییەكان بكڕێت كاتێك قۆنتەراتەكەی ئەكەوێتە ئەستۆ ·

٢ ـ دوا ماوە بۆ پێشكەش كردنی تەندەرەكان پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕێكەوتی ١٣ـ٥ـ١٩٧٨ ئەبێت‌و ئەدرێت بەسكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان لەمەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یە ·

٣ ـ پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ تەندەرەكاندا هەبن :

أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەكی) نزیكەی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار لە شێوەی كەفالەتی بانق كە بۆ ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەكەوە بەكار بێت ، یاخود لەشێوەی چەكێكی مۆركراودا بێت ·

ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگە نامەیەكدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە كرابێتەوە ·

ج ـ بەرنامەی ئەم كارانەی لەم قۆنتەراتە ئەچن ·

د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەكان ·

٤ ـ هەر تەندەرێك لەكاتی خۆیدا پێشكەش نەكرێت یان هەموو مەرجەكانی تێدا نەبێت پشت گوێ ئەخرێت ·

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە بەوەوە پابەند نی‌یە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێكی تر قبوول بكات ·

٦ ـ هەر ڕۆژێكی دواكەوتنی‌كار (٥٠) پەنجا دینار سزا ئەدرێت ·

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەكە شەش مانگە لەڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەرەكانەوە ·

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەكان نەخشەكان لەگەڵ تەندەرەكانیاندا بهێننەوە ، نەخشەكان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی قۆنتەراتەكەی بۆ دەرچووە ·

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێكی (٢٥٠) فلسی بە تەندەرەكەوە بلكێنێت ·

١٠ ـ ئەو تەندەرانەی لەناو زەرفێكی داخراودا نەبن پشت گوێ ئەخرێن ·

١١ ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەكەدا پشت بەمەرجە گشتی‌یەكانی قۆنتەراتی كاروباری ئەندازیاری مەدەنی یەكەم‌و دووەمیەوە ئەبەسترێت ·

١٢ ـ هەر سڵ كردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەكانەوە لەنێو تەندەرەكان بنووسرێت بەهیچ ئەژمێردرێت‌و پشت‌گوێ ئەخرێت ·

١٣ ـ پێویستە ئەو قۆنتەراتچیەی قۆنتەراتەكەی ئەكەوێتە ئەستۆ ئەندازیارێكی سەرپەرشتی كەر بۆ ئیشەكە دابنێت‌و هەموو ڕۆژێك سەر لە ئیشەكە بدات ·

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی كاروخانەسازی

لەسەدرێ

• عبدالقادر خلیل •

مام سەعید پیاوێكی بەساڵاچوی خاوەن بەهرەیە لە خۆیەوە قسە نادۆڕێنێت ئاوای‌یەكە هەمو تەگبیری پێ‌ی دەكەن بە هۆی شارەزایی‌یەكەیەوە دەستێكی باڵای هەیە لە كاروباری كشتوكاڵیدا · هەچ گیروگرفتێك بێتە ڕێگەیان ڕاستەوخۆ دەچنە لای‌و پرسی پێ دەكەن ·

ئێوارە درەنگ بوو زەردەی خۆر لەسەر كێوەكانی دەوروبەری دێ بەرەو پۆپەی ئەسمان دەرۆیشت · تەكانمان دایە خۆمان بۆ ئەوەی دەست‌و برد بكەین‌و پێ هەڵ‌گرین تا بەروناكی بگەینە ناو دێ · بەڵی گەیشتین‌و یەكسەر ڕوومان‌كردە ماڵی مام سەعید پیاوە هات بە پیرمانەوە من یەكەم جاربو چوبومە ئەودێیەو شوناسیم نەبو لەگەڵ مام سەعیدا لەبەر ئەوە رووی‌كردە هاورێكانم‌و گوتی یاخوا بەخێربێن من ئەم برایە ناناسم دەبو ئاگادارم‌بكەن تا بتوانم میوانداریتان بكەم‌و خەجاڵەت نەبم لە ئاستی ئێوەداو بە تایبەتی ئەم برایە چونكە یەكەم جارە دێتە ماڵم هەرچەندە لە ئاستی ئێوەدا من هەرگیزاو هەرگیز خاوەن ماڵ‌نیم ·

رووم‌كردە مام سەعیدو سوپاسێكی گەرمم لێ كردو پێم گوت مام سەعید ئێمە هاتوینەتە لای بەڕێزتان بۆ ئەوەی كارێك بكەین منداڵانی دێیەكانی دەوروبەری ئەم دێیەو دێیەكانی تر بە ئاسانی بتوانن بێنە قوتابخانەو تووشی ناخۆشی نەیەن خوت دەزانی لەمەولا دنیا ساردو سەرمایەو هاتو چۆكردنی قوتابخانە هەروا ئاسان نی‌یە · مام سەعید زووی تێ كردم‌و گوتی بە قسەكانتا دیارە مامۆستای‌و بە بەرگیشا دەڵێت یەكێكی لە خۆمان · واتە بە كشتو كاڵەوە خەریكی ، هەر چۆنێك بێت ئێمە بو گەشە پێدانی خوێندن هەر چیەك لە توانامانا بێت ئامادەین خومان بەخت بكەین چونكە ئەو كوێرەوەرییەی بە سەرمانامات لە كاتی خۆیدا ئاناوا دواكەوتوبوین هەمو هۆیەكەی نەخوێندەواریمان بو ئەگەر خوێندەوار بوینایە ئێستاكە ژیانێكی ترمان دەبو ئاناوا كوێرو نەفام نەدەبوین جا فەرمو چی لەباری مندا هەیەو چی دەتوانم بكەم ئامادەم · گووتم مام سەعید ڕێگەی هاتوچو سەختە لە زستاندا لەبەر ئەوە بە هەرەوەز دەنگی دێیەكانی دەوروبەری دێ بدەین تا شارێگەیەك دروست‌بكەین بۆ سودی گشتی‌و منداڵانی خومانی پیدا دەرۆن وەتكام كردوە مەكینەیەكی زەوی برینشیان بۆ دەنێرن بۆ ماوەی (١٠) دە ڕۆژ تا یارمەتیمان بدات بو دروست‌كردنی ڕێگەكە ئینجا نازانم چی دەڵێت ·

مام سەعید رووی تێ كردم‌و گوتی ئاەمەیە دڵسۆزی · بەڵێن بێت هەر لەبەیانی‌یەوە خاكەنازی خۆم هەڵ‌گرم چ جێگەیەك سەختە بكەومە سەری تا ئەو ڕێگەیە دروست بكەین ، وە هەر ئەمشەو دەنگی هەمو ئاوای دەدەم كە هەركەسە پاچو خاكەنازی خوی ئامادە بكات دەبێت ڕێگەیەك دروست‌بكەین نمونەی خۆ بەخت‌كردن‌بێت لە پێناوی سودی گشتی‌دا ·

مام سەعید گوتی ئەی خوشەویستەكانم لە قسە خۆشەكانی مامۆستاوە بۆم دەردەكەوێت كە سەرچاوەی روون بە لەوزی ئاژەڵ لێڵ نابێت هەمو دەبێت لە پێناوی ڕۆڵەكانماندا تێ بكوشین ·

كۆبوونەوەی « پاشماوە »

دیسان ئەنجومەن لە پرۆژەكانی ئاوی سلێمانی‌و دروست‌كردنی بەستی كەولۆسی كۆڵیەوە · لیژنەی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەكانیش ڕاپۆرتی دەربارەی خۆ ئامادەكردن بۆ وەرزی سەیران‌و گەشتی داهاتوو پێشكەش‌كرد ·

بۆزانین

لە پرۆژەكانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی ڕەنێو هێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی كاروخانە سازی ناوچەی كوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٧٨/٨ی دروست كردنی دەرمانگەیەك لە دهۆك ـ ڕای ئەگەیەنین ئەو قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەم مەرجانەی‌خوارەوەیە :

١ ـ ئەتوانرێت كۆمەڵە نیسكارەی مەرجەكانی‌قۆنتەراتەكە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی كاری پارێزگای دهۆك بە (١٥) پانزە دیناروەربگرێت كە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و مواسەفاتە هونەرییەكان بكڕێت كاتێك‌قۆنتەراتەكەی ئەكەوێتە ئەستۆ ·

٢ ـ دوا ماوە بۆ پێشكەش كردنی تەندەرەكان پێش‌سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممەی ڕێكەوتی ١٠ـ٥ـ١٩٧٨ ئەبێت‌و ئەدرێت بەسكرتێری لیژنەی‌كردنەوەی تەندەرەكان لەمەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یە ·

٣ ـ پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ تەندەرەكاندا هەبن :

أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەكی) نزیكەی (١٠٨٠)هەزارو هەشتا دینار لە شێوەی كەفالەتی بانق كە بۆ ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەكەوە بەكاربێت ، یاخود لەشێوەی چەكێكی مۆركراودا بێت ·

ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگە نامەیەكدالە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە كرابێتەوە ·

ج ـ بەرنامەی ئەم كارانەی لەم قۆنتەراتە ئەچن ·

د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەكان ·

٤ ـ هەر تەندەرێك لەكاتی خۆیدا پێشكەش نەكرێت‌یان هەموو مەرجەكانی تێدا نەبێت پشت گوێ ئەخرێت ·

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە بەوەوە پابەند نی‌یە نزمترین‌تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێكی تر قبوول بكات ·

٦ ـ هەر ڕۆژێكی دواكەوتنی‌كار (٢٠) بیست‌دینار سزا ئەدرێت ·

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەكە شەش مانگە لەڕۆژی‌پێشكەش كردنی تەندەرەكانەوە ·

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەكان نەخشەكان لەگەڵ‌تەندەرەكانیاندا بهێننەوە ، نەخشەكان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی قۆنتەراتەكەی بۆ دەرچووە ·

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێكی (٢٥٠) فلسی بەتەندەرەكەوە بلكێنێت ·

١٠ ـ ئەو تەندەرانەی لەناو زەرفێكی داخراودا نەبن‌پشت گوێ ئەخرێن ·

١١ ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەكەدا پشت بەمەرجە گشتی‌یەكانی قۆنتەراتی كاروباری ئەندازیاری مەدەنی یەكەم‌و دووەمیەوە ئەبەسترێت ·

١٢ ـ هەر سڵ كردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەكانەوەلەنێو تەندەرەكان بنووسرێت بەهیچ ئەژمێردرێت‌و پشت‌گوێ ئەخرێت ·

١٣ ـ پێویستە قۆنتەراتچی ئەندازیارێكی بەتوانا بۆ ئیشەكە دابنێت‌و هەموو ڕۆژێك سەر لەئیشەكە بدات بەپێی برگەی (٣)ی سەرپەرشتی‌كەری ئەندازیاری ·

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی كاروخانەسازی

Institut Kurde de Paris

به فەرمـــانو یارمەتی هاوڕێ صدام حسین :

هونەرمەند رەسوڵ گەردی نێردرا بۆ دەرەوەی وڵات

سەر لــــە بەیانی رۆژی ٢٦-٤-١٩٧٨ هونەرمـــەندی ناسراو ـ رەسول گـەردی ـ وڵاتی بەجێ‌هێشـــتو بەرەو شاری لەندەن کـــەوتە رێ ، بە نیازی چاکبوونەوەی لــەو نەخۆشی‌یەی دووچاری هات‌٠٠ ئەو هونەرمەندەمان زیاتر لــە ساڵێکە لــە لەخۆشخانەکانی وڵاتدا کەوتووەو ئێســـتا بە بڕیارێکی هاوڕێ بەڕێز صدام حسین ئەنێردرێتـــە دەرەوەی وڵات ٠

پێش رۆیشتنی بە چـــەند رۆژێکی کورت ، وە لە خانووە ســـادەو ساکارەکەی‌دا ، دەروازەی دڵی خــۆی کردەوەو لەو ئاسەو خۆزگانە دوا کـــە دوای ئـــەو چواردە مانگە پڕ ئەشکەنجەیە بۆی جێ‌هێشتین٠

ـ رەسول گەردی ـ وتی : بەوپەڕی نیگەرانی‌و هەناســـە ساردی‌یەوە لـــە نەخۆشخانەـ کاندا یەك کەوتبووم ، بە بێ ئەوەی هیـــــچ ئاوڕێکم لێ بدرێتەوە ٠٠ ئەم هەڵوێـــستە زیاتر هەستی بریندار کردمو هەستم زۆرتر بە غوربەتی خۆم کرد ٠ بەڵام ئـــەم هەنگاوەی ناردنم بۆ دەرەوە لـــە لایەن دڵسۆزانەوە ، ئێش‌و ئـــازاری ئەو ماوە تاڵـــەی بیربردمەوەو هەستم بەلەدایك بوونەوەیەکی تازە کرد ٠

دوا لاپەڕە

چوارەم پێشانگای گــوڵ

بەچاودێری بەڕێز ارشـــد احمد محمـــد پارێزگاری سلێمانی رۆژی سێ‌شـــەمە رێکـــەوتی ٢٥-٤-١٩٧٨ ، بەڕێوەبەرایەتـــی پەروەردەی سلێمانی ـ لقی کشـــتوکاڵ ـ چوارەم پێشانگای گوڵی لـــە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچان کردەوە ٠

لـــەو پێشانگایەدا (٥٠) قوتابخانە ، بە (١٠٠) چەشن رووەکی جۆراوجۆر لە (١٥٠٠) ئینجانەدا هاوبەشیان کردوەو زانکۆی ســــلێمانیش وەك میوانێك بەرهەمی خـــۆی تیاپیشان دابوو ، کە بە هەر دوو لاو چەند تاقی کردنەوەیەکی نوێ‌یان دەربارەی هەنـــدێ گوڵو رووەك بەشـــێوەیەکی سەرکەوتوانە دەرخســـتبوو ،

وەك رواندنی گوڵـــە بەڕۆژە لەوەرزی زستانا بۆ یەکەم جار لە پارێزگای سلێمانی ٠

لـــەم رووەوە بەڕێز بەڕێوەـ بەری پەروەردەی سلێمانی بۆ هەر یەکێك لە قوتابخانەکانی

باخچەی ســـــاوایان (٣٠) دیناری تەرخان کردوە ، کـــە بەهۆیەوە توانیـــویانە رووەکی بیانی بهێننـــــە زێری رووەکی وڵاتەکەمانەوە ٠

ئامانجـــــی پێشانگاکەش بریتی‌یە لەوەی کـــــە رووەکی کوردستانی عێراق بە وڵاتانی جیهان بناسێنن ٠

ئەوەی شایانی باسە لــــە ئەنجـــــامی هەڵسەنگاندنی پێشانگاکەدا لە لایەن لیژنەـ یەکی تایبەتی گـــوڵو رووەك ناسانەوە کە بریتی بوون لـــە (٧) کەس ، قوتابخـــــانەی ئامادەیی سلێمانی کچان پلەی یەکەمی وەرگرتو باخچـــەی ساوایانی خۆمـــــالی بەدووەم دەرچوو ٠

هەروەها لەناو باخچـــــەی ساوایانا ، دیسانەوە باخچەی ساوایانی خۆماڵی بە یەکـــەمو دڵسۆزی بەدووەم دەرچوون ٠

لەراستیدا پێشانگاکـــــە هەندێ بابەتی گەشی گرتبـــوە خۆی کە شایانی باســـــکردنە وەك رازا ئەوەی پێشانگاکەو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ میوانو جەماوەراندا کە ئەوانیش لــــە نـــــاو بەرهەمەکانیـــــانا توابوونەوە ٠

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە دەوری شیعری گــــــوڵو مۆسیقاش بایەخێکی ناســـــکی پێ‌درابوو ، لەکاتێکا تاقمـــێ کۆپلە شیعری گوڵ بە ئاوازی مۆسیقاوە لەنێوان ئینجـــانەـ کانەوە بەبەرچـــاوی میوانەـ کانەوە ورشەیان دەهات ٠

فریا عبدالله

بەرەو جێ‌بەجێ‌کردنی نەخشەی خوێندنی ئیجبـــاری

رێکخســـتنی پۆستەر « هناء »

رێ رەو

له کاتێکدا ئیرادەی گەلان لەسەر رۆیشتن بەرەو پێشـــەوەو سەرکەوتن سوور دەبێت ، ئەو کاتـــە ئیمپریالیزم لە هەڵس‌و کەوتیدا بەرامبەر هێـــزە ئازادیخوازەکانی ناوخۆو جیهان نەرم کێش تر دەبێ ، بەڵام هەر کە ئیرادەی گەلان لـــــە ناوەوە تووشی نوشستی ئەبێت ، یان لاواز ئەبێ ، ئەوا چاوەڕێی نەرم کێشی لەم لایەنەوە لە ئیمپریالیزم ناکەین ٠

هاوڕێ صدام حسین

چاپکراوی نوێ

زریان

لـــــە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، یەکەم دیوانی شاعیری لاو انور قادر محمد بەناوی (زریان)ەوە لـــــەم هەفتەیەدا کەوتە بازاڕەوە ٠

یەکەم بەرهەمی چاپکـــراوی شاعیری لاو انور قادر محمـــد بریتی‌یە لەو بەرهەمی شیعری ساڵانی ٧٢ و١٩٧٧و (٣٣) شیعرو لەفەوارەی مام ناوندی‌و (٩٦) لاپەڕەدا ٠ بەرگەکـــەی بەدەستو خامەی هونەرمەند اسماعیل خەیـــات کێشراوەو هەر لـــــە چاپخانەی کۆڕیش چاپکراوە ٠

هەنگاو کەویت ناکات

بریتیە لە کۆمەڵە شیعرێکی کاك مسعود پەرێشـــــان ، بەیارمەتی ئەمینـــــداریەتی رۆشنبیری‌و لاوانی ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی چاپ‌کراوەو بریتی‌یە لە ٦٤ لاپەڕەی قەوارە بچووك٠

شانۆگەری مرۆڤو چاخو بیر

لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری‌و هونەر ، دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکـــردنەوەی کوردی ، شانۆگەری (مرۆڤو چاخو بیـــر) لەنووسینی کاك مهـــدی ئومید دەرچوو ٠ شانۆگەریەکە بریتی‌یە لە سێ پەردەو لە ٦٤ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا بەچاپێکـــــی نوێی هونەرمەندانە لـــــە چاپخانەی (دار الحریە) لە چاپدراوە ، ئەوەی شایانی باسە پێشەکی ئەم شانۆگەری‌یە چیـــرۆك نووسی کۆچ کردوو (لطیـــف حامد) نووسیویەتی ٠

لە دەرەوەی سنوور

« مێشولەی ئاسمان ! »

« برنارد دۆمو » کە ئێستا تەمەنی (٥٣) ســــــاڵەو هاووڵاتیەکی فەرەنسایییە ، ٣١ ساڵ لەمەوبەر بە شارەزایی‌و لێ‌هاتوی خۆی فرۆکەیـــــەکی دروست‌کردو کەوتە ئاسمانی فەرەنسا ، لە موناســــــەبەو جەژنەکانی فرۆکەوانیدا لـــــە فەرەنسا ، لەماوەی ئەم ٣١ ساڵەدا خەڵکی چەپڵەیان بـــۆ « برنارد » لێ‌ئەدا کـــــە بەسەریانا ئەسووڕایەوە ئـــەم فرۆکەیە ، خاوەنەکەی ناوی‌نا « مێشولەی ئاسمان » ٠

شارەزاو ئەندازیـــارەکانی فرۆکەوانــــی سەرسووڕماوی خۆیان بەرامبەر لێ‌هاتـــویی‌و زیرەکی برنــــارد دەربڕی ، ئەمیش خۆی زۆر شادمان‌بوو بەم سەرکەوتنە گەورەیـــە ، هەرکاتێ ، بیویستایەو بـــۆ هـــــەرکوێیەك حەزی‌بکردایە ، سواری فرۆکەکەی ئەبوو ، لە هەرشوێنێکیش تاقـــــەتی لێ‌هـــــوڕنی فرۆکەی‌نەمایە ، ئەیبەستەوە بـــــــەدوای ئۆتۆمبیلەکەیەو بەزەویـــدا رای ئەکێشا ٠

بەڵام شادی برنارد تـــــا سەرنەبوو ، ئەوا بەبڕیارێـــك « مێشولەی ئاسمان » لە فڕین قەدەغەکرا !! چۆن ؟! لـــە پرکـابرایەکی پولیس خەبەری داکە مێشولەکەی برنارد بـــە رەسمی تەسجیل نەکـــراوەو ئیجازەی فرینـــــی رەسمیشی نیە ، سەرەڕای ئەوەی ئـــەم مێشولەبالدارە زەبە لاحـــە هیچ نیشانەیەکی تایبـــەتی پێوە نیە !!

برنارد تەقەللایەکی زۆریدا مێشولەکەی رێگای فڕینـــــی بدرێتێ ٠٠ بەڵام کەس گوێی لێ‌نەگرت ٠٠ ئەویش خەمبار مل‌کەچی یاسابوو !

کــۆڕێکی ئـــەدەبی بـــۆ گـــۆرانـــی و مۆسـیقای کـــوردی

● رۆژی پێنج‌شـــەممەو هەینی رابوردوو یەکێتـــی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی لە بارەگای یەکێتی کۆڕێکـــی فراوانی بۆ ئەدیبی ناسراو کاك محمـــود زامدار سازکردو ژمارەیەکی زۆر ئەدەب دۆستو هونەرمەندی شـــــارەکە ئامادەبوون ٠

● بەو بۆنەیە ســـەبارەت بەبابەتی کۆڕەکە ئـــــەم پرسیارانەمان لێ‌کردو لـــــە وەڵامدا وتی :

★ بەشێوەیەکی گشتی لەم کۆڕەدا دەربـــارەی گۆرانی‌و مۆسیقا ئەدوێمو ئەم باسەشم کردوە بە ١٦ بەشـــــەوەو پێشەکیەکی تەڕو پاراویشی لە گەڵدایە ٠

لە لێکۆڵینەوەکانمدا متمانەم بە (٤٠) سەرچاوەی کوردی‌و عەرەبی‌و نووسراوی جوانی‌تر کردوە ٠٠ بێجگە لەوەی کـــــە راســـــتەوخۆ چوومەتە لای هونەرمەندو گۆرانی بێــــــژو مۆسیقا زەنی کـــورد ٠٠ تازەو کۆنیانم دیوەو سێ ساڵ ئەبێت بەم باسەوە خەریکم ٠٠ بەشی یەکەمی باسەکەم دەربـــــارەی ئیقاع‌و چونیەتی تێ‌گەیشـــتنی فەلســـــەفی‌و هونەری‌یە ٠٠ بەتایبـــــــەتی لەرۆژگاری فیرعەون‌و سۆمەرو هینـــــدو عەرەب‌و فارسدا تا دەگاتـــــە کـــــــورد ٠٠ بە ناونیشانی کورتەیەك لەمێژووی گـــۆرانی لەسەرەتاوە تا ئەمرۆمـــــــان چوومەتە ناو باســـێکی چڕەوەو لەرێی مێژووەوە گەیشـــتومە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی‌و لەو رۆژ عەلات ئاسانەش دواوم کە خۆیان لەم بوارەداوە ٠٠ ئینجـــــا دێم بەشێوەیەکی سەبارەت جونیەتی سروشتی گۆرانی کوردی‌و گیروگـــرفتی مۆسیقای کوردی ئەدوێم تـــا دێمە سەرباسی مەقامی عیراق‌و بەراوردکردنی لەگەڵ گۆرانی‌و مەقامی رۆژئاوادا ٠٠ هەروەها دوابەدوای ئەوە باســـی مەسەلەی پەیوەندی نێـــوان گـــــۆرانی‌و زەوی‌و مرۆڤو سروشت ئەکەمو ناوی (٤٠٠) گۆرانی بێژی کوردیم زیـــاتر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەـ مەوە تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە تۆمارکردوە ٠٠ لەگەڵ (٩٠٠) گۆرانی کوردی کـــــە بەشی زۆریان تا ئەمڕۆ بەتەمـــــای دەستو پەنجـــەو تەقەللای هونەرمەندانن ٠٠ پاش ئـــەوە دێمەسەر باسی گـــــۆرانی ئۆپەرێتی کوردی‌و مەنەلـــۆژو گۆرانی منـــــاڵان‌و سرودی قوتابیان ٠٠ هەروەها نزیکەی (٣٠) پێشنیارو چارەســـەرم بۆ برەوپێدانی‌و پێشخســـتن‌و بووژاندنەوەی گـــــۆرانی‌و مۆسیقای کوردی دانـــاوە ٠٠ کۆتایی باسەکەشم (رەخنەیە بەرامبەر گۆرانی کورد) ٠

● دوای ئەوەی کاك محمود زامدار باسەکەی تەواو کردو دانیشتوانی کۆڕەکە کەوتنـــە پرســـیار لێ‌کردنی‌و ئەویش وەڵامی ئەدانەوەو باســـەکانی یەك‌یەك بۆ روون ئەکردنـــەوە ٠٠ هەروەها بەرودوا هەر دوو رۆژەکە ئەم کۆرە چوارپێنـــج سەعاتی خایاند ٠

حمه سعید حمه کریم

کــۆڕێکی ئــەدەبی‌و لێکـۆڵینەوەیەکی فـــراوان

ئێوارەی پێنـــج شەممەی رێکـــەوتی ٢٧-٤-١٩٧٨ لەنیشـــــتەجێی یەکێتی‌ی نوسەرانی کورد ـ لقـــی سلێمانی ـ لێکۆڵینـــەوەك لەسەر (شیعری نوێو تاقی کردنەوە) لەلایــــەن کاك(عبدالله عبـــــاس)ەوە پێشکەش‌کراو ژمارەیەکی زۆر ئەدەب دۆســـتو رۆشنبیرانو ئامادەبوون ٠

کۆڕەکە لەسەرەتاوە لەلایەن کاك محمد حمە باقی‌یەوە بـــە چەند وشەیەك کرایەوە کـــــە سەرەتایەکی دەربارەی باسەکە بە میوانەکان راگەیاند ٠

ئینجا کاك عبدالله عباس بۆ چونەناو باسەکەوە چـــــەند خاڵێکی هێنایە پێشەوە کـــەرێ خۆشکەری ئـــەو مەسەلەیە بوون ٠٠ ئەو خاڵانەش بـــەم جۆرەی لای خوارەوەبوو ٠

١ ـ بیرورِاو سەرنجی لە کۆتایی ساڵەکانی شەستەوە تاکو ساڵانی حەفتا دەربارەی شیعری نوێ کوردی ٠

٢ ـ شیعری نوێ لەگـــەڵ دەستنیشان کردنی بیـــــرو باوەڕی پێشکەوتواخوازانە لە ئەدەب‌و هونەردا ٠

وتی : ئەگەر ئەدەب لـــــە کۆناشەوچەرەبوبێت ئەوا ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یە لـــــەو سەردەمەدا چـــــەند شەوچەرەیەکی تـــــری دیوەخانەکان بوە ، بـــــەڵام ئەدەبی ئەمرۆ وەك هەنـــدێ کەس‌و دائەنین ئەوەندە ئاسان نیە بەڵکو چونە ناو دەریـــــاو جیهانی ئەدەب بریتی‌یـــــە لەســـــەرنجو تاقی‌کردنەوەو هەڵوێست ، بۆیە لێـــــرەوە هەستایە گرانی بارەکـــــەی دەکرێتو لەبەر ئەمەش ئەوانە کەوا چەند وشـــــــەیەك دەرازێننەوەو بەشـــیعرو بەرهەمی ئەدەبی‌دا ئەنێن ٠٠ نەك شیعرو بەرهەمی ئەدەبی بێ بەڵکو دەبێتە هـــــۆی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ئاڵۆز لـــــە ئەدەبی ئەمرۆماندا شاعیری لێ‌هاتوو ناتـــــوانێ ئەمرۆ لەجەماوەرو گەل دورەو بەڕێز بێت ٠٠ بەڵام دەربارەی رەخنەو رەخنەکاری ئـــەدەبی کورد وتی : تاکو ئێســـــتا رەخنـــــەگری ئەدەبـــی راستەقینەمان نیەو ئەگـــــەر شتێکیش نوسرابێت لـــــەم رووەوە ئـــەوە هەڵسەنگاندنێکی مەوزوعیانە نەبوە ٠٠ بۆی خۆ لە شیعری نـــوێ‌دان کارێکی گرانە ٠٠

ئینجا ، دەربـــــارەی بزوتنەوەی شیعری نـــوێی کوردی ئەوەی راگەیان کـــــە بەرەو ئامانج سەر ئەکەوێو بەچاپۆشین لەبەرهەمی ئەوانەی کە جارجار ناویان هاتوەو ٠ ئیتر کوژاونەتەوە ٠٠

لێرەدا پرسیارێك هاتـــــە کایەوە ، ئایا ئەو بەرهەمانەی سلیمانی نوێ‌یان پێوە نیـــەو بڵاو ئەکرێتەوە پێیان بڵێین چی ؟!

بێ گومــــــان وەڵامەکەی بریتی‌بو لەوەی کـــــە نابێت ئەوانە بکرێنە هـــــــۆی هەڵوەشاندنەوەی بزوتنـــەوەی شیعری نوێو کار ناکەنە سەر تەقەللای زانستیانەی بـــواری شیعری نوێ هەروەها زۆر بۆر لەو بەرهەمانەدا نابێ بکرێنـــە قیاسێك بـــۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیمـــان ٠٠ وە ئەوەی ٠ راستی‌بێ دیـــاری نەکردنی ئەم دیاردەیە بـــە شێوەیەکی زانســــتیانە دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمانە بـــۆ جیاکردنەوەی بەرهەمی کاڵو کرچ لـــــە بەرهەمی چـــــاكو یەکەڵك دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری کادیری لێهاتوو ٠٠ بۆیە خوێنـــــەر ناهەقی نیە کە بەرهەمی چاكو کەم لەناو بەرهەمی زۆرو کاڵدا ون بکات ٠

دوایـــــی کاك عبدالله دەربارەی شاعیری نـــــوێ‌و تاقی‌کردنەوە وتی : شاعیری هاو چەرخ دەبێت شاعیرێکی هونەرمەند بێت بەمـــــەرجێ هەڵوێستی بریتی بێت لـــــە گێڕانەوەی ئاخی خۆی بـــۆ گەڵو کۆمەڵ نەك رەنگدانەوە میکانیکیەکەی ژیان ٠

بەڵام لەبارەی تاقی‌کردنەوەو داهێناندا ٠٠ ئەوەی دووپات کردەوەکە دەبێت شاعیری نوێ بەدوای فێربون‌و خوێندنەوەدا بگەڕێتو خوێنـــدنەوەکەشی بەرنامەیی نەبێت چونکە ئەگەر هاتوو پەروەردەکردنی بەهرەی شاعیر بەوچەشنە بو ، ئەوا لە ئاکامدا ئیفلیـــــج دەبێتو دەکەوێتە جوینەوەو بوکانەوەو راوەستان ٠٠ چونکە ئاشکرایە داهێنان لەنەبوون پەیدا نابێت ،

ئەوە شایانی‌باسە کۆڕەکەش بەچەند رەخنەو پرســــیارێك لەلایەن جەماوەری ئـــــەدەب دۆستەوە کۆتایی پێ‌هات ٠

پ٠ هاوکاری

پــەراوێز

گەراجەکەی سلیمانی‌و خەڵکی ٠٠٠!

گەراجەکەی سلێمانی ، کە بنکەی رۆیشتنی هاتوچوکەرانە بەرەو پارێزگاکانی تری وڵات، لە ئاژاوەو ئاڵۆزیەکی سەیرـ دایە ، کــــــە بەتەنیا جارێ سەفەرکــــــردن لات روون ئەبێتەوە ، ئەتەوێ بچیت بۆ بەغدا ، ئوتومبێل وەستاوە ، لە سەری نوسراوە (سلیمانی‌ـ بغداد) کەچی خەڵك بۆ هەولێر سوار ئەکات !! یان بــــۆ هەولێری کە چی ئەخـــــەری کەرکووك سوار ئەکات ! ئەمە بۆچی ؟ ئەڵێین ، گـــــوایە شۆفێرەکان بۆ نموونە ئەمـــڕۆ ئارەزوویان وایە !! سەیرە ٠٠ ئەی دەزگای گواستنەوەی هاتو چۆکەران‌و برایان لە ئەقابـــەی گواستنەوە ، سەرنجی ئـــەم دیاردە سەیرەچۆن نادەن ؟

● یەکێك ●

طبعت بمطبعة دار العراق

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی ، الجمهوریة ،
بەغدا ـ س·پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٦٨٣١١/٣ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

٨ لاپەڕە

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

٢٥ فلس

● دوو شەممە ١٥ی ئایار ١٩٧٨ ژمارە ٤٢٦ ●

● الاثنین ١٥ مایس ١٩٧٨ العدد ٤٢٦ ●

بەشداریکردنی جەماوەر لە ئەرکەکانی جەنگ و ئەرکە جۆر بەجۆرەکانی تردا کە بۆ جەنگ پێویستن ، هۆیەکی کاریگەرە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بنەبڕو سەرانسەرو نەگۆڕبێت ·
سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

زایۆنی دوژمن لە ترسی دەس وەشاندنی فیداکارە فەلەستینییەکان شپرزەیە

بەڕێز صدام حسین پێشوازی باڵیۆزی ئێران دەکا

دوێنێ ئێوارە بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی رەسمی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتماندا پێشوازی دوکتۆر صادق صدریە باڵیۆزی ئێرانی لە بەغدای کردووە · لە چاوپێکەوتنەکەدا کە بەڕێز عبدالملك الیاسین وەکیلی وەزارەتی دەرەوە تیا ئامادەبوو باسی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە کرا ·

راپۆرتێك دەربارەی وێرانکاریی زایۆنی دوژمن لە خوارووی لوبناندا

بێروت : ئا·د·ع

دوێنێ رۆژنامەی النداء کە لە بێروت دەردەچێ ، راپۆرتێکی دوورودرێژی دەربارەی ئەو وێرانکارییە بڵاوکردەوە کە هێزەکانی زایۆنی دوژمن لە ناوچەکانی کەرتی رۆژئاواو ناوەڕاستی خوارووی لوبناندا کردویانە ·

راپۆرتەکە ئەوە نیشان دەدا کە ١٧٢ کەس لە ٤٨ دێی ئەو ناوچانەدا شەهید بوون و لەوانەیە ئەو ژمارەیە بەرزتریش بێتەوە · ئەمە سەرەڕای ٥٨ کەسی بریندارو جگە لەو کەسانەش کە برینەکانیان سووک بوون و بەپەلە تیمارکراون · هەروەها دەری خستوە کە دێهاتێکی زۆر لەوانە (العباسیةو الغندوریةو برج رحال و العزیةو فرون) بەتەواوی کاول کراون ، هەندێکیشیان وەک (بازوریةو جوباو قاناو الطیبةو القنطرة) بەشێکی زۆریان لێ رووخێنراوە ·

دووبارە راپۆرتەکە دەڵێ ، ٨٤٩ خانووش بە تەواوی لەگەڵ زەویدا تەخت کراون و نزیکەی ٢٢٨٤ خانووی تریش زەرەرو زیانێکی زۆریان لێ کەوتوە ·

ئەمە جگە لەوەی کە هەزارەها درەختی بەردار لە پرتەقاڵ و مۆزو زەیتون و بادەم و دەیەها هەزار دۆنم زەوی بە توتن و دانەوێڵە داچێنراو لە ناوبراون و رووبەرێکی فراوانی زەویش بە بلدۆزەرو گرێدەرەکانی دوژمن تەخت کراوەو بارەگاو شوێنی سەربازی لەسەر دروست کراوە · گەلێ رێگاوبانیش بەمەبەستی سەربازی لە ناوچەکەدا راکێشراون ·

لە کەرتی بەخێوکردنی مەڕومالاتیشدا ، دانیشتوانی ناوچەکە مەڕومالاتێکی زۆریان لە دەست چووە ، جا چ لە رێی دزینەوە بووبێ ، یاخود لە کاتی دەستدرێژییەکەدا لە ناوچووبن · ئەو زیانە ماددییەش کە بەر شوێنە بازرگانییەکان و مزگەوت و قوتابخانەو ئۆتۆمبێل و ماڵان کەوتوە ، راپۆرتەکە بە (٢٠٠) ملیۆن لیرەی لوبنانی دەخەملێنێ · ئەوەشی نیشانداوە کە ئەو زیانەی بەر کەرتی رۆژهەڵات کەوتوەو راپۆرتەکە لێی نەدواوە ، لەگەڵ زیانی ئەو ناوچانەشدا کە ٧٤ دێیان تێدان و هێشتا هەر لە ژێر باڵی زایۆنی دوژمندان ، ژمارەکانی پێشوو دەگەیەنێتە (٥٠٠) شەهیدو (٩) هەزار خانوو کە هەر خانووەی بەشێکی یاهەمووی بەتەواوی رووخاوە ، جگە لە تەخت کردنی دەیەها هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵیش ·

تەقینەوەی بورکانێك هەزارەها کەسی دەربەدەر دەکا

دوێنێ لە مانیلا پایتەختی فلیپین بڵاوکرایەوە کە تەقینەوەی یەکێ لە بورکانەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە هەرێمەکانی خوارووی فلیپین خانووەکانیان بەجێ بهێڵن · سەرچاوە رەسمییەکانی فلیپین بڵاویان کردەوە کە ئەو بەردو ئاگرەی لە بورکانەکەدا دەردەچێت جاروبار بوومەلەرزەی هێجگار بەهێزیش لەگەڵ خۆیدا دروست دەکا · ئەوەی شایانی باسە ئەو ناوچانە لە ساڵی ١٩٧٦دا تووشی بوومەلەرزەیەکی بەهێز بوو کە زیاتر لە پێنج هەزار کەسی کوشت ·

قەرز بۆ رژێمی سادات

قاهیرە : ئا·د·ع

پێرێ لە واشنتۆن پەیمانێك لە نێوان دەستەی باربۆکردنی سەربە بانقی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی دەوڵەتان و رژێمی میسردا مۆرکرا کە بەپێی ئەو پەیمانە بانقەکە (٣٢) ملیۆن دۆلار بەقەرز دەدا بە رژێمی میسر ·

ئەوەی شایانی باسە راپەڕینەکەی ١٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ کە هەموو شارەکانی میسری گرتەوە ، بۆ نارەزایی دەربڕین بوو ، سەبارەت بەو مەرجانەی ئەو بانقە خستبونیە سەر رژێمی سادات لە بەرامبەری ئەوەی پارەی بەقەرز بداتێ ·

نارەزایی بەرامبەر دەستدرێژییەکەی رەگەزپەرستان بۆسەر خاکی ئەنگولا

رێکخراوی هاوکاری گەلانی ئەفرۆ ئەسیەوی نارەزایی دەربڕیوە بەرامبەر ئەو دەستدرێژییەی هێزەکانی رژێمی رەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقا هەفتەی رابوردوو کردیە سەر خاکی ئەنگولا ·

ئەو بەیاننامەیەی رێکخراوەکە بەم بۆنەیەوە دەری کردوە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پەلاماری رەگەزپەرستەکان ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی نەخشەی پیلانگێڕانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە خوارووی ئەفەریقاو ناوچەی عەرەبی ·

رێکخراوەکە رای گشتی جیهانی بانگ کردوە کە دژی رژێمی رەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقا بوەستێ و زیاتر پشتی تێکۆشانی شۆڕشگێڕەکانی نامیبیا بگرێت ·

کۆنگرەیەکی پێنج قۆڵی لە ئەفەریقا

پێرێ شەو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا رەزامەندی خۆی دەربڕی بەرانبەر ئەو پێشنیارەی کە سایرۆس ڤانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پێشکەشی کردبوو بۆ ئەوەی ئەو پێنج دەوڵەتەی ئەفەریقا کە دراوسێی هەرێمی نامیبیان کۆنگرەیەك ببەستن ·· ئەو پێنج دەوڵەتەش بریتین لە ئەنگۆلاو بتسواناو تانزانیاو زامبیاو مۆزەمبیق · ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا دەڵێ لەوانەیە ئەو کۆنگرەیە فراوان بکرێت و چەند دەوڵەتێکی تریش بەشداری تیا بکات · هەروەها فەرەنساو بەریتانیاو ولاتە یەکگرتووەکان و کەنەداو ئەڵەمانیای فیدراڵ و رێکخراوی گەلی خوارووی رۆژئاوای ئەفەریقا بەشداری تیا دەکەن ·

●

سەرکۆماری تورکیا سەر لە بولگاریا دەدات

پێرێ شەو ئاژانسی دەنگوباسی بولگاریا بڵاوی کردەوە کە فخری قوروتورك سەرۆکی تورکیا لەسەر بانگهێشتنی تیودور جیفکوف سەرۆکی بولگاریا لە ٨ـ١١ی مانگی حوزەیرانی داهاتوودا بەسەردانێکی رەسمی دەچێت بۆ بولگاریا ـ لە ئەنقەرەشەوە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دووپاتی کردەوە کە ئەم سەردانەی سەرۆکی تورکیا شتێکی تازە بابەتە بۆ بولگاریای میللی ·

●

باندرانایکا سەر لە نوێ حزبەکەی خۆی رێك دەخاتەوە

دوێنێ سیریماڤۆ باندرانایکا سەرەك وەزیری پێشووی سری لانکاو سەرۆکی حزبی رزگاریخوازی سری لانکا رایگەیاند کە ئێستاکە گۆڕانێکی فراوان لە ریزی حزبەکەیدا دەکرێت بۆ ئەوەی سەر لە نوێ حزبەکەی رێك بخاتەوە ·

هەروەها باندرانایکا دەریخست کە ئەو لیژنەیە حزبییەی ئەرکەکەی پێسپێراوە گەلێ راسپاردەی دەرکردووەو گرنگترینیان پەتا بردنە بۆ لیژنەی راپەڕاندنی حزب بۆ دەرکردنی بڕیارە گرنگەکان ·· ئەو لیژنەیە لە کاتی خۆیدا لە ساڵی ١٩٧٠دا لەکار کەوتبوو ·

هەروەها رووتی کردەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە کۆنەکانی حزب لە سەرکردایەتی لادەبرێن و لەوانەیە خۆیشی بەریکەوێت ئەگەر ئەمە بۆ بەرژەوەندی گشتی حزب سوودی هەبێت · ئەوەی شایانی باسە حزبی رزگاریخوازی سری لانکا لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی تەموزی رابردوودا تووشی شکستی هاتو تەنیا (٣١) کورسی لە سەرجەمی کورسییەکانی کۆمەڵەی گشتی کە ژمارەیان (١٦٨) کورسییە وەدەستی هێنا ·

خاکی داگیرکراو ـ ئا·د·ع :

زایۆنی دوژمن ، لەترسی پەلامارو هێرشی فیداکارە فەلەستینییەکان ، کەوا چاوەڕوانە بە بۆنەی بیرەوەریی سیهەمین ساڵەی داگیرکردنی فەلەستینەوە کە رێکەوتی ئەمڕۆدەکا ، بکرێتە سەر دام و دەزگا سەربازییەکانی ، لە شپرزەیییەکی تەواودایە ·

ئاژانسی رۆیتەر ئەمەی داوەتە پاڵ سەرچاوەیەکی دایەرەی ئەمنی زایۆنی دوژمن لە (تەل ئەبیب)داو وتوویە کە هێزەکانی (ئەمن)ی ئیسرائیلی بەردەوام و هەموو وەخت لە ژێر ئیزاردان ، نەوەک فیداکارە فەلەستینییەکان بەم بۆنەیەوە هەڵمەت بەرن و دە[illegible] بومشنن ·

خۆنیشاندانێك لە ستۆکهۆلم دژی بۆمبای نیوترۆنی

ستۆکهۆلم : ئا·د·ع

پێرێ لە شاری ستۆکهۆلمی پایتەختی سویددا نزیکەی دوو هەزار کەس خۆنیشاندانێکیان رێکخست دژی حکومەتی واشنتۆن کە دەیەوێ بۆمبای کاولکەری نیوترۆنی دروست بکا ·

ئاژانسی رۆیتەر کە دوێنێ شەو هەواڵەکەی بڵاوکردەوە ، رایگەیاند کە خۆنیشاندەرەکان گەلێ دروشمیان هەڵگرتبوو کە تیایاندا ئەو پرۆژە دژ بە مرۆڤایەتییەی ئەمەریکایان ریسوا دەکردو لە کۆتایی خۆنیشاندانەکەشدا چەند وتەیەك خوێندرانەوەو ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا ، مەترسیی ئەوەی زۆر لێدەکرێ کە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورەی ئەتۆمی ·

لە لایەکی ترەوە ، هەر لە سوید خەڵکی شاری (گۆتنبرگ)یش کە دەکەوێتە سەر زۆخی دەریا ، خۆنیشاندانێکیان هەر بۆ ئەو مەبەستە رێکخست ·

کوشتن و بڕ لە ئەنجامی ئیرهابی سیاسی لە تورکیادا هەر بەردەوامە

ئەنقەرە : ئا·د·ع

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی ئەو توندو تیژییە سیاسییەی لە ٢٤ سەعاتی دوێنێدا لە ناوچ[illegible]ون ، گەیشتۆتە ٣ کەس و سەرچاوەکان رایان گەیاند کە لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کە هەندێ کەسی نەناسراو کردویانەتە سەر گازینۆیەك لە رۆژهەڵاتی تورکیادا ، یەکێك کوژراوەو نۆ کەسیش بریندار بوون ، لەوانە یەکێکیان پۆلیسە لە ئەنجامی ئەو پێکهەڵپرژانەشدا کە لە دێیەکی نزیك شاری ئەستەنبول لە نێوان لایەنگیرانی بەرەی راست و لایەنگیرانی بەرەی چەپدا رووی داوە ، جوتیارێکی تێدا کوژراوە ·

●

کوباو کۆنگۆ داوایان لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووەکە پشتگیری خەباتی رۆدیسیاو نامیبیا بکات

کۆماری کوباو کۆماری میللی کۆنگۆ داوایان لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە پشتگیری خەباتی گەلی رۆدیسیاو نامیبیا بکات دژی ئەو رژێمە رەگەزپەرستانە کە لەوێ لە ئارادان · ئەمەش لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا پێرێ شەو دوای کۆتایی هاتنی سەردانی یواکیم اوبانگوا سەرۆکی کۆنگۆ کە پێنج رۆژی خایاند لە هاڤانا بڵاوکرایەوە ·

●

چوار رۆژنامە نووسی پاکستانی بە جەڵدەلێدان و حەبسی حوکمدران

دادگایەکی سەربازی لە لاهوردا چوار رۆژنامە نووسی پاکستانی بە جەڵدەلێدان و بەندکردن بۆ ماوەی سێ مانگ و شەش مانگ حوکمداوە بە تاوانی مانگرتنیان لە خواردن دژی ئەو بارو دۆخە ناخۆشەی کە لە بەندیخانەکاندا تیا دەژین · ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی پاکستاندا کە بە جەڵدەلێدان رۆژنامەنووسەکان حوکم دەدرێن ·· ئەم جۆرە سزایەش رژێمی ضیاء الحق بۆ ئەو کەسانەی داناوە کە جێگای مەترسیەکی گەورەن · ئەوەی شایانی باسە ئەم دوو هەفتەیەی دواییەدا کاربەدەستانی پاکستان زیاتر لە (٨٠) رۆژنامەنووسیان بە تاوانی بەشداربوونیان لە مانگرتن بەندکردووە ·

هیندستان پشتگیری خۆی بۆ گەلی عەرەب دووپات دەکاتەوە

سەر لەنوێ هیندستان دووپاتی کردەوە کە پشتگیری لە مافی عەرەب و بەتایبەتیش مافی گەلی عەرەبی فەلەستین دەکات ·· ئەمە وەزیری دەرەوەی هیندستان فاجباری لە کۆڕێکدا کە پێرێ ئێوارە لە دەلهی لە ژێر ناونیشانی سیاسەتی دەرەوەی هیندا بەسترا رایگەیاندو وتی: بەلای ئێمەوە ئاسایش لە ناوچەی عەرەبدا نایەتەدی ئەگەر بێت و هێزە زایۆنییەکان لە خاکی داگیرکراوی عەرەب نەکشێنەوەو. قەوارەی زایۆنی دان بەمافە رەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستینیدا نەنێت ·

دەربارەی هەڵوێستی وڵاتەکەی بەرامبەر خەباتی گەلانی زیمبابۆی و نامیبیاو خوارووی ئەفەریقا ، وەزیری دەرەوەی هیندستان وتی : ئێمە هەمیشە و بەردەوام یارمەتی مادی و مەعنەوی و سیاسیمان پێشکەشی ئەو گەلانەمان کردووە لە خەباتیاندا دژی رژێمە رەگەزپەرستەکان ·

●

نکۆمۆ سەر لە لواندا دەدا

دوێنێ شەو جوشوا نکۆمۆی پێشەوای بەرەی نیشتمانی رزگاریخوازی زیمبابۆی چوە بۆ لواندا لە سەردانێکدا بۆ ئەنگولا کە چەند رۆژی دەخایەنێت و گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی ئەنگولادا دەکا ·

کارتەر داوای کۆبوونەوەیەکی بیگن و سادات دەکات

قودسی داگیرکراو ئا·د·ع :

سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر دووپاتی کردەوە کە گەورەترین حساب لەو سیاسەتەدا کە ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەری دەڕوا ، پاراستنی ئاسایشی قەوارەی زایۆنی ـ بووەو هەر ئەوەش دەبێ ·

سەرۆکی ئەمەریکا پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە ئەمەریکا لە هیچ دۆخ و بارێکدا وازی لە کۆنە دۆستایەتی خۆی بەرامبەر بە زایۆنی دوژمن نەهێناوەو ئێستاش وازی لێ ناهێنێ ·

کارتەر کە دوێنێ لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا دەدواو پێری بە بۆنەی بیرەوەری سییەمینی زەوتکردنی فەلەستینەوە لە لایەن زایۆنییەکانەوە ، لە قودسی داگیرکراودا بڵاوکرایەوە ، داوای کرد کۆبوونەوەیەکی باڵا لە نێوان سەرۆکی رژێمی میسر انور السادات و سەرەك وەزیرانی زایۆنی دوژمن مەناحیم بیگن لە کۆشکی سپی لە واشنتۆن یا لە هەر شوێنێکی تردا بێ ، ببەسترێ ، وتیشی لە گەڵ هەردوو کێشیانا مەسەلەی دەست پێکردنەوەی گفتوگۆی شەخسی نێوانیانی باس کردوە ·

هەروەها کارتەر وتی ، هەرچۆنی بێ ، وای پێ باشە کە سادات راستەوخۆ لەگەڵ بیگن‌دا بکەوێتە گفتوگۆو ئەمەریکاش دەوری پێکهێنانیان ببینێ ·

لە لایەکی ترەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سایرۆس ڤانس وتی ، ئەمەریکا بە شێوەیەکی توندوتۆڵ هەوڵی ئەوە دەدا کە بیروڕای نوێ بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی تەقەلاو کۆششی سازاندنەکە لە ناوچەی عەرەبیدا ، گەشە پێ بدا ·

ڤانس لە دوانێکدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆنگریسی ئەمەریکادا وتی ، کاتی ئەوە دێ کە دەستپێشکەریی نوێ سەبارەت بە سازاندنەکە بخرێتە گۆڕێ · بەڵام ڤانس نەچوو بە ناخی باسەکەداو درێژەی نەدایە ·

لە لایەکی تریشەوە سەرەك وەزیرانی زایۆنی دوژمن مەناحیم بیگن ، سەرلەنوێ رەفزی کرد لە خاکی داگیرکراوی عەرەب بکشێتەوە و داوای لە انور السادات کرد کە لەسەر بنچینەی ئەو پێشنیارانەی پێشووتر پێی دابوو ، دەست بە گفتوگۆ بکەنەوە ·

ئەم قسانەش لە دوانێکدا بوون کە پێرێ بیگن لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ وەفدێ لەو زایۆنییە ئەمەریکاییانەدا کردونی کە ئێستا سەر لە فەلەستینی داگیرکراو دەدەن ·

جیهان لە هەفتەیەکدا

لوبنان

لەکاتێکدا هێزە داگیرکەرەکانی زایۆنی دوژمن لە خوارووی لوبناندا ژیان و مافی دانیشتوانی ئەو ناوەیان زەوت کردوەو هەر رۆژە دەستێکی دوژمنانە لە خەڵکی بێگوناهی ئەو ناوچەیە دەوەشێنن و لە بەرامبەریشیدا رۆڵە جەنگاوەرەکانی سەر بە هێزی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان و هێزی بەرگری فەلەستینی ، مەردانە دەکشێنە پشت مۆڵگاو سەنگەرە سەربازییەکانی دوژمنەوەو زەبری گەورە گەورەی لێ دەدەن ، ئا لەو کاتە ناسکەدا هێزە راستڕەوەکانی لوبنان بە هەموو توانایەکیانەوە پشتی زایۆنی دوژمن دەگرن و نەخشەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن و هەر رۆژەی رووداوێك دروست دەکەن بۆ ئەوەی هێزە نیشتمانییەکانی لوبنان و هێزی بەرگری فەلەستینی پێوە خەریك بکەن ، تا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێ کە دوژمن لە خوارووی لوبناندا دەربەڕێنن ·

ئەمە جگە لەوەی کە هێزی ناوبژیکەری دەوڵەتانیش کە گوایە بۆ راگرتنی ئاشتی ناوچەکە نێرراوەتە ئەوێ ، رێ نادا هێزە نیشتمانییەکان و بەرگری فەلەستینی ئەرکی سەرشانی خۆیان لە رووی زایۆنی داگیرکەردا بەجێ بێنن و پارێزگاری لە خاکی وڵاتی خۆیان بکەن ·

لە لایەکی ترەوە ماوەیەکی زۆرە ، دکتۆر سلیم الحص خەریکە حکومەتێکی نوێ پێك بهێنێتەوە . بەڵام لە ئەنجامی ئەو هەموو تەگەرەو قۆرتانەدا کە پارتییە راستڕەوەکان دەیخەنە بەردەمیەوە ، تا ئێستا لەو کارەدا سەرنەکەوتووە ·

بێگومان ئەوەی هێزە کۆنەپەرستە راستڕەوەکان لە لوبناندا دەیکەن ناپاکییەکی گەورەی تریانە دەچێتە پاڵ ناپاکییە بێ شومارەکانی تریان و رووی راستەقینەیان دەردەخا ·

ئەفغانستان

دوای ئەوەی دۆخ و باری ئەو وڵاتە بە تەواوی هێمن بۆوە ، رۆژی هەینی رابوردوو ،هەموو ئەو تانك و زرێ پۆشانەی لە مەیدان و شوێنە گرنگەکانی شاری کابولی پایتەختدا بۆ پاراستنی ئاسایش راگیرابوون ، گەڕێنرانەوە مۆڵگا سەربازییەکانی جارانیان ·

وەکی تریش پێرێ لیژنەیەکی تایبەتی لە ئەنجومەنی شۆڕشی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی نور محمد ترەکی سەرکۆمار پێکهێنرا بۆ دانانی دیباجەی دەستوورێکی نوێ بۆ ئەفغانستان · هەروەها نور محمد ترەکی سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشی ئەو وڵاتە کە ئێستا بە کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان دەناسرێ ، رای گەیاند کە بەم زووانە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە مەسەلەی زەوی سازی لە وڵاتدا جێبەجێ دەکرێ و پەیوەندی کۆنی دەرەبەگایەتی ریشەی لەبن دەردەهێنرێ و ئابووری وڵات لەسەر بنچینەیەکی زانستی پەرەی پێ دەدرێ و گۆڕانکارییەکی تەواویش لە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوولاتیاندا بەدی دەهێنرێ و ئافرەتیش لە هەموو بوارێکدا وەك پیاو سەیر دەکرێ ·

ئەوەی شایانی باسە ئەو حکومەتە نوێیە لە بواری سیاسەتی دەرەوەیدا لایەنگیری سیاسەتی بێ لایەنی و ئاشتی و دۆستایەتی نێوان دەوڵەتان دەکاو تائێستا گەلێ لە دەوڵەتان دانیان بەو حکومەتە نوێیەدا ناوەو کۆماری عیراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە دەی ئەم مانگەوە دانی پێداناوە · ئاشکرایە کە ناحەزانی باری نوێی ئەفغانستان چۆن لە سەرەتادا کودەتا لەناکاوەکە سەرسامی کردن ، ئاواش ئەم هێمن بوونەوە خێراییەو ئەو جێگیربوونی رژێمە نوێیە جێگای سەرسوڕمانیانە ·

ئیتالیا

ئەو بارە ئاڵۆزەی ئیتالیا تێی کەوتوە ، بە تایبەتی دوای فڕاندن و کوشتنی ئەلدو مۆرۆی سەرۆکی پارتی دیموکراتی مەسیحی کە بوە هۆی ئەوەی فرانسیسکۆ کۆسیگای وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە واز لە کارەکەی بێنێ و رێگاش بۆ پارتی راستڕەوی (بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئیتالیا) خۆش بکا کە داوای یاسای عورفی و دانانی دادگای سەربازی بکا بۆ لە سێدارەدانی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی موحاکەمە کردنیاندا بە لە سێدارەدان حوکم دەدرێن ، ئێستاکە چاودێری کەرانی سیاسی زۆر شت دەخەنەروو کە پێشتر نەیان دەویست پەردەیان لەسەر هەڵماڵن ، لەوانە بەلایانەوە وایە کە لەوانە بوو ئەگەر ئەلدۆمۆرۆ رزگاری ببوایە ، وازی لە پارتیەکەی دەهێناو پارتییەکی نوێی بە هاوکاری لەگەڵ پارتی سۆشیالیستدا پێك دەهێنا · هەندێکی تریش وای بۆ دەچن کە لەوانەیە لە ئەنجامی هەڵوێستی یەك نەکەوتووی نێوان قاعیدەو سەرکردایەتیدا ·· پارتیەکە ببێت بە دوو بەشەوە ··

ئەمە جگە لەوەی کە مەسەلەی ئەلدۆمۆرۆ ، پارتیە سیاسییەکانیشی لەو وڵاتەدا کردوە بە دوو بەشەوە ، بەشێکیان کە بریتییە لە پارتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی کۆمۆنیست بەرهەڵستی هەندێ لە گیراوەکانی دەستەی (ئاڵا سوورەکان)یان دەکرد کە ئەو دەستەیە ئەمەی بە مەرجێکی بنچینەیی دادەنا بۆ بەردانی ئەلدومۆرۆ · بەشەکەی تریان کە بریتییە لە پارتی سۆشیالیست و پارتەکانی تر لایەنگیری ئەوەیان دەکرد کە جۆرە نەرمییەك بەرامبەر گیراوەکانی ئەو دەستەیە بنوێنرێ و هەندێکیان بەربدرێن ،بۆ ئەوەی ئەوانیش دەست لە ئەلدومۆرۆ هەڵبگرن ·· هەرچۆنێ بێ لەوە دەچێ کارەساتی ئەلدۆ مۆرۆ ئەنجامی تری بەدوادا بێت و لق و پۆپی زۆر لێ ببێتەوە ·

یارمەتی‌یە عەسکەری یەکانی ئەمریکا ..

چەکی پەلامار بۆ دوژمن و فڕۆکەی «دیفاعی» بۆ خۆبەدەستەوەدەران

ماوەیەکی دوورو درێژە لەنێوان حکوومەت و کۆنگریسی ئەمریکادا دەمەتەقەو مقۆمقۆ لە سەر سەودایەکی فرۆشتنی فڕۆکەی ئەمریکایی بەمیسرو سعودیەو زایۆنی دوژمن دروست‌بووە . بەگوێرەی ئەوسەودایە حکوومەتی کارتەر پێشنیاری کرد بوو کە پەنجافڕۆکەی (اف ٥) بدا بەمیسرو حەفتاو پێنج فڕۆکەی (اف ٥) و (اف ١٥) بدا بەسعودیەو لە بەرابەر ئەوەشدا حەفتاو پێنج فڕۆکەی (اف ١٦)و پەنجا فڕۆکەی (اف ١٥) بدا بە قەوارەی زایۆنی .

ئەوەمان لە بیرە کە حکوومەتە خۆبەدەستەوەدەرەکانی عەرەب و بەتایبەتی شاسواری مەیدانی سەرشۆڕکردن و خۆبەدەستەوەدان واتە ئەنور سادات زۆریان بەسیاسەتی بێلایەنانەی حکوومەتی سەرۆک کارتەر هەڵاگوت و وایان نیشاندا کە

سەرکۆماری تازەی ئەمریکا بەراستی فریشتەی ئاشتی و دادپەروەری یەو خوا بۆ عەرەبی گەیاندوە کە زوڵم و زۆری چەند ساڵەی لە سەر لابەرێ و مافی زەوتکراوی دەست بخاتەوە . هەر چەندە ماهیەتی حکوومەتی تازەی ئەمریکاو بێ بنج و بناوانی‌ی لێکدانەوەی رژێمەکانی لایەنگری سازان هەر لەپێشەوە بۆ هەمووکەس ئاشکرابوو ، بەڵام مەسەلەی ئەو سەوداتازەیە بەڵگەیەکی تازەی لە سەر پشتگیری بەردەوام و بێدریغی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە قەوارەی دوژمن دابەدەست .

هەر لە ئەژمارەکانی سەرەوەرا بە ئاشکرادیارە کە سەرەرای یارمەتی‌یەکانی پێشووی ئەمریکا بەزایۆنی دوژمن ، تەنانەت لەو تاقە سەودایەشدا ژمارەی ئەوفڕۆکانەی ئەمریکا دەیەوێ بیاندا بەدوژمن بەقەدەر ژمارەی ئەوفڕۆکانەیە کە دەیاندا بە هەردوو دەوڵەتی میسرو سعودیە .

بەڵام رەنگە زواڵەتی ئەو مەسەلەیە زۆر سەیر نەبێ و لەوانەبێ بەوە بینە بکرێ کە ئەمریکای « یەکجار لایەنگری ئاشتی » دیەوێ پارسەنگی هێزەکان لەناوچەدا بپارێزێ . بۆیە شۆڕبوونەوەیەک بۆ قووڵایی مەسەلەکە دەتوانێ « نیازپاکی »ی ئەمریکاو سەرکۆمارە تازەکەی بەجوانی روون بکاتەوە :

جارێ ئەو فڕۆکانەی قەراروایە بدرێن بە میسر لە چەشنی (اف ٥)ن و لەباری تەکنیک و کارکردنەوە یەکجار زۆر لەدوای ئەو چەشنە فڕۆکانەن کە دەدرێن بەدوژمن . فڕۆکەی (اف ١٦)ش کە دەدرێ بەدوژمن یەکێک لە پێشکەوتووترین چەشنەکانی چەکی تازە بابەت و مۆدێرنی ئەمریکایە کە تا ئێستا زۆر بەکەمی دراوە بە وڵاتانی تر . دەمێنێتەوە سەر فڕۆکەکانی (اف ١٥) کە هەم دەدرێن بەسعودیەو بەهەم قەوارەی زایۆنی وەریان دەگرێ . ئەگەر سەرسەرەکی سەیری مەسەلەکە بکرێ دەبینن کە سعودیە هەر لەو چەشنە فڕۆکەی کە دەدرێ بەدوژمن لەو سەودایەدا چەند فڕۆکەیەک وەردەگرێ . بەڵام باباشتر لەشتەکە روون بینەوەو بزانین حەقیقەتی مەسەلەکە چۆنە .

پاش رەخنە دەربڕینی هێندێ لە ئەندامانی کۆنگریس لەفرۆشتنی فڕۆکەی ئەمریکایی بەوڵاتانی عەرەبی ، دۆستەگیانی یەکیانی‌یەکەی سادات مەسەلەکەی روون کردەوەو بەئاشکرا گەیاندی کە نابێ ئەندامانی کۆنگریس پێیان وابێ هیچ کامێکیان بۆ قەوارەی زایۆنی لەو دلسۆزترن و زیاتر بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەو حکوومەتە دەست‌نێژە بەنەنگەومن ، کارتەر ئاشکرای کرد کە لە کاتێکدا ئەو فڕۆکانەی چەشنی (اف ١٥) کە دەدرێن بەدوژمن بەکەرەستەی پەلاماربردن تەیارن ، ئەوانەی دەدرێن بەسعودیە نەک هەر بەکەڵکی پەلامار نایەن و تەنیا کەرەستەی « دیفاعی »یان تێدایە ، بەڵکوو گۆڕینیشیان بەو جۆرە کە بەچەکی پەلاماربردن تەیار بکرێن کارێکی یەکجار دژوارو ئەستەمەو لەوانەیە لەتوانای دەوڵەتێکی خاوەن تەکنیکی پێشکەوتووشدا نەبێ .

لەوەش زیاتر ئەمریکا بەڵێنی لە سعودیە وەرگرتوە کە هیچ کاتێک ئەو فڕۆکانە نەدرێتە دەستی ئەو دەوڵەتانە کە رووبەرووی قەوارەی زایۆنین و لە وانەیە رۆژێک لە رۆژان بەگژ دوژمندا بچن . کارتەر هەروەها روونی کردەوە کە دانی ئەوفڕۆکانە بە میسرو سعودیە زیاتر بەقازانجی قەوارەی زایۆنی‌یە ، چونکە ئەگەر ئەمریکا ئەو سەودایە نەکا لەوانەیە ئەو دەوڵەتانە چەکی پێشکەو تووتر لەوڵاتێکی دیکە وەربگرن .

سەرباری هەمووی ئەمانەش ئێستا لە کۆنگریسی ئەمریکادا خەریکە ئەو پێشنیارە بچەسپێ کە ژمارەی ئەو فڕۆکانەی دەدرێن بە تەل ئەبیب زیاتر بکرێ . خۆ هەمووشمان دەزانین ئەگەر ئەو پێشنیارەسەریش نەکەوێ لەکاتی تەنگانەدا هەموو ئیمکاناتی عەسکەری‌ی ئەمریکا لەخزمەتی قەوارەی زایۆنی دایەو رووداوەکانی شەری تشرینی ١٩٧٣ بەڵگەیەکی زیندووی ئەم راستی‌یەن .

ئا بەم جۆرە حکوومەتە عەرەبی‌یەکانی لایەنگری سازان هەموو بڕواو متمانەی خۆیان داوە بە سەرکردایەتی تازەی ئەمریکاو چاوەڕوانن کە واشنتۆن « ئاشتی » لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرقەرار بکا .

ڕیپۆتاژێکی خەبەری

دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یەی ئێران

لە چەند رۆژی رابردوودا گەلێ خۆپیشاندانی گەورە لە تاران و شارە گەورەکانی ئێراندا ڕێکخران کە بوونە هۆی پێکهەڵپڕژانی پۆلیس و خۆپیشاندەران و لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان کوژران و بریندار بوون و گیران .

لە پێکهەڵپڕژانی پۆلیس و خوێندکارانی زانستگای ئازەر ئابادەگانی تەورێزدا دووخوێندکار کوژران و ٣٨ی تریش بریندار بوون . بەدوای ئەو رووداوەدا جارێکی تر خوێندکارەکان کۆبوونەوەو دەستیان‌کرد بە هەڵگرتنی دروشمی دژی حکوومەت . سەرلەنوێ پۆلیس هاتەوە مەیدان و لەو پێکهەڵپڕژانەشدا چەند پۆلیس و ١٤ کەسی تر بریندار بوون کە دوو ئەفسەریشیان تێدا بوون و چوار ئۆتۆمبیلی حکوومەتیش سووتێنران .

لە شاری شیراز خوێندکارانی ئامۆزگای بەرزی ڕێ‌نوێنی خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد کە لەمودا بە دارو بەرد لەگەڵ پۆلیس کەوتنە شەرو دەرگاو پەنجەرەکانی بانکی صادرات و بانکی مللی‌یان تێک شکاندو سەرەنجام پۆلیس شەش کەسی لێ‌گرتن .

چەند سەعات دواتر هەر لەو شارەدا خوێندکارانی کۆلێجی کشتوکاڵ خۆپیشاندانێکی تریان سازکردو دەستیان‌کرد بە دروشمدان دژی حکوومەت ، لەو رووداوەشدا خوێندکاران ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس و یەکی ئاگرکوژاندنەوەیان تێک‌شکاندو یەکێک لە لقەکانی بانکی مللی‌یشیان پەلاماردا .

لە هەمان رۆژدا تەقینەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی کارو باری خوێندکاران لە زانستگای (پهلوی)ی شیرازدا رووی‌دا کە بوو بە هۆی رووخانی بەشێکی زۆر لە خانووبەرەکەو پاش سەعات و نیوێک کاربەدەستانی ئاگرکوژاندنەوە توانیان ئەو ئاگرە بکوژێننەوە کە بەهۆی تەقینەوە کەوە هەڵگیرسابوو .

لە تارانیش خوێندکارانی کۆلێجی علوم رۆژی نۆی ئەم مانگە خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێک خست و دەرس خوێندن لە تەواوی کۆلێجەکانی تری زانستگاشدا پەکی کەوت .

رۆژنامەکانی ئێران نووسی‌یان کە شەوی نۆی ئەم مانگە کۆمەڵێکی نەناسراو یەکێک لە لقەکانی بانکی صادراتیان لە تاران ئاگردا ، بەڵام ئیشکەرانی ئاگرکوژاندنەوە توانیان بیکوژێننەوەو پۆلیس کەوتە هەوڵ و تەقەلای دۆزینەوەی ئەوکەسانە کە ئەو رووداوەیان بەرپاکرد .

لە شارەکانی مشهدو بابول و یەزد کە کەوتوونە ناوەڕاستی ئێران جموجوولی بازرگانی پەکی‌کەوت و بازاڕو دوکان بە تەواوی داخران .

رۆژنامەی (کیهان)ی ئێواران نووسیویە شەوی نوێ ئەم مانگە خۆپیشاندەران لە شاری ئیسفەهان بە نارنجۆکی دەستی هێرشیان کردۆتە سەردوو سینەماو چەند شوێنێکی بازرگانی‌و ئاگریان تێ‌بەرداون ، هەر لەو کاتەشدا خوێندکاران لەسەر خۆپیشاندان و مانگرتن لە دەرس‌خوێندن بەردەوام بوون .

ئاژانسی دەنگوباسی ئێران گوتوویە هێزەکانی پۆلیس لە ناوچەی کرماشان یازدەکەسیان لە خۆپیشاندەران گرتووە هەر لەو کاتەشدا شاری شاه آبادی رۆژئاوا خۆپیشاندانێکی گەورەی لێ‌سازکراوە کە بۆتە هۆی پێکهەڵپڕژانی پۆلیس و خۆپیشاندەران ١٣ کەس لە خۆ پیشاندەران گیراون .

رۆژنامەی (اطلاعات) نووسی پاش ئەو خۆپیشاندانەی کە لە شاری‌قوم لە باشووری تاران رووی‌داو لە پێکهەڵپڕژانی پۆلیس و خۆپیشاندەراندا چوار پۆلیس و دوو کەس لە خۆپیشاندەرەکان بریندار بوون هێزەکانی سوپاکەوتوونە کارو لە چەند شوێنێکی ناوەندی شاردا جێگیر بوون ، بەو حاڵەش ناو بە ناو دەنگی تەقە لە نێو شاردا دێتە گوێ‌و خۆپیشاندان بەردەوامە .

لە پارێزگای (خوررەم‌ئاباد)یش رۆژی دەی ئەم مانگە خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس پێک هەڵپڕژان و بەدوای ئەم رووداوەدا چەند کەسێک گیران .

(اطلاعات) نووسیویە کە رۆژی ٩ی ئەم مانگە زۆربەی بازاڕە سەرە کیەکانی تاران داخراون و هەروەها چەند وێنەیەکیشی لە خۆپیشاندانی‌قوم بڵاو کردۆتەوە کە نیشان دەدەن چەند خانووبەرە ئاگریان تێ بەردراوە .

لە شاری (بیبەهان)خۆپیشاندەران دوو لقی بانکی صادرات و لقێکی بانکی بازرگانی‌یان سووتاندووەو دوکان و بازاڕ داخراوەو زۆر لە دایرەکانی حکوومەت دەرگایان داخستووەو پۆلیس ژمارەیەکی زۆری لە خۆپیشاندەران گرتوە .

هەروەها لە هەمەدان و کرمان و ئەهواز و زۆربەی هەرە زۆری شارە گەورەکان و بەشێک لە شارە بچووکەکانیش لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی

بروانە ل ٧

پەنەما: یانکی گۆ هۆم!

عثمان حسين

بۆناڕەزایی بەرامبەر سیاسەتی ئیمپریالستی ئەمەریکا هاوولاتیەکی پەنەمی لەشاری ستوکهولم لەبەردەم بالۆیزخانەی ئەمەریکادا خۆی دەسوتێنێت .

چونکە حکوومەتی ئەمریکادەوریکی چەپەڵی لە سیاسەتی ئیمپریالیستی‌دا هەبوە ، گەلانی ژێردەستەی جیهان هەموو کاتێک چەپۆکیان لێ‌ناوەو بە تووڕەیی‌یەوە داوای وەدەرکەوتنیان لێ‌کردوە . « یانکی ! گۆ هۆم » واتا « ئەمریکایی ! بگەڕێوە بۆماڵێ » وەک دروشمێکی نەتەوایەتی لێ‌هاتوە .

لەو دواییانەدا سەنای ئەمریکا بە ٦٨ دەنگ بەرامبەر ٣٢ دەنگ بریاری‌داوە دەسەڵاتداریەتی ئەمریکا تا ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩ی زایینی لە (پەنەما)و دەوروبەری‌دا بمێنێتەوەو ئەوکاتە دەست لە پەنەما هەڵبگرێ . بەو بۆنەوە چەند خۆپێشاندان لەلایەن هێزە پێشکەوتووەکانی پەنەماوە ڕێکخران و تەنانەت پەلاماری بالوێزخانەی ئەمریکاشیان‌دابوو .

ئەگەرچی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە سەردەمی فڕۆکەی تیژباڵ و ژێردەریایی ئەتۆمی سارووخی بە تەوژمە ، ئەهمیەتی ستراتیژی کاناڵی پەنەما کەم بۆتەوە ، بەڵام دیسان لە نێوان ڕێگا گرنگە دەریایی‌یەکاندا وەک داڵانێکی ئاوی بایەخدار حیسابی لە سەردەکرێ . بۆیە ئێستاش حکوومەتی ئەمریکا لە هەموو بارێکەوە دەیەوێ سیاسەتی ناحەزو زۆردارانەو ئیستیعمارگەرانەی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ .

گەلی پەنەما لە کۆنەوە ویستوویەو گەورەترین ئاواتی ئەوە بوە ئەمریکایی مۆتەی چارەڕەشی بە یەکجاری لەو وڵاتە بڕواتە دەرەوەو بۆ ئەبەد « دێزەی رەش لە دوا بشکێنن » . بۆیە مەسەلەی پەنەما بۆ هەموو سەرکۆمارەکانی ئەمریکا وەک باسێکی گرنگ لە گۆڕێدابوە . بەڵام هیچیان غیرەتی ئەوەیان نەبووە تەنانەت پێشنیاری خۆشیان بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕ بدەنە سەنای ئەمریکاو باسێکی رەسمی لەسەربکەن .

بەڵام ئێستا کە هەستی نیشتمان‌پەروەری رۆژبەرۆژ زیاتر پەرەدەستێنی و گەلی پەنەما کات لە دوای کات وشیارتردەبێتەوە ، لەلایەکی دیکەش هەل و مەرجی جیهانی بۆ تێکۆشانی گەلان لە بارتردەبێ و مەیدان لە ئیمپریالیزم تەسکتر دەبێتەوەو ئەمریکاش گەورەترین بەشی لە ئەرکی ئیمپریالیستی هاوێشتۆتە سەرشانی خۆی ، ناچارە لە بەرامبەر ویست و داخوازی گەلی پەنەمادا تەنەکەیەکی دیکە ڕێکخا . واتا پێشنیاری کردوە تا ساڵی ١٩٩٩ زایینی بەرەبەرە کاناڵ بەجێ‌بێڵێ .

ئەو پیلان و تەڵەکانە بۆ هەموو کەس روون و ئاشکران . ئەمریکا زێ‌و راست ناتوانێ مانەوەی خۆی لە پەنەمادا ڕاگەیەنێ‌و بە ئاشکرا دەربڕێ کە دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی هەتاهەتایە لەو ناوەدا دابکوتێ . چونکە زنجیری کوێلەتی‌و دیلی گەلان پچڕاوەو سەردەمی ئیستیعمارگەری تێ‌پەڕبوە . بەڵام بەسەستەو خاوەخاوە دەیەوێ هێزەکانی خۆی لەوێدا رابگرێ . دەیەوێ لەو ناوەدا رۆڵێکی حەکیمانە یاری بکا هەم هەستی پەنەماییەکان بریندارنەکاو تۆزێک ئارامیان کاتەوە . هەم وەک پێشوو ئاغای پەنەمابێت و بەرو بوومی ئەو وڵاتە هەڵمژێ .

ئەو بڕیارانەی کە تا ئێستا لەلایەن حکوومەتی ئەمریکاوە لە بارەی کاناڵی پەنەماوە دراون هەموویان بە قازانجی یەکلایەنی‌ی حکوومەتی ئەمریکاو بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لەو ناوە دابوون . بۆیە پێکهێنانی ئالوگۆڕ لە دەقی ئەو قەرارانەدا پێویستە ئەوی نوێنەرانی سەنا دەنگ بدەن ، هەر ئەوەش بۆ کارتەر گرفتێکی گەورەیە . لەلایەک ناتوانێ لەبەرامبەر خەباتی گەلی پەنەماو بیروباوەڕی گشتی جیهاندا خۆی گێل کا ، لەلایەکی دیکەش ناتوانێ دار لە هەستی ئەو ئەندامانە بدا کە دژی پێکهاتنی ئالوگۆڕی بنەرەتیی لەمەڕ کاناڵی پەنەما .

دیارە یەکێک لە سیاسەتە گڵاوەکانی ئیمپریالیزم شێواندنی زەینی خەڵک و راهێنان لە باری ئایدۆلۆژی‌و فێرکردنی فەرهەنگی ئیمپریالیستی‌یە ، کە هەر لە سەرەتاوە مێشکی قوتابیان بەو فەرهەنگە ناڵەبارە ئاودەداو زەینی خەڵکی وڵاتەکەی خۆشی ئاڵۆزو شێواوەکا . بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لە ئەمریکاییەکان لەسەرەتای خوێندنیان لە قوتابخانەدا فێرکراون کە دروست‌بوونی کاناڵی پەنەما لەلایەن ئەمریکاوە نەخشەی بۆ کێشراوەو پارەو یارمەتی‌ی ئەمریکاییەکان دروست‌کراوە . بەو جۆرە هێندێک لە ئەمریکاییەکان پێیان وایە پەنەما بەشێکە لە خاکی ئەمریکاو دەبێ دەسەڵاتداریەتی ئەمریکا لەوێندا حوکم‌بکا .

بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە گەلانی پێشکەوتووی جیهان و روناکبیرانی ئەمریکایی نەک تەنیا مانەوەی ئەمریکا لە پەنەمادا بە ناهەق دەزانن ، بەڵکوو دەیانەوێ بەزووترین‌کات ئەمریکا پەنەما بەجێ‌بێڵێت و ڕێگا بدرێت داهات و چارەنووسی ئەو

بروانە ل ٧

داستانەکەی ئەلدۆ مۆرۆ کۆتایی هات...!

داستانی ئەلدۆ مۆرۆی سەرەک وەزیری پێشوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی مەسیحی‌ی ئیتالیا ، بە دۆزینەوەی لاشەکەی لەناو ئۆتۆمبێلێکدا کە لە نزیک بارەگای حیزبی کومیونیستی ئیتالیا وەستێنرابوو ، تەواوبوو .

وەکو هەواڵەکان باسی ئەکەن ، لاشەکە لە سەندوقی پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا درێژکرابوو کە هەندێ پەڕۆوپاڵی بەسەردا درابوو .. دوای دانانی ئۆتۆمۆبێلەکە لەو شوێنەدا رفێنەرانی مۆرۆ بە تەلەفۆن کاربەدەستانیان ئاگادار کردبوو کە لاشەکە لەناو ئەو ئۆتۆمۆبێلەدایە .

تەلەفزیۆنی ئیتالیا ، یەکەم وێنەی لاشەکەی مۆرۆی نیشاندا کە بەدرێژکراوی لەناو سەندوقی پاشەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا دانرابوو .. لە لایەکی ترەوە ، دەزگای پزیشکی شەرعی ئیتالیا رایگەیاند کە مۆرۆ بە چوار گولله کوژراوەو هەندێ سەرچاوەی باوەڕ پێکراویش وتیان کە لاشەکە لەناو ئۆتۆمۆبیلێکی رینو (٤)دا دۆزراوەتەوەو پێنج فیشەکی دەمانچەش لەناو هەمان ئۆتۆمۆبێلدا دۆزراوەتەوە .. لاشەکە برینی چوار گوللەی پێوەبوو کە هەرچواریان بەسینگی‌یەوە نراون و بە دەسەسڕی سپی داپۆشراون . هەندێ زیخیش لە ناو پانتۆلەکەیدا دۆزراوەتەوە .

● خێزانی مۆرۆ داوای کرد نوێنەرانی حکوومەت یان حیزبەکان لە ناشتنی ئەودا بەشداری نەکەن .

● هەندێ کەس کە بەچاوی خۆیان لاشەکەی مۆرۆیان دیوە ، گێراویانەتەوە کەوا ریشی نەتاشراوەو لاشەکەی وای دەرخستوە کە بەر لەوە بەچەند رۆژ کوژراوە .

● کورتەیەک لە بارەی رفاندنەکەی مۆرۆوە :

– چەکدارەکانی « ئاڵا سوورەکان » سەعات (٩)ی بەیانی رۆژی شانزەی ئازاری رابردوو ، پاش کوشتنی هەر پێنج پاسەوانەکەی ، ئەلدۆ مۆرۆیان لە رۆما رفاند .. لە ئێوارەی هەمان رۆژدا ، دیموکراتە مەسیحیەکان حکومەتیان بە سەرۆکایەتی جۆلیۆ ئەندریۆتی گرتە دەست پاش ئەوەی لەگەڵ حیزبەکانی : کومیونیست ، سۆشیالیست ، سۆشیالیستی دیموکرات و کوماریدا یەک بەرەیان پێک هێنا .

– لە هەژدەی ئازاردا هەواڵ بەیاننامەی « ئاڵا سوورەکان » لەو بارەیەوە بڵاوکرایەوە . لەو بەیاننامەیەدا ڕێکخراوەکە رفاندنی مۆرۆی خستە پاڵ خۆی‌و وێنەیەکی فۆتۆگرافی‌ی ئەویشی لەگەڵدا بڵاوکردەوە .

– لە بیست و پێنجی ئازاردا بەیانێکی تری « ئاڵا سوورەکان » ، دەرچوو کە تێیدا ڕاگەیاندرابوو کەوا مۆرۆ لەبەردەم دادگای گەلدا موحاکەمە ئەکرێ .

– لە بیست و نۆی هەمان مانگدا ، بەیانی سێیەمی ڕێکخراوەکە دەرچوو لەگەڵ نامەیەکدا کە بە دەستخەتی مۆرۆ خۆی نواسرابووو تێیدا پێشنیاری کردبوو کە لەگەڵ هەندێ حەپسی ڕێکخراوەکەدا کە لە شاری (تۆرینۆ) حەپسن ئالوگۆڕیان پێ بکرێ .

– لە حەوتی نیساندا ، رۆژنامەی « ال جیورنو » نامەیەکی ژنەکەی مۆرۆی بڵاوکردەوە کە بۆ « ئاڵا سوورەکان » نوسرابووو تێیدا داوای بەربەردانی مێردەکەی کردبوو .

– لە هەشتی نیساندا ، ئاشکراکرا کە مۆرۆ نامەیەکی بۆ ژنەکەی نووسیوە . ئەم نامەیە بانگەوازێکی نائومێدانەی تێدابوو ، بەڵام کاربەدەستان نەیان هێشت هیچ شتێکی لێ بڵاوببێتەوە .

– لە دەی نیساندا ، بەیاننامەی پێنجەی « ئاڵا سوورەکان » ، بڵاوبووەوە کە تێیدا ئەو ئیعتیرافاتە بڵاو کرابوەوە کە مۆرۆ لە کاتی موحاکەمەکردنیدا لە بارەی سیاسەتی ناوخۆی ئیتالیاوە کردبووی .

– لە پانزەی نیساندا بەیانی شەشەی « ئاڵا سوورەکان » ، بڵاوکرایەوە کە دەڵێ موحاکەمەکردنی مۆرۆ کۆتایی هاتووەو فەرمانی ئیعدامکردنی دەرچووە .

– لە هەژدەی نیساندا « ئاڵا سوورەکان » رایگەیاند کە مۆرۆ ئیعدام‌کراوەو لاشەکەی وا لەبن گۆمی « دوشسای » ناو کێوەکانی (ریتی)دا کە (١٠٠) کیلۆمەتر لە رۆماوە دوورە ، بەڵام کاربەدەستان هەرچەندێ ناو گۆمەکەیان پشکنی هیچیان وەدەست نەهێنا .

– لە بیست و چواری نیساندا ، ڕێکخراوەکە بەیاننامەی هەشتەمی بڵاوکردەوەو تێیدا داوای‌کرد کە (١٣) کەس لە تاقمەکەی ئەوان لەزیندان بەربدرێن تا ئەوانیش لە جیاتی ئەو (١٣) کەسە مۆرۆ بەربدەن لە هەمان رۆژدا ، مۆرۆ نامەیەکی کاریگەری بۆ حیزبی دیموکرات مەسیحی نووسی‌و ئۆباڵی کوشتنی خۆی خستە ملی ئەو حیزبە .

– لە بیست و نۆی نیساندا رۆژنامەی « المساجیرۆ » ، نامەیەکی دەستخەتی نوێی مۆرۆی بڵاوکردەوە کە مۆرۆ تێیدا حیزبەکەی بە ترسنۆک دەداتە قەڵەم .

– لە سێی نیساندا ، ڕێکخراوەکە ، چوار جار بە تەلەفۆن هەڕەشەی ئەوەی راگەیاند کە ئەگەر داوای ئاڵ و گۆڕکردنەکە پەسەند نەکرێ ، ئەوا مۆرۆ ئێوارەی یەکی ئایار ئیعدام ئەکرێ .

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

بەدوای نووسینەکەی کاك محمد مەلا کەریمدا :

نەء، کۆنگرەی گشتی نا.. بەڵکو کۆنفرانسێکی تایبەتی بۆ یەکخستنی ڕێنووس لە کۆڕی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

لە ژمارەی پێشوودا ، کاك‌محمدی ملا کریم لە دلسۆزیو بەتەنگەوە هاتنەوە ، لە نووسینەکەیدا وەك پێشنیارێك داوای لە دەزگاڕۆشنبیرییەکان کردبوو کە بۆ ڕزگارکردنی ڕێنووسی کوردی لەو پاشاگەردانییەی تێوەی گلاوە ، تەقەلای ئەوە بدەن کۆنگرەیەك ساز بکەنو لەم مەسەلەیە بدوێنو چارەسەرێکی بۆ دابنێن .

من گومانم لەوەدا نییە کە کاك محمدو هەموو ڕۆشنبیرانمان وەختی ئەم باسە دێننە کایەوە ، لە دلسۆزییەوەیەو بەو هیواو ئاواتەیە کە هەوڵێکی بۆ بدرێو هەنگاوێکی بۆ بنرێ . بەڵام ئاشکرایە کە مەسەلەکە ئاسان نییەو ئاڵۆزیی زۆر تێکەوتووەو هەوڵ بۆ دانیشی زەحمەتو سەخت دەبێ ، بەتایبەتی ئەگەر بەوە دەس پێ بکرێ کە هەنگاوی زۆر گەورەو گرانی وەك بەستنی کۆنگرەیەکی گشتیو یەکژەمی بۆ بنرێ . بەستنی کۆنگرەیەکی وەها وەك فیکرەیەكو وەك هیواو ئاواتێك کارێکی پیرۆزو پەسندەو جێگەی خۆشحاڵیو ڕەزامەندی هەموو دلسۆزێکە .

بەڵام بە ڕای من ، هێنانەدی ئەم فیکرەیە بە کردار لە ئێستادا زۆر زەحمەتو کۆسپو تەگەرەی زۆر لە بەرەو لەو باوەڕەدام کە ئەگەر هەنگاویشی بۆ بنرێ ، سوود بەخش نابێو ئەنجام نادا .

بۆیە منیش لە دلسۆزیو بەتەنگەوە هاتنمەوە ، لە لای خۆمەوە بۆ ئەم مەسەلەیە پێشنیارێکی‌تر دەخەمە بەرچاو کەوا ئێدەگەم جێ‌بەجێ‌کردنی بە کردار ئاسانترەو دەبێتە هەنگاوێکی کاریگەریش بەرێگای دۆزینەوەی چارەسەرە گشتییەکەدا ، واتە لە یەکخستنی گشتیی ڕێنووسی کوردی .

من دەڵێم :

لە مێژووی ڕۆشنبیریی هاوچاخماندا ، ڕۆژنامەو گوفارە کوردییەکان دەورێکی گەلێ باڵایان گێڕاوەو تەنانەت بەردەوام پەیوەندییەکی پتەویشیان لەگەڵ مەسەلەی زمانو گیروگرفتەکانیدا هەبووە . ئینجا ئێستاش کە پاشاگەردانییەکە زیاتر بەخەی ڕۆژنامەو گوفارەکانی گرتووەو زۆر بە زەقی لەسەر لاپەڕەکانی ئەماندا خۆی دەنوێنێ ، کە دەبینین هەر لە یەك لاپەڕەدا چەند جۆرێك ڕێنووس بەکار دەهێنرێ ، لەبەر ئەوەی کە چەند نووسەرێك بەشداری تێدا دەکەن .

دەتوانم بڵێم : هەر ئەمانیش بە ئاسانی دەتوانن هەر هیچ نەبێ لە لای خۆیانەوەو بۆ خۆیان ، هەنگاو بنێن بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو پاشاگەردانییە . بەڵام بابزانین چۆن ؟

بە ڕای من دەکرێ کۆنفرانسێك لە نوێنەرانی گوفارو ڕۆژنامەکان پێك بهێنرێو لە کۆنفرانسەکەدا

حسين عارف

ئەو گیروگرفتو جیاوازییانە دەستنیشان بکرێن کە لە کایەدانو کە وەك وتان ڕۆژنامە نووسان ڕۆژانە لووتیان دەبێ بە لووتیانەوە ، ئینجا دەتوانن بە بێ ئەوەی لە ڕووی زانستیی زمانەوە ، زۆر تیایاندا قووڵ ببنەوە ، هەموو لە سەر یەك شێوەڕێك بکەوونو ئەو ڕێکەوتنە بە ڕۆژنامەو گوفارەکانیان ڕابگەیەننو ئیتر لەوە بەدواوە هەموو لە سەر ئەو شێوە یەکخراوە بڕۆن . جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا ئەو ڕۆژنامەو گوفارانە چۆن دەتوانن ئەمە بە کردار جێ‌بەجێ بکەن !؟

ئاشکرایە هەموویان زۆرو کەم کارگەرانی خۆیان هەیە کە تیایاندا دەنووسن . کارەکە بە نیسبەت ئەمانەوە زەحمەت نییەو ڕاهێنانیان لە سەر ئەو شێوە یەکخراوە ئاسانە ، بەڵام بۆ غەیری کارگەرانیش ، هەر گوفارو ڕۆژنامەیەك دەتوانێ سەرپەرشتی کەرێکی زمان بۆ خۆی دابنێ کە ئەم نیشەی بخرێتە ئەستۆ .

من وەك لە نزیکەوە ئاگادارم ئێستا ڕۆژنامەی (هاوکاری) بۆ خۆی لەم ڕووەوە کەوتۆتە هەنگاو نانو تەقەلای ئەوە دەدا کە هەر هیچ نەبێ ، ئەو لاپەڕانەی کە کارگەرانی خۆیان بۆیان دەنووسنو پڕیان دەکەنەوە ، بە یەك جۆر ڕێنووس بکەوونە بەر چاو . هەر وەکو هەوڵی ئەوەش دەدا کە لە زاراوەشدا بە یەك شێوە بێ ، نەك یەك زاراوە هەر لە لاپەڕەیەکدا بە دوو سێ جۆرو شێوە بنووسرێ .

دووکەڵ و هێشو

دڵم تەنگ بێ .. هێدی هێدی
من دوکەڵی جگەرەکەم
هەموو دەکەم بەڕوی خۆما
وا تێنەگەی دڵم پەست بێ
ئەم دوکەڵە دەمخنکێنێ .
گریام ، گریام .. تیر تیر گریام
دڵۆپە فرمێسکم چووە
خاکی تینوی ئەمامێكو
پاش چەن ساڵێ
بووە هێشوی بەرگەردنی .

● مارف عمر گول ●

ڕەخنەو داهێنەر

● ئازاد عبدالواحد ●

سەد هەڵدانی پارچە ئەدەبێکی داهێنەرانە ، هەمیشە خۆ خواردنەوەو شەونخوونیو هیلاکییەکی بەردەوامە .. داهێنەر تا بە ئەنجامی دەدا دوچاری ئازارێکی سوگوار دەبێ ، هەروا بە گوترە ناتوانێ چاوەڕوانی فریشتەی «بەهرە»و «ئیلهام» بێت ، تا بەڵکە شتێ بە گوێچکەدا بچرپێنێ .. هەر کاتێکیش داهێنەر ئەو پارچە شاکارەی بەدەستەوەدا . ئەوە دەتوانێ بەشێ لە زاتی خۆی مسۆگەر بکا ، یان قەوارەکەی ڕێکبخاو دەسەڵاتی دەخاتە سەر بەشێ لە دووڕگە ئەدۆزراوەکانی .. لەو کاتەی زاتەکەی وەکو مەوێر دەشێلێو سەر لەنوێ دایدەڕێژێتەوە .. بەڵام دارێژتنەوەکە پاکترو پێگەیشتووانەترە لە پێشووی ، بۆیە هەموو کەسێکی داهێنەر یەکەم ڕەخنەگری خۆیو بەرهەمەکەی خۆیەتیو دوای چاو هەڵێنانی ، بەرهەمەکە دەداتە بەر تیشکی عەقڵێکی ڕۆشنو تیژبین ..

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێمو ئەوەیە ، کە داهێنەر مادام داهێنانەکەی بە وەعیەکی گەورەوە دابێتە دەست ، بۆیە دەتوانێ نەك وەکو ـ ڕەخنەگرێ ـ بەڵکە وەکو کەسێك کە داهێنانەکە لە مەناویەوە دەرچووەو لە گەڵیدا ژیاوە ، ڕۆشنایی بخاتە سەر زۆر وردە لایەنی داهێنانەکەیو ڕوونی بکاتەوە بۆ خوێنەر ، بگرە دەستی ڕەخنەگریش دەگرێو یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی زیاتر لە کارە ئیبداعیەکە نزیك بێتەوە .. لە لایەکی تریشەوە زووتر دەتوانێ داهێنانەکەی جێگیر بکاتو لە خەڵکی بگەیەنێ ، نەك چاوەڕوانی ئەوە بێت « ڕەخنە گر » ئەو کارە بگرێتە ئەستۆی خۆی ، کە لە لای ئێمە جارێ ڕەخنە نەبووە بە کارێکی داهێنەرانەی تەواو تا بتوانێ گەشت بە خوێنەر بکا ، لە جیهانی داهێنانەکە .. ئەگەر ئاورێ لە ئەدەبی دەوروبەرمان بدەینەوە ئەوانیش وەکو ئێمە لە پەلە تازەی هەمان قاتو قوڕیی ڕەخنە دان ، بەڵام تا ڕەخنە وەکو ئەرکو پەیامێکی گەورە دەچەسپێ ، مەفروز ئەوەیە (داهێنەرەکانمان) خزمەتی بەو لایەنە گرنیگەو ناسکە ببەخشن .. لە ئەدەبی عەرەبیدا (بدر شاکر سیاب)و (نازك الملائکة)و چەندانی تر کە پێشرەوی شیعری عەرەبی نوێن، چەندان گوتارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییان بڵاو کردۆتەوە ، دەربارەی شیعری نوێ ، کە ئەم کارە سوود بە ڕەخنە گران دەگەیەنێ ئەمڕۆ بێت ، یا بەیانی ، فەرموو ئەوە لە ئەدەبی ئینگلیسی (تی· ئێس· ئیلیۆت) و (ئۆدن)و چەندان شاعیری تر خۆیان لەو کارە داوە ، کەچی خۆشیان شاعیر بوون ، زیاتر ویستوویانە لە ڕێگەی بەرهەمە ڕەخنەییەکانیانەوە ، تیورە شیعرییەکانیان لە نێو خوێنەران بچەسپێنن .. بگرە « ئیلیۆت » لە بواری ڕەخنەکاریشدا شتی نوێ گوتووە .. کە جێگەی سرنج ڕاکێشانی ڕۆشنبیرانو ڕەخنەگران بووە .. مامۆستا ـ گۆران ـ ی لای خۆشمان بەم دوا دواییەی ژیانی ، درکی بە گرینگی ئەو « بەشدار بوونە » کردبوو ، بۆیە ئەویش دەبینن کۆمەڵە گوتارێکی نووسیوەو ڕای خۆی لێوە نیشان داوە ، دەربارەی تیروانین خۆی لە شیعر ، کە دڵنیام ئەو گوتارانە سودێکی زۆری دەبێ بۆ هەموو ئەوانەی بیانەوێ لە شاعیرایەتیو بلیمەتی ـ گۆران ـ بدوێن ..

« داهێنان » هەمیشە ئەدەبێکی گرانە بۆ تێگەیشتنو لە هەسێز گرتن .. داهێنەرەکە ئامانجێکی عاقڵانە ، تێکەڵ بە ڕۆشنبیریەتێکی زۆر دەکا ، تا لە دایك دەبێت ، بۆیە چەند جارێك ڕوو بە ڕووی مەرگی خۆی دەبێتەوە .. جا ئەگەر هاتوو ئەو داهێنانەی ـ خۆی کە ئەرکو ماندوێتییەکی گەورەی بۆ کێشاوە ، خۆی بێت باسی بکا ، ئەوە دەتوانێ بە دوو قۆڵی ، واتە خۆیو ڕەخنەگر داهێنانەکە لە مێشکی خوێنەر قایم ترو مەحکەمتر دەچەسپێ زیاتر لەوەی بە تەنیا ڕەخنەگرەکە بەو کارە هەڵسێ .. ئەو کاتە درێژ بوونەوەش بە داهێنانەکەی دەداو بە هەمان ئەو ئازارو موعاناتەکەی پارچە داهێنانەکەی پێنووسیبوو ، نووسینە ڕەخنەییەکەی دادەڕێژێتەوەو خوێنەریش هەمان قەڵسی دێتەوە بیر کە داهێنانەکەی پێ نووسراوە .. یان ڕوونتر وایە بڵێین ئەگەر ، داهێنەرەکە داهێنەری ئامێرێکی سوود بەخش بێت بۆ خەڵك ، ئەوە هەر چەندە خەڵکەکەش دەتوانن ئەو ئامێرە بەکار بهێنن ، بەڵام داهێنەری ئامێرەکە خۆی لە هەموو ئەوانی تر چاکتری دەعەمڵێنێ .. ئەو کارە وا دەکات خوێنەر بە میهرو خۆشەویستیەوە ، پارچە داهێنانە بخوێننەوە ، بە تایبەتیش لە لای خوێنەری کورد ، کە مەسەلەی نووسینی ڕەخنە ، بە شەڕە جنێوو مەندێ ئاوو ئاتۆرەی ترەوە ئاوی ڕۆیشتووە !

من لەم قسەیەدا هەرگیز مەبەستم ئەوە نیە ڕۆڵی « ڕەخنە گران » کەم بکەمەوە ، بەڵکو یارمەتی دانی ڕەخنەگرم مەبەستە .. کە بە تەنیاو بە بێ بوونی هیچ سەرچاوەیەکی تەواو لە کتێبخانەی کوردی هەرنەبێ دەبێتە بناغەی دانانی ڕەخنەیەك بۆ نەوەکانی داهاتوو ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە لە لای ئێمە ئیدیعا کردنی «داهێنانەو » خستنە سەر » زۆرە .. ئەو

بڕوانە ل ـ ٧

شەوسوار

● عبدالکریم دەشتی ●

تەمەن وەکو ئاوی جۆگەو ڕووبارەکان ئەڕواتو ناگەڕێتەوە
وەرە هەتا چاومان تەرمی ڕوانینیان هەڵگرتوە
لەناو بۆتەی مانگەشەوانی سەرشێتا بتوێینەوە !
ئاگادار نیت من چۆن چاوم وەك دوو هەڵۆی دڵ بریندار
بە شوێن دوورگەی لەشی تۆدا ئەخولێنەوە ..؟
ئەوەندەی تۆ دوور ئەبینیو هەوری ئارامی شەوانم ئەبارێنی
ئەوەندەی تۆ لە ناو مێرگی غەریبیما
چرای گۆچی خۆت بێ ئەکەیت ، بێدەنگی دائەگیرسێنی
ئەوەندە خەم لە دڵمایە !!

ئەوەندەی تۆ ڕووبارەکان ئەدوێنیو ووردە حەوزچراشەوی ئازەکانت
وەك ئەرمە بای ئێوارانی بنارەکان ئەڕواو لەگەڵ خۆیا ئەمبات
ئەوەندە من ئەسووتێمو ..
بسکی ڕەشت ئەمگرێتو لەسێدارەی شەوم ئەدات !
تۆ نازانیت چۆن ئەکوژرێم ...؟
دوێنێ کاتێ ئاسۆ بوخچەی ئێوارانی ئەکردەوە
تۆش هەروەکو تەڵە کروسکێ
دڵمت لە دارستانی لەش بەردایەوە !؟

وەکو ڕەوە چۆلەکەیێ ... ئاگری تاسەی فرێنت بەردایە ڕەزی تەمەنم
وردە ئێشی شوێنەوارت لەناو دڵی منا باراند !
دوا لاپەڕەی جێ هێشتنت هەڵدایەوە ..
ئەی تۆ ڕووبارت خۆش ناوێ ؟
ئەی تۆ لە ناو کێڵگە وەردی لەبی منا
چەندەها جار چاوەکانی خۆت ئەچاندو خۆشەویستیت ئەدووریەوە
گیانە لە ناو ڕەوگەی ڕەشی برچی تۆدا من ئەستێرەی پەنجەکانم وون کردوە ؟
منیش وەکو پاسارێ ،

لە هێلانەی لێوی تۆدا هەزار بەچکە ماچی ئێنوم جێ‌هێشتوە !
ئەوێستاکە دووریت بۆتە چەند شەپۆلێ
لە ناو مانگی کپ هەڵگەڕای دڵی منا بێ دەریا ئەسووڕێنەوەمنیش بوومەتە ڕووبارو بێ هەوار ڕێگە ئەبڕمو بێ کەنار سەر ئەنێمەوە هەموو ئێوارە پاییزان ..
کە خوێن لە لەشم ئەتۆرێو .. دڵیش لە سیمای تەنیایی‌سەرم لە بیر .. چاوانیشم لە بینایی !

بێ ئەگرمو ئاسۆی یادم لەناو پەرتە عەشقی تۆدا ئەهۆنمەوە ئەمجارەیان ...
کانی بێڵوری بەردەڵانی ئەباراندە ئاوێنەی ڕوومەتی چیا
خەم درندەی برسیو قاتی بەرنەدایە بێدەشتەکان
بێ دەنگی چەم خەرەندێک بوو .. کلی مەرگی ئەکردە چاو !
منیش هەموو لەشو هەستم بوو بە فرمێسك
ڕژامە ناو کەلێنی ماچی توراوو سایەقەی یادی بەجێماو !
نای کە ئازیز گەورەتریت لە وەی کەوا
پشکۆی سووری بیرەوریت .. وەك ئاگردانێکی جێماو
هەڵبوکێو سەر بنێتەوە
گیانە هەموو ئێوارەیەك کەدەستی یاد دێتو وەکو شەوسوارێ
سەرم لەگەڵ خۆیا ئەبات !
دووریت ئەبێتە هۆنراوەو .
بە چەمی شانی غوربەتا دێتە خوارێ .

چیرۆك

● هەڤرێست ڤیەنا ●

دەرگاکە دوو سێ جار درایەوە بە یەکداو تەکانی ئەدا بۆ ژوورەوەو لە ژووریشەوە ڕەتی ئەبردەوە بۆ دەرەوە ، دەنگە دەنگو غەلبەغەلبی ژوورەوە پێ بە پێی تەکانو ڕەت بردنی دەرگاکە ، بەلەتر ئەهاتە دەرەوەو کپ ئەبوو .. ئەهاتە دەرەوەو کپ ئەبوو .

دەستێکم نا بە جامخانەکەوەو خۆمان کرد بە ژوورا ، شاڵاوی غەلبەغەلبەکە گۆچانی دەستی دەهۆڵ کوتێك بوو پەردەی گوێی ویستێکی ئەکوتا . ووشە شەلو کوێرەکان وەکوو دەنگە لمی بچووك لە گەڵ زرمو کوتدا هەڵبەزو دابەزیبوو ... ـ بار ـ ە کە تاریك بوو ، چوار گڵۆپی شینی تار ، تاریکییەکەی قووت ئەدا ، لەسەر سێ هێڵی ڕاست ، سێ ڕیز سەنگەڵێی سوور پشت بە پشتی یەكو ڕوو بە ڕووی یەك لە باوەشی ئارامدا دامابوون .. دوو سەنگەڵێو مێزێك لە نێوانیانا . خۆمان گەیاندە یەکەم مێز لە ڕیزی ناوەڕاست ، بەرامبەر بەیەك دانیشتین ، پاڵی دایەوەو هەردوو باڵی بەسەر شانی سەنگەڵێکەدا درێژکرد .... قۆڵم دادایە سەر مێزەکە . هەر کەسەو جیهانی تایبەتی خۆی .. زەریا ڕۆ دەچوونە ناو دەریاکانو دەریاکانیش ڕووەو ڕووبارەکان ئەگەڕانەوە ڕووبارەکان بەدەماری چەمو جۆگەکاندا بە جیاکاندا هەڵدەگەڕانەوەو لەوێشەوە ئەبوونەوە بە هەڵمو ئاسمان هەڵی ئەلووشین .. تەمی داستانێکی دڵداری لە گەرووی شووشەی مل باریکی هەندێکیانا گیانێکی گڕاوی ئەدا بە چرپەی لێوو تروکەی لەسەر نۆی چاوەکان . کۆڕی هەستبەستی هەندێکیشیان زیاتر وێردی ئاگر بازییان ئەکرد لەسەر کەوانەیەکی ئاڵۆز ئەهاتنو ئەچوون ... غەریب چاوساغی خەڵکی شارێبوو .. ڕۆژی پیرۆزی تەمەنی هەینییەکان بوو ، پڕۆژەی موزەخانەی ڕووداوەکان لەسەر ئەتەمی ئەو سەردەمەدا تۆمار ئەکرا .. ئاکۆکیو جیاوازی لە یەك نەچوونو دژواری .. هەژاریو شڕۆڵیو دەست ڕۆیشتوویی بۆشتەیی .. فەرمانبەرو کۆڵ‌هەڵگرو قوتابی کرێکارو گەلێکی‌تر ... یاسایەکی سپی لەو ـ بار ـ ە بازاڕییەدا باوەشی یەکسانی بۆ کردبوونەوە ، پەنجەکانی ـ ـ گارسون ـ ە کە وەکوو قولاپ لاشەی بوتڵەکانی هەڵئەواسی .. لەبەردەممانا قوت‌بوەوە .. دوو بیرەی دانا ، دوو هاوڕێی بێ‌گیان بەڵام خولقێنەری گیانێکی ئەهێنی ، هێندەی پێ نەچوو سەرمێز ڕازایەوە . وەکوو خوویەکی ئاسایی سەرمان نا بەسەری یەکەوەو کەوتینە هەڵڕشتنی چپەی ڕازو گوێ هەڵخستنو نێگا گۆڕینەوە ، بە بێ ئاگا پەنجەکانم بەسنگە خشکێ خۆیان گەیاندە بوتڵەکەو بەرزیان‌کردەوە ... قولپە قولپی تێرژانی بیرەکە گیرکردو پێکی خۆی تێ ڕژای دڵداری پەرداخی لاوازو شووشەی ڕەش داگیرساوبوو . هاوڕێکەشم دوابەدوای من دەستی لەقورتمی شووشەکە گیرکردوو پێکی خۆی تێ قولپاند ، سەر لە پەرداخەکە نزیك‌کردەوە ، چاوم بڕییە کەفو کوڵی هەڵچوونی بیبیرەکە ، وەکوو ئەوەی الاسایی پوولەکەی زیوبینی ئەستێرەکان بکەنەوەو بە دەوری گۆنای زەردهەڵگەڕاوی مانگدا کۆڕی خەم ببەستن ، بەڵام ئەمان وەکوو ئەستێرەکان خۆ ڕاگرنەبوون . زوو تر ئەتوانەوەو گیزە گیزی کوژانەوەیان کەفو کوڵی خۆ خواردنەوەی دانەرکاندەوە . دەمێ‌بوو گڕی لێوم ئارەزووی بڵێسەی لێوی ئەو ئافرەتە شۆخەی ئەکرد ، بۆیە سەرێکم بۆ هاوڕێکەم دانەواندو پەرداخەکەم بەرز کردەوەو لێوم لە لێوی توندکرد ، بینم نا بە بینی‌یەوەو چۆڕ بڕم‌کرد .

تاپۆیەکی شێواو خۆی ئاخنیە گەرووی گۆمی جەنجاڵی مەستهەواری هەستە سڕەکانەوە ، بە دوو هەنگاوی خوارو خێچ قورسایی خۆی کێش‌کردو لە تەنیشت منەوە خۆی دابەسەر سەنگە لێکەدا . قژێکی کورت .. ڕیشی هاتوو ، قۆپچەکانی کراسەکەی تاسەر ناوکی لەیەك ترازابوون ، تووکەکانی سەرسنگی چرژابوون بە یەکدا ، تەنانەت فانیلەشی لەبەردا نەبوو ، بە قورسە نیگایەکەوە سەیرێکی سەر مێزەکەی‌کرد ، بە دەنگێکی نزم هاواری لە ـ گارسون ـەکە کرد ... بیبیرەیەكو گەمێی هۆشو شنەی بای مەستی ... دەلیاوانو دەریاوانو ئاوازێکی مەنگ ، تێکڕا تانگۆی پەستی لەسەر تاپایدا ئەسوڕایەوەو لە چاوەکانیەوە تیشکیان ئەپرژاند . (مەسەلەی مرۆڤەو لەمرۆڤ ڕوویداوە . ماڵ لە خانەخوێ حەرام کراوە) ... دەستی بە گیرفانی پانتۆڵە چلکنەکەیدا کرد و هەندێ ڕوبعو نیو دیناری گرمۆڵەی دەرهێناو نایە بەردەمی ـ گارسون ـ ەکە (بەزاتی خوا کار وابڕوا گەندە .. کورە ئاخر چاوم شاشو شەش تەقەڵێنێ ... ئەوە بۆ و ایان لێ هاتووە ؟ تۆ بڵێی وابێ ؟!.. مرۆڤی ئاوەژوو !. من ئاوەوەی ئەم مرۆڤانە ئەبینم) .

چنگی لە کاغەزە گرمۆڵەکانی بەردەستی گیرکردو ئاخینەوە گیرفانی . بە لەیی دەستی کەوتە خوراندنی ڕیشە زبرەکەی ، ئاورێکی بەلای ئێمەدا دایەوە ، بە چاوێکی

بڕوانە ل ـ ٧

لەنجە

بۆ دوایین جار تۆ جێم دێڵیو
سەرم وەکو گلۆلەیەك بەدوای لەشتا ڕێگا ئەگرێو ،
دووت ئەکەوێ .
کە جێم دێڵی :

هەر تاڵە دەمارێکت دەبێتە پەتی دەم درەوشەو
لە دەستو قاچم دەئاڵێت .
وەك شەختەیەکی بەرنسێ
لە لاپاڵی سینەتەوەلێی کەوتووەو
چاوەڕوانی خۆری چاوتم تێم‌بڕوانیو .. بتوێمەوە
لەسەر ئەم شەختە تواوە لەنجە بکە
نەبا گوارەت ئەلەنگێتو سەمانەکەیت
تۆ ئەزانی :
هەر چرپەی گوارەیەکت لەگەڵ لێدانی دڵمایە
کەجێت دێڵم هەنگاوی چاوەڕوانی
لەگەڵمایەو تۆ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ
ئەوەك تەنیا وشەیەکی خۆشەویستی
لەئێستگەی چاوەڕوانی بەینمانا جێ‌بمێنێ ..

● طه رسول ●

Institut Kurde de Paris

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئێستا ئەو کرێکارانەی کراون یادەکرێن بەفەرمانبەر ئەتوانن بۆ دیاری کردنی موچەکانیان کەڵک لەو خزمەتانەیان وەربگرن بەبێ مەرجی ئەوەی ناونیشانی فەرمانبەریان و ئەوکارەی کە بەکرێکاری کردوویانە لەیەکتری بچێ وەک لەمەوبەر رەچاوەدەکرا .

ئەمە لەبڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا هاتووە کە بەپێی ئەوبڕیارەمەرجی لەیەکچوونی لابردووە ،

بە پێی دەسەڵاتی بڕگەی« أ »ی ماددەی (٤٢)ی دەستووری وەختی لەکۆبوونەوەی ٨-٥-١٩٧٨دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە ..

١ - عیبارەتی(بەناونیشانێکی وەزیفی کە لەگەڵ ئەو کارانەدا بگونجێت کە کردوویانە) لادەبرێت . کە لەبڕگەی (١)ی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (٥٢٥)ی ١٣-٥-١٩٧٦دا هاتووە .

٢ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو وەزیرەکان جێبەجێ دەکەن .

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بڕگەی (١) لەبڕیاری ژمارە(٥٢٥) بریتی بوو لە حیساب کردنی خزمەتی کرێکاری بۆمەبەستی دیاری کردنی موچە بۆ ئەو کرێکارانەی دەکرێن بەفەرمانبەر بەناونیشانێکی وەزیفی ئەو تۆ کە لەگەڵ ئەوکارانەدا بگونجێت کە کردویانە .

هەروەک بریتی بوو لەبوونی دوو مەرجی کە بۆ ئەوەی ئەو خزمەتە حیساب بکرێت .

یەکەمین : حیساب کردنی خزمەتی کرێکاری بۆ ماوەی دوای وەرگرتنی باوەڕنامەیەک ، ئەگەر کرێکارەکە پتر لە باوەڕنامەیەکی هەبوو ، ئەوەموچەکەی بەپێی یەکی لەو باوەڕنامانەی دیاری دەکرێت کە موچەیەکی چاکتری پێ ببڕێ .

بەڵام مەرجی دووهەم ئەوەبوو حیساب کردنی ئەو خزمەتی کرێکارییەی کە لەدایەرە ڕەسمێکانی دەوڵەتدا وەیا لەنیمچە رەسمی و کۆمپانیاکانی کەرتی سۆشیالیستیدا بەسەر برابێ بۆمەبەستی دیاری کردنی موچەکە .

لە چاوپێکەوتنی وەفدێکدا:

بەڕێز خالد عبد عثمان دەستکەوتەکانی شۆڕش لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ڕوون ئەکاتەوە

بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕێکخستنی ئیشوکاری لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا چاوی کەوت بەکلبرایکن ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکانی بەریتانیاو ئەووەفدەی کە لەگەڵیایەتیو بۆ سەردانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هاتوون .

وەزیری بەڕێز ئەودەستکەوتو بەرهەمانەی ڕوون کردۆتەوە کە لەناوچەکەدا لەسەردەمی شۆڕشی ١٧ی تەموزدا بەدیهاتوون . هەروەها لۆرد کلبرایکن مدحی ئەوکلبرایکن مدحی ئەو لە ڕێگای بەدیهێنانی زۆرپرۆژەی ئاوەدانیەوە جێبەجێ ی کردوە .

بانگەوازێک لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئەدیبانو نووسەران

وەزارەتی پەروەردە دوێنێ لە بانگەوازێکدا داوای لە هەموو نووسەرەکانی وڵات کردووە کە دەست بدەنە دانانی تەمسیلو شانۆگەری ئەوتۆکە پێش لە ئەلەفزیۆنەوە پێشکەش بکرێو تیایاندا هەوڵ بدەن زووی چاکی ئەو هەرەوەزە نیشتمانییە نیشان بدەن کە بۆ نەهێشتنی نوخوێندەواریو خوێندنی ئیجباری دەکرێت ، لەگەڵ ئەو دەورەی کە ئەم کارە لە ڕزگار کردنی هاو وڵاتیاندا لە نەزانین هەیەتی .

وەزارەت داوای کردووە کە ماوەی هەر شانۆگەرییەک لە سەعاتو نیوێک زیاتر نەبێتو تەمسیلیش لە سەعاتێک زیاتر نەبێو بەشێوەیەکی ساکارانەو ئاسان ئەوە دەربخات کە لەناوبردنی نەخوێندەواری چەندە سوودی هەیە . وەزارەتەکە لە هەمان کاتدا خەڵاتی (٣٠٠) دیناری داناوە بۆ هەر شانۆگەرییەک کە بەکەڵک بێتو (١٥٠) دینار بۆ هەر تەمسیلێک .

چەند کۆڕێکی وریاکردنەوە لە سلێمانی

یەکێتی کۆمەڵەی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی لە ناوچەکانی تەگەرانو کوێرەدێو قەڵاچوالان چەند کۆبوونەوەیەکی وریاکردنەوەی بۆ جوتیارەکانی ئەو ناوچانە پێکهێناوە .

لەو کۆڕانەدا باسی یاسای خوێندنی ئیجباریوڕێگەی نوێی بەرێکردنی بەرهەم بۆ بازارەکانو چاکی دیهاتە نوێکانو گرنگی بەشداری کردن لەهەرەوزیی کاری میللیدا کراوە .

کۆبوونەوەی ئەدیبانی دهۆک

سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٠ی ئەم مانگە بە چاودێری بەڕێز محمد امین احمد ئەمینداری گشتیی ناوخۆو بەڕێز عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیریو لاوانو هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی دهۆک ئەدیبانی دهۆک کۆبوونەوە ، لە کۆبوونەوەکەیاندا لە گیروگرفتەکانی بزوتنەوەی ئەدەبی پارێزگای دهۆکیان کۆڵیەوە ، دوای ئەوە دەستەی ئامادەکردنی یەکێتیی ئەدیبانی لقی دهۆک لەم بەڕێزانە پێکهات .. احمد عبدالله سەرۆک . تیلی امین سکرتێر . صلاح الدین احمد عزیز ئەمینداری سندوق . عبدالرحمن مزوری ئەندام . کریم فندی ئەندام . انور محمد طاهر ئەندام . وارکیس موسیس ئەندام .

دهۆک . پ. هاوکاری

کۆبوونەوەی لیژنەی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی

ئەمڕۆ ئەو لیژنە نوێیەی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی پێکی هێناوە بۆ دانانی بەرنامەکانی وەرزی ڕۆشنبیری ، یەکەم کۆبوونەوەی دەکاتو بەرنامەی کار بۆخۆی دادەنێت .

پ. هاوکاری

بەڕێز کریم محمود شنتاف دەزگاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەر بەسەردەکاتەوە

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز کریم محمود شنتاف وەزیری ڕۆشنبیریو هونەر گەیشتە موسڵ ، ئەویش وەک سەرەتای ئەو گەشتەی کە دەیەوێت بۆ بەسەر کردنەوەی دەزگاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەری لە پارێزگاکانی ژوورویدا بکات . ئەم بەسەرکردنەوەیە پارێزگای نەینەواو دهۆکو هەولێرو سلێمانی دەگرێتەوە . لەسەر دانەکەیدا بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریو هونەر کاروباری گەڕان بەدوای شوێنەوارو پارێزگاری کردنی شوێنەوارەکان بەسەردەکانەوە لەگەڵ ئەو بڕۆژانەدا کە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارەکان جێبەجێیان دەکاتو ئەگەر ماوەی ئەوەیان هەبێت لە پرۆگرامی گەشتی ئەم ساڵدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت .

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریو هونەر دوێنێ نیوەڕۆ مۆزەخانەی موسڵو بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری نەینەوای بەسەرکردۆتەوەو چاوی بەلێپرسراوان کەوتووەو باری سەرنجی خۆی دەربارەی ڕایەڕاندنو پێشخستنی شوێنەوارەکان نیشانداوە .

ئامادەبوون بۆ هەرەوەزی درونەکردن لەپارێزگای هەولێردا

بەڕێز عامر مهدی صالح جێگری وەزارەتی کشتوکاڵو زەویسازی لەگەڵ بەڕێز بهاءالدین احمد پارێزگاری هەولێرو ئەندامانی ئەنجومەنی کشتوکاڵ لەهەولێردا ، لەو شتانەیان کۆڵیوەتەوە کە پێویستە بۆ هەرەوەزی درونەی ئەمساڵ ئامادەبکرێت .

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز محمد صدیق محمود ئەمینداری گشتیی کشتوکاڵو زەویسازی تیا بەشداربووە بەڕێز جێگری وەزارەت ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێویستە هەموو کاربەدەستان هەریەکەیان بەگوێرەی ئەرکی سەرشانی خۆی ئامادەبێت بۆ ئەوەی بە پێی ئەو پرۆگرامەی بۆ هەرەوەزی درونە دانراوە جێبەجێ بکرێتو ئەو کۆسپانە تەخت بکرێت کە بەردەمی جێبەجێ کردنی ئەو کارە دەگرن .

لە هەمان کاتدا بەڕێز جێگری وەزارەت ستایشی ئەو هەوڵو تەقەلایانەی کردوە کە کارگێڕانی مەیدانی کشتوکاڵی ڕابەر نیشانی دەدەن ئەویش بەگوێرەی ئەو توانایەی لە پارێزگاکەدا هەڵ دەسوڕێ ..

دوای ئەوە باسی ئەو شتانەی کرد کە بۆ جێبەجێ کردنی هەرەوەزەکە ئامادەکراوەو دڵنیایی لەوە نیشان داوە کە ئەم هەرەوەزە بەچاکی بەجێ دەگەیەنرێت .

هەرەوەزی ئەم ساڵ لەپارێزگای هەولێردا ٥٨٣ هەزار دۆنم زەویوزار دەگرێتەوە کە ئەم زەویو زارانە سەربە کۆمەڵەی جوتیارانو کێڵگەکانی دەوڵەتو بڕۆژە کشتوکاڵە ڕابەرەکانن ، بۆ جێبەجێ کردنی هەرەوەزی درونەکە (١٤٢) مەکینەی درونەکردن ئامادەکراوون .

عیراق باوەڕ به ئەفغانستان دەکات

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو کۆماری عیراق بڕیاریدا کە باوەڕ بە کۆماری ئەفغانستانی دیموکرات بکات .

، وەزارەتی دەرەوە ئەم بەیاننامەیەی دەرکردووە

بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە دۆستانەیەی لە نێوان گەلی عیراقو ئەفغانستاندا هەیە ، کۆماری عیراق بڕیاری ئەوەی دا کە باوەڕ بە کۆماری ئەفغانستانی دیموکراتی بکات و لە هەموو مەیدانێکدا ئەوپەیوەندیانە بەردەوام بن کە ئەم دوو وڵاتە پێکەوە دەبەستن .

ئا. د. ع.

پیشانگای پۆستەری کوردی

وەک بەشێک لە چالاکی وەرزی ڕۆشنبیریو هونەریی کۆمەڵی ڕۆشنبیریی کوردی ، بە چاودێری دکتۆر مکرم جمال سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی پیشانگایەک بۆ نیشاندانی پۆستەری کوردی دەکرێتەوە بەرهەمی چەند هونەر مەندێکی کوردی تیادا نیشان دەدرێت .

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٨ی ئەم مانگە لە بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیرییی کوردی پیشانگاکە دەکرێتەوەو تاوەکو ڕۆژی ٢٢ی مانگ دەخایەنێت .. بانگەوازی بینینی پیشانگاکە بۆ گشت لایەکە .

بەڕێز پارێزگاری هەولێر هەندێک لەگوندە نوێیەکان بەسەر دەکاتەوە

بەڕێز بهاءالدین احمد پارێزگاری هەولێر ئیشوکاری جێبەجێ کردنی گوندە نوێیەکانی قوشتەپەو کەسنەزانی بەسەرکردۆتەوە .

وەک ئاشکرایە ئێستا کە ئیشوکار بەردەوامە لە دروستکردنی ٣٥٢٩ خانووبەرەی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێردا . ئەو خانووبەرانە لە گوندی کەسنەزانو دیاناو هەریرو سەیدەکاو قوشتەپە دروست دەکرێت . واچاوەڕوان دەکرێت لەمانگی حوزەیرانی داهاتوودا ئیشوکاری دروستکردنی ئەو خانوبەرانە تەواو بکرێت .. دەزگاکانی دەوڵەت بەگەرمی هەوڵ دەدات کە ئاوو کارەباو پێویستی خزمەت گوزاریی بۆ ئەم گوندانە ئامادە بکات .

لقێکی نوێی بانقی ڕافیدەین لە دهۆک

بانقی ڕافیدەین نیازی وایە کە بەم زووانە لە ئامێدی لەپارێزگای دهۆک لقێکی نوێ بکاتەوە .. ئەو لقە لەیەکی مانگی حوزەیرانی داهاتوودا دەست بەئیشوکاری خۆی دەکات .

ئەوەی شایانی باسە بەم لقەوە ژمارەی لقەکانی ئەو بانقە دەبێتە (١٦٢) لق .

چەند هەواڵێک لە هەولێرەوە

● دوێنێ نیقابەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لقی هەولێر بەهاوکاری لەگەڵ پزیشکایەتی تەندروستی شاری هەولێردا چوارکۆڕیوریاکردنەوەی بۆ ئەندامەکانی سازکردووە . ئەو کۆڕانەکرێکارانی لوقەنتەو چایخانەو ئوتێلەکانی گرتۆتەوە ، لەکۆڕەکاندا دەوری ئەو کرێکارانە ئاشکرا کراوە لەڕاگرتنی پاکو خاوێنیو تەندروستی گشتییدا .

● لە پارێزگای هەولێر بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی عەنکاوە موناقەسەی دروستکردنی سەیرانگایەکو قیرتاوکردنی جادەکانی ناوشاری خستۆتە ڕوو ، ئەم پرۆژەیە (١٠٠) هەزار دیناری تێدەچێت . لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو موناقەسەی گازینۆیەکی گەشتوگوزاریو چەند (شوقەیەکی) خستۆتە ڕوو کە ئەمانەش (٥٥) هەزار دیناریان تێدەچێت .

● دوێنێ (٢٤) کرێکاری ژنویاو دەورەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییان تەواو کردووە کە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کرێکارانی سەربە یەکێتیی ناوخۆی نیقابەکانی هەولێر پێکی هێنابوو ، ئەوەی شایەنی باسە ئەمە (٢٣) هەمین دەورەیە کە یەکێتیی ناو براوێکی هێناوە .

بەشدارانی ئەم دەورەیە کە مانگێکی خایاند شتێکی زۆر لەبارەی یاساکانی کرێکارانو دەوری چینی کرێکارانەوە فێرکراون .

کێڵگەیەکی دەوڵەتی بۆ بەرهەمهێنانی میوەجات لە بەرزاری باڵا

وەزارەتی کشتوکاڵو زەوی سازی داوای لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی زەویوزار کردووە کە زەوییەک بەبەرینی پێنج هەزارو (٩٥) دۆنم تەرخان بکات ، بۆ پێکهێنانی کێڵگەیەکی دەوڵەتی لە ناحیەی بەرزاری باڵای سەربە پارێزگای دهۆک بۆ بەرهەم هێنانی میوەجات .

جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

ئێستاکە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەرەوەزێکی گەورە لە کاردایە بۆ بەجێگەیاندنی گەلێ پرۆژەی شارەوانیو خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری لە پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆکدا .

بەڕێز سعاد حبیب ئەمینداری گشتیی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان لەم بارەیەوە وتویەتی .. کار بەردەوامە بۆ جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی ئاو لە هەولێردا ئەو پرۆژانە ناوچەی شەقڵاوەو سەیدەکانو تەقەتەقو دیاناو دیبەگەو مێرگەسوورو خەلیفانو عەنکاوە دەگرێتەوە ئەمە جگە لە پرۆژە گەورەکەی ئاوی هەولێرو دروستکردنی (٢٩) کۆشک بۆ ئەو خێزانانەی بلەی گوزەرانیان مامناوەندییە .

ئەوەی شایانی باسە پرۆژەی ئاوی ناوچەی باتاسو سیساوەو سەلاحەددین لەمەوبەر تەواوکراون . لەهەمان کاتدا دەزگا شارەزاکان ئێستا کە خەریکی دروستکردنی ئوتێلو سەیرانگاو شارێکی یاری کردنو بازارو دایەرەو ڕێگاوبانو پرۆژەی زێراب هەڵکەندنن لە پارێزگای ناوبراودا .

لە پارێزگای سلێمانیدا دەستکراوە بە ئیش کردن لە پرۆژەی ئاوی سلێمانیدا کە (١٦) ملیون دیناری تێدەچێت لە گەڵ فراوانکردنی یارگای سلێمانی . لەگەڵ ئەمانەشدا موناقەسەی دروستکردنی دووکارگەی گەچو کاشیو چەند وردە پرۆژەیەکی تر خراونەتە بەرچاو .

دەربارەی پارێزگای دهۆک بەڕێز ئەمینداری گشتیی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان ئەوەی دەست نیشان کردووە کە ئەو پرۆژانەی لە تەواوبووندان بریتین لە قیرتاوکردنی شەقامە سەرەکێکانو سینەمایەکو چەند گازینۆیەکو گەراجو پرۆژەی ئاوی سمیلو زاخۆ .

پرۆژە گەشتوگوزارێکانی ناوچەکە بریتییە لە دروستکردنی گازینۆو لۆقەنتەیەک لە هاوینەهەواری سەلاحەددینو گازینۆو چەند (شوقەیەکی) گەشتوگوزاریی لە بەلکانو پیرەو چەند گازینۆیەک لە جوندیانو جنارۆکو گەلی عەلی بەگو فراوانکردنی هەردوو تونێلی سەلاحەددینو خانزاد ، لە لایەکی کەشەوە (٥٠) کابینەو (٣٣٨) جاوبەرەی گەشتوگوزاری دروستدەکرێت سەرەڕای ئەوەی کە ئیش بەردەوامە لە دروستکردنی تونێلی سەرسەنگ لە پارێزگای دهۆک کە (٦٠) ژووری خەوتنو حەوزێکی مەلەکردنی تیادا دەبێت .

کردنەوەی گەلێ پرۆژەی گرنگ لەپارێزگای تأمیمدا

ئێستاکە لە پارێزگای تأمیمدا چەند پرۆژەیەکی گەورە جێبەجێ دەکرێت کە سەرجەمی ئەو پرۆژانە (١٥٧) ملیون دیناریان تێدەچێت .

جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانە بۆ پەرەپێدانو فراوانکردنی کەرتی سۆشیالستییە لە مەیدانی کشتوکاڵو خزمەتگوزاریدا بە جۆرێک کە بنچینەیەکی پتەو بۆ ئەو ئاڵوگۆرە سۆشیالستییە دابنێت کە لە وڵاتدا لە ئارادایە .

لە مەیدانی ئاودێریو کشتوکاڵدا ئێستاکە کار بەردەوامە لە جێبەجێ کردنی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی ئاودێریی کەرکوک بۆ ئاودانی (٧٥٠٧) دۆنم زەوی بە پیتی قەزای حەویجەو مەڵبەندی کەرکوکو ناحیەی تازەخورماتوو .. لە هەمان کاتدا ناوچەی ئاودێری تأمیم خەریکی جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی ئاودێریی بچوکە کە (٨١٥) هەزار دیناریان تێدەچێت لە کاتێکدا سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵییەکان خەریکی بەجێگەیاندنی چەند پرۆژەیەکی پەرەپێدانە لە هەرەوەزە جوتیارێکاندا .

لە مەیدانی خزمەت گوزاریی گشتییدا بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی پارێزگاکە خەریکی جێبەجێ کردنی (٢٧) ڕێگای سەرەکییە ، هەندێک لەو ڕێگایانە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانیو سەلاحەدینەوە ، درێژی ئەو شەقامانە خۆی دەدات لە دووهەزارو ٢٨٢ کیلۆمەترەو (٧٣) ملیۆنو (٢٢٠) هەزار دیناری تێدەچێت سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ خەریکی دروستکردنی ڕێگای نێوان حەویجەو (العباسی)یە .

لە هەمان کاتدا ئەو پرۆژانەی لە مەیدانی پەروەردەدا جێبەجێ دەکرێن ٣٣ ملیونو ١٩٠ هەزار دیناریان تێدەچێت ئەویش بۆ زامن کردنی ئەوەی کە زۆربەی زۆری قوتابیان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بتوانن بخوێنن هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی خوێندنی ئیجباریو فێربوونی پیشەیی . ئەم پرۆژانە بریتین لە دروستکردنی ٢٥٥ قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن لەوانە ئامادەیییەکی پیشەسازیی نمونەییو قوتابخانەیەکی بازرگانی لەگەڵ ١٢٨ قوتابخانەی دێهاتی کە لەڕێگای کاری میللییەوە دروستدەکرێن ، لەگەڵ دروستکردنی ١٠٠ خانووبەرە بۆ مامۆستایانو شەش بەشی ناوخۆ بۆ قوتابیان . لە کۆتایی ئەم مانگەدا کۆمپانیایەکی ژاپۆنی دەست دەکات بە جێبەجێ کردنی خانووبەرەکانی خوێندنگای تەکنیکی/بەشی تەکنەلۆژیای کەرکوکو خوێندنگای کشتوکاڵ لە حەویجە .

هەروەک چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون دەست پێ دەکرێت کە (١٦) ملیونو ٦٦٣ هەزار دیناریان تێدەچێت ئەو پرۆژەیە بریتی دەبێت لە دروستکردنی سێ هەزارو (٥٦) خانوو لە مەڵبەندو قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەدا لەوانە پرۆژەی دروستکردنی دوو هەزار خانووبەرە بۆ دەزگای گشتیی نەوتی ژوورو ..

هەروەها وەزارەتی ڕاگەیاندن پرۆژەی بارەگای ئێزگەو تەلەفزیون دروست دەکات کە ملیونێکو (٢٥٠) هەزار دیناری تێدەچێت ، لەگەڵ چاککردنو دەست پیاداهێنانی قەڵاکەی کەرکوکدا . لە هەمان کاتدا دەزگای گشتیی خانەنشینیو زامنی کۆمەڵایەتی کرێکاران ئوتێلێکی گەشتوگوزاریی بنیات دەنێت ، کە بریتی دەبێت لە ٢٠٠ ژوورو دوو ملیون دیناری تێدەچێت . ئەمە جگە لە گەلێ پرۆژەی خزمەت گوزاری کە دەزگاکانی حکومەت جێبەجێیان دەکات .

«هاوکاری» وکۆمەڵانی خەڵک

● **گوندی عەبابەیلێ چی پێویستە ؟**

هاووڵاتییەک دەربارەی گوندی عەبابەیلێ نامەیەکی بۆ ناردبووین چەند پێویستییەکی ئەو دێیە دەخاتە پێش چاو ، ئەو هاووڵاتییە لە نامەکەیدا دەڵێت .. گوندی عەبابەیلێ نزیکەی (٢٠٠) ماڵە بەڵام تاوەکو ئێستاکە لە ڕووناکی کارەبا بێبەشە .. لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە قوتابخانەی سەرەتایی تیادایە ، بەڵام ئەوسا قوتابخانەکە لە ئێستای چاک تربوو ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانەیە جێگای قوتابێکانی تیادا نابێتەوەو قوتابیان لەگەڵ ئەوەی کورو کچ تێکەڵاون ، چوار چوار لەسەر مێزێک دانەنیشنو سەرەڕای ئەوەش دوو دەوامن .. لەبەر ئەوە بە بەرۆشەوە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەکەین کە قوتابخانەی کچانی تێدا بکاتەوە ، بۆ ئەوەی قوتابییە کچەکان دەست لە خوێندن هەڵنەگرن ، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە گوندەکە تەنیا مستەوسەفێکی بچوکی تیادایە کە تەنیا برین پێچێکو فەراشێک دەیبەن بەڕێوە ، تکا لە کاربەدەستان دەکەین کە چارەسەرێکی ئەم گیروگرفتانەی گوندەکەمان بکەن .. لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا .

عەبابەیلێ
عبدالله عثمان

● **(سەرگەڵو) جوانترین هاوینەهەوارە !!**

هاووڵاتییەک لەو نامەیەیدا کە بۆ ئەم گۆشەیەی ناردووە دەڵێت .. خەڵکی گوندی سەرگەڵوم کە سەر بە ناحیەی سورداشە لە قەزای دوکان ، دانیشتوانی گوندەکە دەوروبەری (٥٠٠) کەس دەبن ، لە بارەی جوانییەوە سروشت دەست بڵاوانە جوانی بەخشیوە بەم گوندە . ئاوێکی زۆرو سەوزیو شاخو داخو دارستانێکی زۆری تێدایە .. لەگەڵ ئەم بەهرە سروشتییەدا کە باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە کەچی گوندەکە لە دواکەوتنێکی ترسناکدا دەژی .. تاوەکو ئێستا کارەبای بۆ ڕانەکێشراوە ، جادەشی نییە .. کاربەدەستان ئەگەر ئاوڕێکی دلسۆزانەی لێبدەنەوە ، « سەرگەڵو » دەبێتە هاوینەهەوارێکی ئەوتۆ لە وڵاتدا ناوبانگ پەیدا بکات .. چاوەڕێی هیمەتی هەموولایەکین ..

سەرگەڵو
محمود حاجی احمد

● **چەند سەرنجێکی دلسۆزانە :**

سڵاو .. منیش بە نۆرەی خۆم ئەم پێشنیارو تێبینیانەتان دەخەمە پێش چاو ، هیوادارم پەسند کرێتو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە .

گەڕەکی سێتاقانی کۆنو خەباتی ئێستا لە ژیانێکی زۆر نارەحەتدا دەژین لەبەر ئەم هۆیانە ..

- لەبارەی ئاوەوە تاوەکو ئێستا زۆربەی کۆڵانەکانی سێتاقات بۆری سەرەکی بۆ ڕانەکێشراوە ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاو لە شوێنە دوورەکانەوە بهێنن بۆ کۆڵانە بێ ئاوەکان .. تاوەکو ئێستا چەندین داواکاریمان ناردووە بۆ شارەوانی بەڵام گشتیی بێ وەڵامبووە .

- شاری هەولێر مەڵبەندی ئۆتۆنۆمییە ، بۆیە پێویستە هەموو شوێنێکی نموونەیی بێت ، بەڵام ئێمە زستانان ئەبێ بەناو قوڕو ئاوا هاتوچۆ بکەین .

- گڵۆپی کۆڵانەکان لە گەڕەکەکانماندا بە گشتیی کوژاونەتەوە ، بە تایبەتی گڵۆپەکانی سەر شەقامی کوردستان .

- بەرزەوەندی هاتووچۆکردن تاوەکو ئێستاش باسی بۆ گەڕەکەکەمان تەرخان کردووە ، بەڵام پاسەکان یا نایەن یا هەرسێکیان بە دوای یەکتردا دێن ، ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابێکان لە قوتابخانەکانیان دوابکەونو هەروەها پاسەکان ناچن بۆ نزیکی قوتابخانەی « هەژار » کە ئەویش هەر سەربە گەڕەکی خەباتە .

هیوامان وایە بە دڵێکی فراوان کاربەدەستان بڕواننە ئەم سەرنجانەمانو بە دوورنێکی دلسۆزانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن ، ڕێزو سوپاسمان بۆ هەموو لایەک .

هەولێر
تەحسین مامەسەنی

Institut Kurde de Paris

ئاهەنگی رۆژی شانۆی جیهانی لە هەولێر

« هونەرمەندو سیاســی پێکەوە ژیانێکی پێشکەوتوو دروست ئەکەن » لەژێر ئــەم دروشمەدا تیپە هونەرییەکانی هەولێر لە رۆژی ١٠ـ٤ـ٩٧٨ ئاهەنگیان بۆ رۆژی جیهانیی شانۆی گێڕا • ئەم ئاهەنگە بەچاودێری ماموستا عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشــتی رۆشنبیریو لاوان کــرا • هەروەها بە ئامادەبوونــی بەڕێز بهاء الدین احمــد پارێزگاری هەولێر •

ئاهەنگە کە پێشەکی بــە ووتاری ئەمینداری گشــتی رۆشنبیریو لاوان ماموســتا عبدالغفار الصائغ دەســتی پێ‌کردو تیایدا ووتی :

ئێمە پێویستە هونەرێــك پێشکەش بکەین کــەوا رەنگدانەوەی داواکارییەکانی تیادا هەبێتو جولانــەوەی هونەری ئەمرۆی کــورد پشتگیری لێ ئەکرێت • بەلام ئەم پشتگیرییە تەواو نابێت ئەگەر هونەرمەندەکان لــە بواری حەزو توانای خۆیاندا وەلام‌و بەشدارییان نەبێت •

ئێمە داوا لە هونەرمەند ئەکەین کە لە هونەرەکەیــدا دلسۆزبێ‌و لە بەرەنگاری‌کردنی ئیمپریالیتیشدا کارامەبێ •

لە کۆتایی ووتارەکەیــدا سلاوی لە هەمــــوو هونەرمەندانی عیراق‌کرد بە گشتی لە هونەرمەندانی کــورد بە تایبەتی وە بە نــاوی هونەرمەندانی کــــوردەوە سوپاسی سەرکردایەتــــی سیاسی‌کرد •

ئینجا « سلطان عبداللە » نەقیبی هونەرمەندانی عیراق ـ لقی هەلێر ووتاری خــۆی خوێندەوە •

لەم ئاهەنگەدا چەنــــد تیپێکی شانۆگەری لە هەولێر بە چەند بەردەیەك بەشدارییان‌کرد لەوانە :

١ ـ تیپی هونەری هەولێر کۆیی‌بوون •

بە شانۆگەری « ئەخۆشــی دان » لە دەرهێنانی : فــلاح خداد بوو ئەکتەرەکانی نضال محمدو سلام کۆیی‌و صــبحی

٢ ـ تیپی کۆمەلی هونەرو وێژەی کورد ـ لقی هەولێــر بە شانۆگەری « پیشانــگا » بەشداری‌کرد ، ئــــەم شانۆگەرییە لە نووســینی « مهدی نومید »و دەرهێنانی « طلعت سامان » بوو ، ئــەم ئەم تیپە دوو پــــەردەی پێشکەش‌کرد لە کۆمەلــــی هەشت پەردە •

ئەم شانۆگەرییە دەربارەی ئەرێتێکی کۆنی کــوردەواری ئەدواو کۆمەلێکی باش لــــە هونەرمەندان بەشداریــــان‌کردبوو وەئەم هونەرمەندانــە خوشکێکی هونەرمەندی ئــازا توانایەکی باشی نواند کــــە ناوی « ئازاد جلال » بوو •

٣ ـ دوا شانۆگەری « تیپی شانۆی لادێ » بە شانۆگەری « ژانی گەڕانەوە » بەشدارییان کرد کە لە نووسینی «ئەحمەد عبداللە داود »و دەرهێنانــی « سعدون یونس »بوو • ئەمەش دەربارەی گەڕانەوەی لادێیی بۆ لادێ ئەدوا •

لە کۆتایی‌دا کۆمەلێ دیاری بەسەر تیپەکان‌دا بۆ رێزلێنان لە لایەن ئەمینداری کشــتی رۆشنبیری‌و لاوان دابەش‌کراو نەقابەی هونەرمەندانیش ئــەو خوشکە هونەرمەندانەی کــە بەشدارییان‌کردبوو بـــۆ هاندانیان یاداشتی دانــێ • لەوانە نضال محمد لە تیپــی هونەری هەولێر ، ئازاد جلال‌و سۆلاف عبداللە لە تیپــــی کۆمەلی هونەرو وێژەی کوردو قانعە رشیدو سهام محمد لــە تیپی شانۆی لادێ •

ئەم ئاهەنگە بە بروســکەی نەقابەی هونەرمەندان بـــۆ سەرۆکی فەرماندەو ماموســتا صدام حسین کۆتایی پــێ هات •

پ• هاوکاری لە هەولێر
« بەشارەت فاتح »

مەلبەندی چاودێریی منالان لە سلێمانی

ئاخو جاران مرۆڤێکی بێ‌نەوا ، کە لە قوژبنــــی شەقامێکا پاش چەندەهــاوەنەوروزو سك هەلگوشین لەبەر سەرماو سۆلەی زستاناخەوی بە کام پێ‌خەفی گەرم‌و نەرمی خوا پێ داوێکی بــێ‌ئاگاوە دەبینی ••!! یان کام شێوی رازاوەی بۆ ملیۆنەهاجار دەکردە لای لایــەی شەوانی تفتی‌و خۆی پێ فریودەدا ••!! سبەینیانیش کە زنگی هەتاو بە ئاگــــایدەهێنایەوە ئاخو ئاواتی بۆ کام پرۆژەی بێ ناوو دەنـــگ‌ورەنگ ئەخواست !! ئەوانەو گەلێك پرسیاری تریش لـــەسەردانێکی هاوکاریدا بـــۆ مەلبەندی چاودێری منــالان‌لە پارێزگای سلێمانی روون دەکرێتەوە •

لەم رووەوە ماموستا نجاح عیسی جعفر بەرێوەبــەری مەلبەندی ناوبراو دەلێت :

سەرەتای دروست بوونــی مەلبەندەکەمان دەگەرێتــەوە بۆ سالانی پەنجاکان کە ئــەو سەردەمە بە زۆری لە لایـــەن هەندێك لە دەولەمەندەکانــی پارێزگای سلێمانیــــەوە کۆمەکیان کردوە ، بەو پێیە بناغەی دروست بوونـــی دەگەرێتەوە بۆ خێرو چاکەی خزیان ، ئەمەش هـــەروا مایەوە تا وەکو شۆرشــی «١٧»ی تەموزی پیرۆز کــــە وەزارەتی کاروبـــاری کۆمەلایەتی دەستی بە ســر هەموو ئەو چەشـــنە دەزگایانەدا کێشا ، ئێســتا دەزگاکەمان بە پێی یاسای چاودێری منالان ژمارە ٥١ی سالی ١٩٦٤ دەجولێتەوە •

بە پێی ئەو یاسایــــەی سەرەوە مەبەست لـــــە دەزگاکەمان وەرگرتنی ئــەو منالە بێ‌دایك‌و باوکانەیە بـۆ ئەوەی لە شەقام‌و کولانەکانا پەرەوازە ئەبن‌و بتوانیـــن هەر لە سەرەتاوە لە ســـر هەندێ ئیش‌و کاری ئاســان رایان بهێنن تا وەکو لـــە باشە رۆژدا بتوانـــن وەك هەموو مرۆڤێکی لێ‌هاتـــوو کاریکەن‌و بەرهەم وەدەســت بهێنن بۆ ئەوەی هــــەر یەکێکیان ببێتە مرۆڤێکی بـە کەلك بۆ کۆمەل‌و میللەت نەك

ببێتە بارو ئەرك بــــە سەر شانیانەوە • لە روانگەی ئـــەو مەبەستە زانستیــەوە دوو لایەنی بایەخ پــێ‌دراوی گرنگ لە ژیانی ئادەمیــزادا دەرەخسێنێ کە ئەوانیــش بریتین لە لایەنی مــادی وەك جل‌و بەرگ‌و خواردن‌و نوستن لەگەل لایەنی مەعنــەوی وەك سۆزو بەزەیی‌و خۆشەویستی•

ئەوەی شایانی باســـە دەزگاکەمان سازکردنی رێکاو شوێنی بۆ «٧٥» منالی لـــە تواناداییە • بەلام ئێســـتا تەنها «٤٠» منالی لێ‌قەوماوی وەرگرتوە ، زۆربـــەی زۆریشیان منالانی دێهاتەکانی دەوروبەشتی پارێزگـــای سلێمانین • بۆیە بە هەلــی دەزانم کە بانگ لە هەمـــوو خێزانێکی لێ‌قەوماو بکەیـن‌و پێیان رابگەیەنین کە هەمیشە دەروازەی دەزگاکەمان لـــە روویاند کراوەیە ، بە تایبەتی دارایی ئەمسالمان لە چـــاو سالی پاردا گەلێك باشترە • بۆ نموونە سالی پار تەنهـــا «٨» هەزار دینار بۆ هەمـــوو پێویستیەکی دەزگاکەمـــان تەرخان کرابوو ، بـــەلام ئەمسال تەنها بۆ خواردن ١٠ هەزار دینارو بۆ جلو بەرگ «٦» هەزار دینار تەرخـــان کراوە •

سەرباری ئەوانەی باسمان کردن دەزگاکەمان لە چەنـــد لایەنێکی ترەوە خزمەتـــی هەرکردوەو دەکـــات وەك : لایەنی رۆشنبیری بـــۆ سازکردنی کۆڕی ئـــەدەب‌و شیعرو ووتار لە لایەن لیژنەی رۆشنبیری مەلبەندەکەمانەوە • هەروەها ئامادەکردنی گۆڤارو رۆژنامەو نامیلکەو کتێـــب بۆ کتێبخانەکەمان تا وەکـــو ئەو منالانە لە کــــاتی حەسانەوەدا زاخـــاوی مێشکیان پێ‌بدەنەوەو کەلکی لێ وەربگرن •••، لـــەم رووەشەوە لەگەل مەلبەنـــدی لاوان‌و بەرێوەبەرێتـــی رۆشنبیری جەماوەر لـــــە پارێزگای ســـلێمانی نەخشەیەکمان کێشاوە بـــۆ ئەو منالانە لەسەر هەنـــدێ

کاری هونەری رابهێنین وەك هونەری تەشکیلی‌و شانۆگەری‌و مۆسیقا ، سەرکەوتنیشمان لەم رووەوە لە سالی رابــوردودا گەیشتە ٩٠٪ •

جگە لەوە دەزگاکەمـــان دیسانەوە بایەخی بە لایەنــی کۆمەلایەتیش داوە ، ئەویش لە رێگای سازکردنی کـــۆڕی ووریاکردنەوەوە بۆ منـــالان سەبارەت بە چارەسەرکردنــی گیروگرفتەکانیان ، بێگومـــان دەربارەی لایەنی تەندروستیش لە دەزگاکەماندا خەستەخانێکی رێکو پێك هەیە کە لە لایـــەن دوکتۆرێك‌و برین پێچێکی بە تواناوە بەرێوە دەبرێت ، بەم پێیە ئەو منالە لەیەکەم رۆژی وەرگرتنیەوە بە گوێـــرەی ئیستمارەیەکی تایبەتی هەموو زانیاریەکی تیا تۆمار دەکرێت‌و چاودێریەکی وردی دەکرێت•

هەروەها دەربـــارەی خزمەتگوزاری حەســـانەوەش وەنەبێت فەراموش کرابێـــت بەلکو رادیۆو تەلەفزیۆن باری وەرزش‌و سازکردنی ئاهەنگ لە جەژنە نیشتمانیەکانـــدا بەرنامەی دیاری کـــراوی دەزگاکەمانن • ئەوەی شایانی باسە ئێستاش بە تەمـــابن وەرشەیەکی راهێنان لە نـــاو دەزگاکەماندا بکەینەوە کـــە بریتییە لە ئیش‌و کـــاری ئاسنگەریی‌و دارتاشــــی‌و سیرامیك‌و چنین ئەمەش لـــە پێناوی مسۆگەر کردنـــی باشەرۆژێکی رووناکدا بـــۆ ئەو منالانەی ئێستا وەرمـــان گرتون •

فریا عبداللە
پ• هاوکاری لە سلێمانی

ئامادەکرنا کادرا بۆ فێرکرنێ

نەزانین پەژێکەکا ب ترسەهەر میللەتێ خـــو ژێ رزگارنەکەت ژ پاش‌کەفتــن‌و نەســاخییێت چڤـــاکی‌و تەندروستی‌و ژینا ئەحـــل قورتال‌نابیت • لـــەوا چ وارو جهێت ئیمپـــریالزمێ‌رووی‌تێکری نەزانین بالـــێ بەلاڤکری ، هنگی شـــایەوەنەکریە خوێندن لناڤــدا پەیدابیت هەر بەرێ خەلکێ پێ‌دایە تارێ •

لڤـــان سالێت دویماهیکێ پێلەکا جهانی دەست‌پێ‌کرد بو فەبراندنا نــــەزانینێ دا ژ شوینەوارێت کەڤنەپەرستیێ رزگاربن • هەلبەت عیراق‌ژی ژ ڤی کارێ گرانەبها یێ بێ‌باهر نەبوو • ب چالاکی هاتەپێش بو جێ‌بەجێ‌کرنا ڤی ئـــەرکێ گران‌بها • هێزەکا مروڤـــاو دەرافی بو ترخـــان کر ، رێڤەبەرێت تایبەتی بو پێـــك هینانە دەورێت تایبــــەتی فەکرنە بـــو وان کەسێت رێبەری‌و سەرۆکاتیا فێرکرنا ئیلزامی دێ‌کەن • نوکـــــە دەرچوێت ڤان دەورا ل هەمی عیراقێ دەورێت فـــەکرین ، وانان دبێژن تاکـــو کادرێت

پیشەیی ئامادەکەن بـــۆ روژا دەست‌نیشانەکری ، ئــــو فەرمانێ سەرستۆیێ وان وەك پێدڤی پێ‌رابن • رێڤەبـــەرێ دەورێ ل دهوکێ برادەر (تمر مصطفی) گوت :

(تاکو نهو مە سێ دەورێت فەکرین بو ئامادەکرنا کادرێت پیشەیی) لڤرە یافەرە ئـــەم بزانین تبنێ کادر بەس‌نینە بو سەرکەڤتنا فێرکرنا ئیلزامی ، یا ژ هەمیا گرنگتر ئەوە دڤێت خەلکێ نـــەزان هوشیارکەن قازانجا فێرکردنێ بو دیارکەن دا بدل‌خوشی بهێنە خوێندنێ نە ب زۆرداری‌و ســـــخرە تێبکەهن • برادەر تمر گوت : « مە هەست بڤێ یاکری لەوا مـــە لیژنێت پروپاگەندێ پێت پێك‌هینایێن تاکو بچنە گوندا بو خەلکێ قازانجـــا فێرکردنێ دیارکـــەن » پاش گوت :

« لدویف هزرا من چاکتر رێك بو سەرکەڤتنا فێرکرنێ ئـــەوە ل هەمی گوندێت خوێندنگەهـ لێ‌نە خیچ‌کێشانەکا تایبەتی بو دانین » • ئەڤا ماموســـتایی گوتی راستە بەلێ دسەرڤێ‌را هەکە ئەڤ خالێت خــــارێ نەهێنە جێ‌بەجێ‌کرن فێرکرنا ئیلزامی سەرناکەڤیت :

أ ـ پروپاگەندێ پێترلێ‌کەن چمکی گەلەك یالاوازە •

ب ـ بلەز یاسایا فێرکرنــا ئیلزامی دەرکەن دا رێڤەبــەرو سەرۆکێت دەورا بزانن کـــا دێ‌چکەن •

ج ـ پروگرامێ فێرکرنـــێ دڤێت دگەل دەرونو تیتالێت خەلکێ بگونجیت •

د ـ هەرنهو جهێت مەلبەندا دەست‌نیشان‌کەن دا بزانـــن کیماتی چنە •

پ• هاوکاری لە دهۆك

صدیق علی ئامیدی

کتێبی هاوکاری

چی لەناوچەکەدا رویداو لەقۆناغی ئێستادا چی پێویستە؟

ـ ٣ ـ

لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی رابوردوودا ، سەرۆك احمد حسن البکر چـــەند نامەیەکی بۆ سەرۆکەکانی ئەو لایەنانە نارد کـــە لە کونفرانسی طرابلسدا بەشدار بون ، تیایاندا داوای کرد کە لە نێــــوان ١٥ـ٢٠ی کانونی دووەمدا کونفرانسێکی سەرۆکان لـــە بەغـــدا ببەسترێ وە لەگەل بانگ کردنەکەدا گەلالەیەکی پەیمانی ئـــەو بەرەیەی ناردبوو کە عیراق نـــاوی نابـــوو (بەرەی خۆ راگرتن‌و رزگارکردن[1]) ، دەست پێشکەریەکەی عیراق پشتی بەم ئیعتیبارانەی خوارەوە بەستبوو :

عیراق هەروەکو لە ئەلقەی دووەمی ـ ئـــەم سەروتارەدا هاتوە ئەرم‌و نیانی‌و تەکتیك لــە کاری سیاسی‌دا پشت گوێ ناخات ، بەلام سوورە لە ســـەر ئەوەی کە ئەبێ ئەمانە لە بواری ئامانجی ستراتیجی‌دا بەکار بهێنرێن • وەکوو زانراوە رژێمی ســـوریاو هەندێك لایەنی رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین بە خەتی سازان قایل بون‌و جگە لە سەردانەکەی سادات لە قودسی داگیرکراو لە هەموو ئەو سیاسەتانەدا کە بە دەوریدا دەسوورێن ، بەشدار بون ، ئێمە بە تەواوی لەو قەناعەتەداین کە رژێمی سوریاو ئـــەو لایەنانە ئەمەیان لە رووی (ئەرم‌و نیانی) و (تەکتیك)ەوە نەکردوە ، بەلکوو ئەمـــــە بـــۆ ئەوان سیاسەتێکی نەگۆڕراوەو بگرە ستراتیجیەتێکی تـــەواوی فیکری‌و سیاسی‌و عەسکەری‌و ئابوورییە کە لە تێکڕای دۆخ‌و سیاسەتی ناو خۆو عەرەبی‌و نێو دەولەتانیاندا رەنگ ئەداتەوە ، بـــەلام تواناکانی تێکەلو پێکەل کردن‌و رووکەش کردنی سیاسەتەکان تـــا ئێســـتاش بە شێوەیەکی فراوان لە نیشتمانی عەرەبدا هەرماوە •

رژێمی سوریاو هەندێك لایـــەنی رێکخراوی رزگاری خواز زۆر وەخت لەتواناياندا هەبو کــــە هەلوێستە ستراتیجیەکەیان بخەنە چوار چێوەی تەم‌و مژی رووکەش کردنەوە بە جۆرێك کەوا لـــە هەندێ لایەنی بگەیەنن کە ئەوان لە پەیرەو کردنی ئـــەم سیاسەتەدا تەنیا (ئەرم‌و نیانی) و (تەکتیك) ێك بەکار ئەهێنن کە زروف‌و پالە پەســـتۆو پارسەنگی دۆخی عەرەبی‌و نێو دەولەتان فەرزی ئەکەن سەرەڕای ئەوەی گوایە لەم قۆناغەدا لە توانـــادا نی‌یە خەباتێکی چەکدارانەی ئەوتۆ دژی دوژمن بکرێ کە ببێتە مایەی رزگار کردنی تەواوەتی •

ئێمە نکولی لەوە ناکەین کە هەندێ کۆڕو کۆمەلەی عەرەبی کە هەندێکیان نیشـــتمان بەرەوەزو پێشکەوتن خوازن بە رادەیەك یان بە هی‌تر ئەم هەولانەی رژێمی سوریاو هەولەکانی هەنـــــدێ لـــە سەرکرداکانی رێکخراوەکەش لە گەلیدا کاری تێ ئەکردن ، بۆیـــە دەیانگوت پێویستە بە چاوی تێ‌گەیشتنەوە ســـەیری هەلوێستی ئەم رژێمەو ئەو سەرکردانە بکرێ‌و بـــە شێوەیەك یان بە هی تر لە پێناوی پتـــەو کردنی هەلوێستەکەیان لەو رێگایەوە کە زروفی باشتریان بۆ دابین بکرێ یارمەتی‌یان بدرێ • بەم شێوەیەش هەندێ سەرکردایەتی نیشتمان بەروەری عەرەب جا ئەوانەی کە لە سەر حوکمن یاخود ئەوانەی کە لە ناو کـــۆڕو کۆمەلەی گەل‌دان قسەیان لە گەل ئەکردین •

لەبەر ئەمە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش ئـــەو گەلالەیەکی ئیشارەتی بۆ کرا لە سەر بنچینەی ئەو بۆ چونە دیالیکتیکی‌یەی بنیات‌نا کە رژێمی سوریاو هەندێ لە سەرکرداکانی رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین کە سیاسەتی سازان پەیرەو ئەکەن هەر لەبەر ئەوەیە کە (ئەرم‌و نیانی) و (تەکتیك) بەکار ئەهێنن ، وە ئەوان دژی ستراتیجیەتێکی کامـــل نین ئەگەر بێتو زروفێکی نوێی سیاسی‌و عەسکەری‌و ئابوری یان بۆ دابین بکرێ کە غەیری ئەوانەبێ کە پێش سەردانەکەی سادات لە خاکی داگیرکراو لە ئارادا بوو • هەرچەندە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش لـــە بنچینەدا قەناعەتی بەم بۆچونە نەبوو ، بەلام هەروەك وتمان ، ئەو دەست پێشکەری‌یەی لە سەر بنچینەی ئەم بۆ چوونە بنیات‌نا بۆ ئەوەی رێگا لە هەموو بەلپ‌و بیانوویەك بگرێ کە لەوانەیە ئەم دوولایەنە کە توانایەکی زۆری مانــۆڕو پێچە بە دەورەیان هەیە پەنای بەرن ، هەروەها بـــۆ ئەوەش بوو کە دەرفەتێکی تەواو بدەینە ئەو لایەنە نیشتمان بەروەرانەی عەرەب کە لە هەلوێستەکانیانا راڕاو دوو دل بون بۆ ئەوەی لـــــە زروفی ئێستادا باشترین ئەنجامێك کە لە توانادا هــــەیە وەدەست بهێنن •

(١) ئەو ناوەی کە بۆ ئەو بەرەیەی لـــە طرابلس دامەزرا دانرابوو (خۆ راگرتن‌و بەرەنگار بون)ە ، جیاوازی نێوان ئـــــەم دوو ناوەش شتێکی رواڵەتی نی‌یە •

چیروکەکا حاجی جندی

ئامادەکرنا : خەلیلی جندی

براستی لهێرەدا ژیـــانو سەرهاتێد حاجیێ جنـــدی نەهاتینـــە بەحس کرنێ‌یە ، بەلکو بەرهەمێد وی وێ دەست نیشان‌کرین ، کو ئـــەو ژی‌سەرهاتیەکە . ئەڤ سەرهاتیا حاجیێ جندی دەست‌نیشـــان‌کری سەرهاتیەکە ب راستی‌یەو وا بوویی ، حاجیێ جندی واشیای ببابەتەکێ هۆنـــەری ب رازێنتو سەرنجا خوندەڤانێ‌راکێشت ، تێـــدا ژیرەکی‌و خۆبەختکرنا ـ نەك هەر زەلاما بەلکی یا ژنا ژی ـ بەرانبەری مللەتو نیشتمانێ خــــۆدیاردکەت .

پالـــەوانێ چیـــرۆکێ (فێریك)ە ، کۆ برایێ (نۆرا) عەیالا (وەزیرێ نادری)یە . برایێ (نورێ) د شۆرشـــا ئۆکتۆبەرێدا بەشـــدار دبتو چەند سالا چوو سالۆغێد وی خۆیا نابن ، پشتی سێ سالا نامەیەك ژ هەڤالەکی تێت کـــۆ تێدا بەحـــــا کوشتنا وی دکەت . نامە ژی دگەهتـــە چەند دەستەکا . ئێـــك ژێ (بابایـــــان) ئەوێ دی (پرۆفیسۆر ئێریمیان) بوو . نوریو حاجیێ جندی دچنـــە دەڤ بابایان بزانن چـــی دنامەیێ‌دا هەبو . تالیێ بابایان خەبەرا کوشتنا برایێ نـــورێ ددەستێ دکەت . ڕاستە جارا ئەول نیشـــانێد نەخۆشیێ ل سەرو چاڤێد نورێ خـــۆیا بوونو گری . بەلێ تالیـــێ دبێژت : نەکـــۆ (فێریك) برایێ من بتنێ بوو ، بەلکـــۆ برێ وە هەموا بوو . کەوابـــو فێریك نەمری‌یە !

دیسان ئەڤ ووتارە مە ژ کتێبا (لیتێراتورا وەتەنیێ) دانانا ـ میرۆیێ ئەمـــــەو قاچاخێ مراد ـ لاپەرا ١١٨ـ ١٢٥ واهاتیـــە وەرگێران . چیرۆك ژی بناڤێ (فێریك)ە .

ـ فێریك ـ

سبەکە مەها گولانێ خوەش بوو . ئەز ژ بازارا ئێریڤانێ تازە ڤەدگەریام . من نێزیکی مالا کر . کیجێدا ئالیێ ملێ چەپێ من پرۆفێسۆر ئێریمیان دیت . مینا هەر جار من سلاڤا وی ڤەگرتو پێشدا چووم . لێ هەما وێ لەیزێ من دەنگێ وی بهیســـتو پشت خۆڤە نهێری . ئەو بـــــەر ب من دهات . « هەڤالێ کامل ـ ئـــەوی ب بەشەرەکە خوەش گۆتە من ـ کەرەما خوە دەقەکێ ســـــەبر بکە ، من کو تو دیتی گلیك کەتە بیرا من » .

من زەمبیلا گران دانا .

ـ بباخشینە... ، ئەوی دیسا گۆت ، ـ وەکی من تو دایی ئەگلەکرنێ ، لێ تشـــــتەکی دانا .. ئەرێ ، برانێ بێلـــێ هەڤالەکی جابدار نەمــــەك ژ مۆسکڤایێ ژ کۆمۆنیـــــتەکێ کەڤن ستەندبی . خوەیێ نەمێ پرسەکە وا کربوو : گەلـــۆ ئەولا دیگورێ جەم وە هەیە ؟ کورمانجەکی بنـــــەلیێ وە گەلەکی ئەیانە . فەمیلا وی لیتکینە ، هەڤالێ برا ، کـــو نەمە ستەندبو ، تو سەرەدەرێ ژێ دەرنەخستبو . ڕۆژەکێ گازی من کر ، برە نڤیسخانا خوە : « فلانە کەس ـ ئەوی گۆت ، ـ حالو مەسەل ئەڤە . تو چـــــاوا مەریکی دنەزان ، ئاقلێ تە ژ ڤێ یەکێ چ دبرە ؟ » من جابا وی دا ، گۆتێ : ـ ڕاستە جەم مە ئەول تونەنە ، لێ گوند هەنە . لێ هەمــــــا تیکۆڕ ـ دیگۆڕ هەیە . ئـــەو گوند بەری سالا ١٩١٧ چاوا کو رایۆنەکە قەرسێ دکەتـــە ناڤا وەلاتێ مە . گونـــــدەکی کەڤنە ، دێرا وی ژی گەلەکـــی کەڤنە ، گوندێ ئەرمینیا بو ، وەکی مایین نزانم کـــورمانج وێدەرێ هەبونە ، یانێ نا .

نها تو چ دکاری بێژی ؟ ئەوی ب فۆرما پرسا منڕا گۆتو ل چاڤێ من نهێری . من تەگمیل نەدکر ، کو ئەوێ پرسێ بدە من . ئەز ب فکرا خوەڤـــــە چوبومە دیگۆڕا ئێزدیا . یانێ ژی ، چاوا هنەکا دگۆت ، ـ دیگۆڕا ئەمەریکێ ، یاکـــو ل ڕەخ دیگۆڕا ئەرمینیا بو .

پرۆفێسۆر هیڤیا جابا من بو ، دەســـتێ خوە دا گرکا ملێ منێ راستێ ، دیســـــا گلیێ خوە پێشدابر ... ها چ قەومی ، بێژە کا ؟

ـ بباخشینە ، تشـــتەکی نکارم بێژم ، هـــەر گلی زەلالە .. جارەکە دنێ ..

من خاترێ خوە ، نزانم چاوا ژێ خوەست ، لنگێ خوە هلداو مینا چڤیکەکێ‌فڕیم . لەز ـ لەز پێپەلیکاڕا هلکشیام قاتـــێ ژۆرێ . کەتم هونـــدوڕ ، زەمبیل دانی بەر شێمیکێو وێ گەوڕکێ بەیا بوم ژێرێ . من دێنا خوە داێ ئێرێمیان هـــێ جیێ خوە دانە . مەرف دگۆت حەیرا مندانە . کی زانە ، دبە تەگمین دکە ، وەکی ئەز دێن بومە ، یانێ سەرخوەشم ، لێ من دنهێری . ئێـــ چ دفکرە ، برا ژ خوەڕا بفکرە . ســـن گۆت ئالیێ گوچێ چەپێـــــــڕا ڕەڤە ـ ڕەڤ چوم . بەلێ ئەز خوە ـ خوە خوەڕا دبێژم :

